دادگای فیدراڵی لەبارەی دیاریکردنی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمان وەڵامی سەرکۆماری دایەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5898) دووشەممە 23ی کانوونی یەکەمی 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

دوێنێ یەکشەممە گوتەبێژی دادگای فیدراڵ، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە کە دادگای فیدراڵ دانیشتنێکی ئەنجامداوە و لەمیانیدا وردبینی کردووە بۆ ئەو داوایەی کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو سەرکۆمار، بەرهەم ئەحمەد سالح سەبارەت بە دیاریکردنی گەورەترین فراکسیۆن لە ئەنجوومەنی نوێنەران، پێشکەشی کردبوو. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سبەی پەرلەمانی کوردستان بڕیار لە دربژکردنەوەی (خولی پاییزە) دەدات

دوێنێ دووشەممە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە بانگهێشتنامەیەکدا داوای لە گشت ئەندامانی پەرلەمان کرد بۆ ئامادەبوون لەدانیشتنی ژمارە (12)ی ئاسایی، سالی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان، لەکاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی سبەی سێ شەممە ڕێکەوتی 2019/12/24. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات

ڕۆشنایی خرایە سەر بابەتی گۆڕینی یاساکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق

دوێنێ یەکشەممە 2019/12/22 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە محەممەد حەلبووسی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا کە د. فواد حوسێن وەزیری دارایی حکوومەتی عێراق ئامادەی بوو، بارودۆخی سیاسی و دواییێن پێشهات و گۆڕانکارییەکان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق تاوتوێ کرا. هەروەها بیروڕا لەبارەی ڕێگەی چارەسەری بۆ قەیرانی ئێستای عێراق و پێکهێنانی حکوومەتی نوێ ئاڵوگۆڕ کرا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا ڕۆژنایی خرایە سەر بابەتی گۆڕینی یاساکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە تایبەت یاسای تازەی هەڵبژاردن و هەردوولا جەختیان لەوە کردەوە کە هەر گۆڕانکارییەک پێویستە لە ئاراستەی خزمەتکردنی بەرژەوەندیی هاوواڵتیان و وڵات بێت. بارودۆخی سیاسیی لە ئاستی هەرێمایەتی و ناوچەیی تەوەرێکی تری ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

کچی هەڤاڵێکی بارزانیی نەمر، دوای 50 ساڵ لە ڕوسیاوە دەگەڕێتەوە کوردستان



(بارزانیی نەمر) و هەڤاڵانی بۆ ماوەی 12 ساڵ کە لە سۆڤیەتی جاران بوون زۆر بەسەرهات و ڕووداو و یادەوری تر ماوەن کە تاکو ئێستا نەدرکاون.

هەندێک لەو هەڤاڵە تێکۆشەرانە لە غوربەتیدا ژیانی هاوسەریان پێکهێنا، هەندێک لە ئەو ئافرەتانەی لە کاتی گەڕانەوەی هەڤاڵەکانی بارزانیی نەمر بۆ کوردستان لەگەڵ هاوسەرەکەیان بە منداڵەوە نەگەڕانەوە، یاخود خانەوادەکانیان نەیانهێشتووە لەگەڵ هاوسەرەکەیان بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

(فاتیما حەسەشار) کچی خوالێخۆشبوو (حوسێن ئەحمەد تاهر ئیشکۆزێ) ناسراوە بە (حەسەشار) یەکێکە لەو کەسانەیە لەگەڵ دوو خوشک و برا، دایکی لە ڕووسیا مابوونەوە. (حوسێن ئەحمەد تاهیر ئیشکۆزێ) ناسراوە بە (حەسەشار) باوکی (فاتیما) یەکێک لەو پێشمەرگە دڵسۆزانە بووە کە لەگەڵ برای پێشمەرگەی گیانفیدا (سلێمان حەدو شینۆ) بەشداریان لە شۆڕشی دووەمی بارزان و بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

(زیاتر لە ل8-9 بخوێنەوە)

بەغدا.. ڕەوشی شەقامی ڕەشید هێور بۆتەوە

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

یەکڕیزی لە بەغدا

سەلام عەبدوڵلا

بەڵگەنەویستە کە یەکڕیزیی مایەی هێزو دەستکەوتەو پەرتەوازەییش لاوازی و هەل لە دەستە، لەگەڵ ئەوەشداو لەگەڵ ڕوونی ئەم ڕاستییە سەلمێنراوەدا، هێزە کوردییەکان زۆرجار بەهۆی پەرتەوازەیی و فرە گوتاری و هەڵوێستەوە دەبنە مایەی لەکیسدانی زۆر مۆڵەت کە دەتوانرێ لە ڕێی یەکڕیزی و هاوهەڵوێستییەوە گەلێک ماف بەدەست بهێنرێت کە گەلەکەمان لێشاوێک لە خوێن و هەزاران شەهیدی لەپێناودا داوە کە زۆرجار مەسەلەکەمانی گەڕاندۆتەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم، بۆیە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە، بەتایبەتی لەم قۆناغە هەستیارەی کە بەغدای ئەمڕۆی پێدا تێدەپەڕێت، هەندێک ناکۆکی لاوەکی و بێ بایەخ ببێتە مایەی لێکترازان و فرە هەڵوێستی کە دیارە ئەنجامەکەی هەر زیان و لەدەستدانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد.

ڕاستە حزبە کوردییەکان، کە ئەمڕۆ نوێنەرانیان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق نوێنەرایەتی گەلەکەمان دەکەن، هەریەکەو خاوەن بیروڕاو ئایدۆلۆژیاو باکگراوندو میژووی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە لە بەغدا ئەمڕۆ نوێنەرایەتی سەرجەم گەلەکەیان دەکەن بۆ داکۆکی لە مافەکانمان لەو ئەنجوومەنەن، بۆیە دەبێ لەسەر مەسەلەکانی پەیوەست بە گەلەکەمان لە هەرێم و داواکانی یەکڕیزو هاوهەڵوێست بن.

بەڵێ، زۆر ئاساییە ئەم حزبانە لە هەرێم ململانێیی یەکتری بکەن و هەڵوێستی جیاوازیان هەبێت و ناکۆکیش بن، بەڵام کە دەچنە بەغدا دەبێ مەسەلە گەورەکە ببینن و خاڵی هاوبەش کە داکۆکییە لە دەستکەوتەکانی هەرێم بکەنە کاری سەرەکییان کە هەر هەموو حزبەکان بە پەیڕەو و پڕۆگرام لەسەری کۆکن و بنەمای دروستبوونی ئەو حزبانەش هەر لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە زەوتکراوەکانی گەلەکەماندا بووە جێی سەرسوڕمانە کە ئەوەی ئەمڕۆ لە بەغدا دەیبینین پێچەوانەی ڕای حزبەکانیانە لە هەرێم، کە داوای تەبایی و یەکڕیزی دەکەن لە بەغدا، بۆیە ئەمەش بۆتە مایەی نیگەرانی تێکڕای گەلەکەمان کە دەبینین هەندێک لە ئەندامانی ئەو حزبانە هەڵوێستی جیاواز لە حزبەکانیان وەردەگرن.

فەرموو ئەوەتا گرووپی (15) نەفەری لە بەغدا دروست بووەو کە ئەندامەکانی لە حزبی جیاواز پێکهاتووەو خۆی جیاکردۆتەوە کە بەمەش بەڕەی کوردی دوو کەرت و لاواز دەکاو ناتەبایی هێزە کوردییەکان نیشان دەدات.

لە ڕاستیدا ئەم گرووپە (15) نەفەرییە گەر بەبێ ئاگاداری حزبەکانیان ئەو کارەیان ئەنجام داوە دەبێ داوای ڕوونکردنەوەیان لێبکرێ، چونکە بۆ هاوواڵتی زۆر کارێکی ئاسایی نییە، ڕەنگە جێی بڕواش نەبێت، کە ئەو نوێنەرانە لە بەغدا ئاوا بە پێچەوانەی حزبەکانیانەوە کە لە هەرێم کۆدەبنەوەو جەخت لەسەر یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی دەکەنەوەو ئاواش ئەوان لە بەغدا بەو شێوەیە ڕەفتارو سەرپێچی بکەن.

خۆپیشاندەران کاندیدی پارتەکان بۆ سەرۆکوەزیران ڕەت دەکەنەوە



بەر لەوەی سەرکۆماری عێراق، کەسێک بۆ پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی نوێ ڕاسپێرێت چالاکوانان، قوتابیان و سەندیکا پیشەییەکان داوا دەکەن خۆپیشاندانی ملیۆنی ئەنجام بدرێت، لای خۆیانەوە خۆپیشاندەران جەخت دەکەنەوە کە کاندیدی پارتەکان بۆ سەرۆکوەزیران ڕەت دەکەنەوە لەسەرووییانەوە کاندیدی هاوپەیمانیەتی بینا، قوسەی سوهەیل. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

فایەق شێخ عەلی:

هیچ کەسێک بەبێ ڕەزامەندی کورد ناتوانێت ببێتە سەرۆک وەزیران

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بە گوشاری خۆپیشاندەران بۆ دەستنیشانکردنی کەسێک تا کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق پێکبهێنێ دەکات و دەڵێ هیچ کەسێک لە عێراقدا ناتوانێ بەبێ ڕەزامەندی کورد ببێتە سەرۆک وەزیرانێکی سەرکەوتوو. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ڕێژەی کورد لەناو سوپای عێراق بۆ کەمتر لە 1٪ دابەزیوە

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ئەمڕۆ.. هێڵی کارەبای خەبات - زەنگەنان دەکرێتەوە

لە ژێر چاودێریی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی وەزیری کارەبا، هێڵی کارەبای خەبات - زەنگەنان لە ئاکرێ دەکرێتەوە، گوتەبێژی وەزارەتی کارەباش دەڵێت، پارێزگای دهۆک دەتوانێت تەواوی بەشەکارەبای خۆی بە دەست بگات و، ئەم پرۆژەیەش ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە پێشخستنی ژێرخانی گواستنەوەی کارەبا لە نێوان پارێزگاکانی کوردستاندا. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



دۆنالد ترامپ سەرۆکی ئەمەریکا بەر لەوەی بۆ بەسەربردنی پشووی سەری ساڵ بەرەو فلۆریدا بەڕێ بکەوێت، لە مەراسیمێکی تایبەتدا واژۆی لەسەر پرۆژەیاسای بوودجەی سەربازی ئەمەریکا بۆ ساڵی 2020 کرد

سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان:

پێداچوونەوە بە مووچەی پێشمەرگە دەکرێت

سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، هێزێکی نیشتیمانیی پێشمەرگە دروست دەکرێت و چاکسازی لە مووچەی فەرماندەکانی پێشمەرگەدا دەکرێت. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



نێچیرڤان بارزانی و حەلبووسی دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

هەردوولا هاوڕابوون لەسەر کاری هاوبەش و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئەرێنی بۆ کێشەکان

پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە 2019/12/22 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز محەمەد حەلبووسی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە کەشێکی برایانەی ڕاشکاوانەدا بەڕێوەچوو و بەڕێز فوئاد حسێن جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی عێراق ئامادەی بوو، هەردوولا دوایین پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و ناوچەکە و پرسی دامەزراندنی کابینەی داهاتووی حکوومەتی عێراق و ئەو پڕۆژەیاسایانەیان تاوتوێ کرد کە لە ئێستا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقن.

هەردوولا هاوڕابوون لەسەر گرنگی هاوبەش و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئەرێنی بۆ کێشەکان بە شێوەیەک کە وەڵامدەرەوەی خواستە ڕەواکان بێت و لە خزمەتی تەواوی وڵات و گەل و پێکهاتەکانی عێراقدا بێت. هەروەها هەردوولا کۆک بوون لەسەر پشتیگریی هاوبەشەکانیان لە پرۆسەی سیاسی بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق بە شێوەیەک لەگەڵ خواست و داوای گەلی عێراقدا بێتەوە.



سبەی پەرلەمانی کوردستان بڕیار لە دریژکردنەوەی (خولی پاییزە) دەدات

دوێنێ یەک شەممە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە بانگهێشتنامەیەکدا داوای لە گشت ئەندامانی پەرلەمان کرد بۆ ئامادەبوون لەدانیشتنی ژمارە (12)ی ئاسایی، سالّی یەکەم لە خولی هەلّبژاردنی پێنجەمی پەرلەمان، لەکاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی سبەی سێشەممە ڕێکەوتی 2019/12/24. هەروەها بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 12ی ئاساییی سبەی سێشەممە، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم: خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازەبڕیاری (ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان) بەپێی حوکمی ماددەکانی (87، 88، 89) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: دریژکردنەوەی خولی پاییزەی سالّی یەکەم لەخولی پێنجەمی هەلّبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەپێی حوکمی برگەی چوارەم لە مادەی 7ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: دانان و دەستلەکارکێشانەوەی ئەم ئەندامە بەڕێزانە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی حوکمی مادەکانی "28، 34 " لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

1. دەستلەکارکێشانەوەی بەڕێز عوسمان عەلی سمایل لە لیژنەی "ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان" و زیادکردنی بۆسەر لیژنەی "شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی".

2. دەستلەکارکێشانەوەی بەڕێز د.هەورامان حەمەشریف لەلیژنەی "شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی" و زیادکردنی بۆسەر لیژنەی "ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان".

چوارەم: خستنەڕووی بیرۆکەی بەڕێز مەم بورهان قانع پەیوەست بە "سیاسەتی بەگەڕخستنی داهاتەکان" بەپێی حوکمی خاڵی 2ی برگەی یەکەم لەمادەی 49ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دانوستانەکان بەهۆی خراپیی دۆخی بەغداوە وەستاون

دیاری حوسێن: داعش بە ئازادی لە سنووری کەرکووک هاتوچۆ دەکەن



دیاری حوسێن دەڵێ، بەهۆی دۆخی بەغدا و حکوومەتی کاربەڕێکەر نەیانتوانی دانوستان لەبارەی ئاساییکردنەوەی کەرکووک بەردەوام بکەن و چاوەڕێی حکوومەتی نوێ دەکەن و داعشیش بە جۆرێک زیادی کردووە، کە لە خانەقین تا دەگاتە کەرکووک بە ئازادی هاتوچۆ دەکەن. جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی کەرکووک/ گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان، دیاری حوسێن، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: دۆخی کەرکووک زۆر خراپە و دانوستانەکانیش بەهۆی خراپیی دۆخی بەغداوە وەستاون، چونکە تا دۆخی عێراق ئاسایی نەبێتەوە زەحمەتە بتوانن گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکەن، چونکە حکوومەتی ئێستا کاربەڕێکەرە و ناتوانێت بڕیار بدات و ئەگەر بڕیاریش بدات ڕەنگە سبەی یەکێکی دیکە بێتە سەر حوکم جێبەجێی نەکات، بۆیە ئەمەش یەکێکە لە کێشەکان.

دیاری حوسێن گوتیشی: لە ناوچەکانی خانەقین و کەرکووک و داقووق داعش زۆر زیادی کردووە و داعش بەئازادی دەگەڕێن و هێزێکی واش نییە ڕێگریان لێ بکات و هێزی پێشمەرگەشی لێ نییە و ئەگەر پێشمەرگە بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە ئارام دەبێت و خەڵکی ئەو ناوچانە داوای گەڕانەوەی پێشمەرگە دەکەن، چونکە زۆر بێزارن لە هێزی عێراق و حەشدی شەعبی.

ڕێژەی کورد لەناو سوپا و بەرکەوتە ئەمنییەکانی عێراق بۆ کەمتر لە 1% دابەزیوە

ڕیفینگ هرووری: ئەگەر ئێمە دەست لەم پرسە بەربدەین سوپای عێراق دەبێتە سوپای عەرەبی



سوپای نیشتمانیی عێراق بووایە ئەوە ڕووی نەدەدا، ئەوەیشی خستە ڕوو: گرنگە لە گفتوگۆی هەولێر و بەغدا ئەمە باس بکرێت، چونکە چۆن کورد گرنگە و لە وەزارەتی دارایی و ناوخۆ و وەزارەتەکانی دیکە ڕۆڵی هەیە، دەبێ ئاواش لە وەزارەتی بەرگری ڕۆڵی هەبێت، بۆ ئێمەش گرنگە مافی خۆمان لە ڕووی جوگرافییەوە بپارێزن و بەپێی دەستوور دەبێ پێگەی کوردستان بپارێزرێت.

دەشڵێت: عێراق بەرەو دەمارگیریی مەزهەبی دەڕوات، بۆیە دەبێ لەو ڕێگایەوە ڕێگا نەدرێت ئەم هەنگاوە بهاوێژرێت. هەرلەم بارەیەوە ,د. ناسر هەرکی، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی: تا ئێستا هیچ ڕێژەی کورد لە سوپای عێراقدا نییە و کەمترە لە ?1%دەبوو لەم قۆناغە ئەو لێگەیشتنە هەبووایە لە نێوان هەولێر و بەغدا، بڕیار بوو لە قۆناغی یەکەمدا پێکەوە دۆخی کەرکووک ئاسایی بکەینەوە، دواتر باس لە ڕێژەی کورد بکرێت لە سوپای عێراقدا، بەڵام ئەو دۆخەی بەسەر عێراقدا هاتووە ئەو پرسەی ڕاگرتووە، گرنگە لە کابینەی داهاتو ئەمە باس بکرێتەوە.

دەشڵێت: بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی عێراق دەبووایە ڕێژەی 13%ی سوپای عێراق بۆ کورد بێت، پێشووتریش لەسەر17% ڕێککەوتن و لێگەیشتن هەبوو.

بڕیار وابوو شاندی هەرێمی کوردستان و بەغدا لەسەر پرسی بەرکەوتەی کورد لەناو سوپای عێراقدا گفتوگۆ بکەن، بەشێک لە هۆکاری دواکەوتنی گفتوگۆکان پەیوەندیی بە دۆخی بەغدا و کەرکووکەوە هەیە. نوێنەرێکی کورد لە لیژنەی ئاسایش و بەرگریی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق زانیاری لەو بارەیەوە دەخاتەڕوو.

بەپێی دەستووری عێراق دەبێت پشکی کورد لە سوپای عێراق و دامەزراوە ئەمنییەکان 17% بێت و پارێزگاری لەو پشکە بکرێت، چونکە لە نووسینەوەی دەستووردا باس لەوە کراوە سوپای عێراق بە هاوبەشیی کورد و سوننە و شیعە پێک دەهێنرێت، بەڵام ڕێژەی کورد لە سوپای عێراقدا زۆر کەمە و لە ئاستی ژمارەی پێدانەوەش نییە.

فەریق بابەکر زێباری، سوپاسالاری پێشووی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوتووە: ڕێژەی کورد لە سوپای عێراقدا زۆر کەمە و زۆر پۆست و پێگەی سەربازی هەبووە، کە پشکی کورد بووە، یان بەبەتاڵی ماوەتەوە یان بەوەکالەت پڕ کراوەتەوە، لە تەشکیلەی کابینەی حکوومەتی نوێی عێراق داوای زۆر بڕیکار و بەڕێوەبەریی گشتیی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی عێراقمان کرد و حەق و مافی خۆمان بوو ئەو پشکانەمان بەرکەوێت، بەڵام دیارە دۆخەکە بەوەی ئەمڕۆ گەیشتووە، جیا لەوەش، بەپێی دەستوور، بەشداریی کورد لە سوپای عێراقدا ڕێکخراوە کە دەبێ کورد و سوننە بەشداریی پێکهاتەی سوپا بن.

گوتیشی: ئەو پشکانەی کورد لە دامەزراوەکانی سوپا هەموو جومگەکان دەگرێتەوە، لە فڕۆکەخانەی سەربازی و یەکەی وشکانی و ئاسمانی و هێزی ئاماده و بەشەکانی دیکە، بەڵام ئێستا ڕێژەکە لە ئاستی قسەکردنیش نییە و گرنگە ئەم حەقانەی هەرێمی کوردستان کە لە بەغدایە وەربگیرێتەوە.

ڕیفینگ هرووری، سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان گوتی: گرنگە ڕێژەی کورد لە سوپای عێراقدا هەبێت و بەداخەوە بەهۆی ئەوەی سیاسەتی عەسووری پەیڕەوی کرا، ئەفسەرە کوردەکان نەیانتوانی ڕۆڵی خۆیان لەو سوپایەدا هەبێت و هاتنەوە ناو ڕیزی پێشمەرگە، بۆیە ئەوە مافی گەلی کوردستانە پلە و ئیمتیازیان هەبێت لەناو سوپای عێراقدا، دیاریش نییە ئێستا ڕێژەی کورد چەندە، چونکە ئەگەر ئێمە دەست لەم پرسە بەربدەین، ئەوکاتە سوپای عێراق دەبێتە سوپای عەرەبی، کە ئێستا وایە و ئەگەر بووە سوپای عەرەبی ئەوکاتە بە شێوەیەکی باش مامەڵە ناکەن، بۆ نموونە ئەگەر لە 16ی ئۆکتۆبەر



ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن هەڵدەبژێردرێن

دوای پەسەندکردنی یاسای نوێی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمسیۆن هەڵدەبژێردرێن. سەنتەری ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی بالای دادوەریی عێراق ڕایگەیاندووە، ڕۆژی دووشەممە 2019/12/23 ئەندامانی ئەنجوومەنی بالای کۆمسیۆن هەڵدەبژێردرێن. بەپێی ئەنجوومەنی دادوەریی عێراق پێنج ئەندام لەڕێی تیروپشکەوە هەڵدەبژێردرێن. پێشتر حەسەن ئالی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاندبوو، کە ئەنجوومەنی کۆمسیۆن لە نۆ ئەندام پێک دێت، کە دوو ئەندامیان لەلایەن ئەنجوومەنی بالای دادوەریی هەرێمی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێن و دوو ئەندامیش حکوومەتی عێراق دیارییان دەکات، پێنج ئەندامەکەی دیکەش ئەنجوومەنی بالای دادوەریی عێراق هەڵیاندەبژێرێت. ڕۆژی پێنجشەممە 2019/12/5 پەرلەمانی عێراق یاسای کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی پەسەند کرد.

مشتومڕ کەوتووەتە نێوان هەر دوو فراکسیۆنی سائیرون و بینا

عێراق.. دادگای فیدراڵی لەبارەی دیاریکردنی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمان وەڵامی سەرکۆماری دایەوە



دادگای فیدراڵ لە عێراق بڕیارێکی نارووندی سەبارەت بە دیاریکردنی گەورەترین فراکسیۆن لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەرکرد کە ڕادەسپێدرێت بۆ پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی داهاتوو. دوێنێ یەکشەممە گوتەبێژی دادگای فیدراڵ، ئەیاس سامۆک لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە کە دادگای فیدراڵ دانیشتنێکی ئەنجامداوە و لەمیانیدا وردبینی کردووە بۆ ئەو داوایەی کە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو سەرکۆمار، بەڕەهم ئەحمەد سالح سەبارەت بە دیاریکردنی گەورەترین فراکسیۆن لە ئەنجوومەنی نوێنەران، پێشکەشی کردبوو.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "دادگا بڕیاریدا سەبارەت بە گەورەترین فراکسیۆن لە ئەنجوومەنی نوێنەران وەک لە ماددەی 76 دەستووردا هاتووە، گەورەترین فراکسیۆن ئەو لیستەیە کە دوای هەڵبژاردنەکان لەمیانی یەک لیست پێکهێنرابێت، یان ئەو فراکسیۆنەیە کە دوای هەڵبژاردنەکان لە دوو لیست یان زیاتر پێکهێنرابێت ژمارەی کورسییەکانی دوای چوونی بۆ ناو ئەنجوومەنی نوێنەران و سوێندخواردنی یاسایی لە لایەن ئەندامەکانییەوە لە یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەراندا لە ژمارەی کورسی فراکسیۆنەکانی دیکە زیاتر بێت. ئەیاس سامۆک ئاماژەی بەوەیشکردووە کە هەر بەپێی ماددەی 76ی دەستوور و لەو ماوەیەی دیاریکراوە، سەرکۆمار کەسی کاندیدکراو بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕادەسپێرێت.

لە ماددەی 76ی دەستووردا هاتووە کە سەرکۆمار کاندیدی گەورەترین فراکسیۆن لە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ ڕادەسپێرێت.

گوتەبێژی دادگای فیدراڵ، ئەیاس سامۆک ڕاشیگەیاندووە کە دادگا پشتبەستن بە دوو بڕیار کە لە ساڵانی 2010 و 2014 دەریکردوون، ئەو بڕیارەی داوە.

لەگەڵ ئەوەی دادگای فیدراڵ بەڕوونی گەورەترین فراکسیۆنی لە ئەنجوومەنی نوێنەران دیاری نەکردووە، لەئێستادا مشتومڕ کەوتووەتە نێوان سائیرون و بینا کە هەر یەک لەو دوو فراکسیۆنە بانگەشەی ئەوە دەکات کە گەورەترین فراکسیۆنە لە ئەنجوومەنی نوێنەران.

سائیرون کە لە لایەن ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدرەوە پاڵشتی دەکرێت ئاماژە بەوە دەکات کە گەورەترین فراکسیۆنە لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەو پێیەی لە کۆی 329 کورسی خاوەن54 کورسییە.

لە بەرامبەردا بینا کە ژمارەیەک لایەنی شیعە نزیک لە ئێران لەخۆدەگرێت لەسەرووبانەوە هاوپەیمانی فەتح بە سەرۆکایەتی هادی عامری و دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی سەرۆکوەزیرانی پێشووتر، نوری مالیکی ڕایدەگەیەنێت کە گەورەترین فراکسیۆنە لە ئەنجوومەنی نوێنەران، چونکە خاوەن150 کورسییە.

فایەق شێخ عەلی بۆ «خەبات»:

هیچ کەسێک بەبێ ڕەزامەندی کورد ناتوانێ سەرەک وەزیرانی عێراق بێت



خەبات- مەریوان نەقشەبەندی

ئەندامێکی لیبرالی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژە بە پەرتبوونی کوتلەکانی ناو ئەنجوومەنی نوێنەران و گوشاری خۆپیشاندەران بۆ دەستنیشانکردنی کەسێک تا کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق پێکبهێنێ دەکات و دەڵێ هیچ کەسێک لە عێراقدا ناتوانێ بەبێ ڕەزامەندی کورد ببێتە سەرەک وەزیرانێکی سەرکەوتوو.

فایەق شێخ عەلی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران کە خۆی وەک پالێوراو بۆ سەرەک وەزیرانی عێراق کاندید کردووە و داواکاری تەکلیفکردنی بەنووسراو وەک کەسێکی سەربەخۆ داوەتە د،بەرهەم سالح سەرەک کۆماری عێراق، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: من لەسەر داوای خۆپیشاندەرانی عێراق و لەئەنجامی ڕاپرسییەک کە زیاتر لە 70٪ی بەشداربووان داوایان کردبوو، نامەی ئامادەییم بۆ دروستکردنی حکوومەتێکی کاتی تا هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق پێشکەش بە سەرۆک کۆمار کردووە و نازانم بەرهەم سالح توانای ئەوەی هەیە من بۆ ئەم پۆستە ڕابسپێرێ یان نا ؟!

سەبارەت بە کوتلەکانی تری ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانیش فایەق شێخ عەلی گوتی: بەهۆی پەرتبوونی ناوماڵی حزبە شیعییە دەسەلاتدارەکان ئێستا ئەگەر تەنها موقتەدا سەدر پشتگیریم بکات ئەوا لەو باوەڕەدام بتوانم زۆرینەیەکی باش لەناو ئەنجوومەنی نوێنەران کۆبکەمەوە بۆ ڕاسپاردنم بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق. سەبارەت بە ڕۆڵ و ڕەزامەندی کوتلە کوردستانییەکانیش لەدیاریکردنی کاندید بۆ سەرەک وەزیرانی نوێی عێراق گوتی: هەڵوێستی کورد زۆر شەرەفمەندانەیە لەم بارودۆخەی عێراقدا و بەبێ کورد هیچ کەس ناتوانێ سەرۆکایەتی حکوومەتی عێراق بکات و سەرکەوتوو بێت. گوتیشی: پێچەوانەی عەرەبی سوننە و شیعە، کوتلە کوردستانییەکان لە زۆربەی پرسەکاندا یەکگرتوون و مەرجەعییەتی سەرۆک مەسعود بارزانی زۆر کاریگەریی لەسەر یەکگرتوویی کورد لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەیە و لەو باوەڕەدام گرفتێکیان نابێت بۆ دەنگدان بەمن یان هەر کاندیدێکی تر بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەو مەرجەی دەستوورییەکانیان پارێزراوبێت.

عێراق.. داواکاریی بۆ خۆپیشاندانی ملیۆنی

خۆپیشاندەران جەخت دەکەنەوە کە کاندیدی پارتەکان بۆ سەرۆکوەزیران ڕەت دەکەنەوە

خۆپیشاندەرێک: خۆپیشاندانەکان ڕاناوەستن تا ئەو کاتەی ئامانجەکانمان بەدینەهێنین

بەر لەوەی سەرکۆماری عێراق، بەرهەم ئەحمەد سالح کەسێک بۆ پێکهێنانی کابینەی حکوومەتی نوێ ڕاسپێرێت چالاکوانان، قوتابیان و سەندیکا پیشەییەکان داوا دەکەن خۆپیشاندانی ملیۆنی ئەنجام بدرێت، لای خۆیانەوە خۆپیشاندەران جەخت دەکەنەوە کە کاندیدی پارتەکان بۆ سەرۆکوەزیران ڕەت دەکەنەوە لەسەرووبانەوە کاندیدی هاوپەیمانیەتی بینا، قوسەی سوهەیل.



چالاکوانان و قوتابیان لەگەڵ سەندیکا پیشەییەکان داوایان کرد کە خۆپیشاندانی ملیۆنی ئەنجام بدرێت، ئەویش بە ئامانجی ڕەتکردنەوەی کاندیدی پارتەکان بۆ سەرۆکوەزیران لەسەرووبانەوە کاندیدی هاوپەیمانیەتی بینا، قوسەی سوهەیل. لەوبارەوە ژمارەیەکی زۆری قوتابی نەچوونە زانکۆ و قوتابخانەکان و ڕوویان لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان کرد، لەلایەکی دیکەوە خۆپیشاندەران لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری عێراق، ڕێگە سەرەکییەکانیان داخست و فەرمانگە گشتییەکانیان گەمارۆداوە.

هاوکات ئاژانسی ئانادۆلو لە شایەتحاڵەکان و سەرچاوە ئەمنییەکان زانیاریی دەستکەوتووە کە خۆپیشاندەران لە نەجەف، ڕێگەی نێوان شارەکە و شاری کەربەلا-یان داخستووە. هەر لەوبارەوە شایەتحاڵەکان و سەرچاوە ئەمنییەکان بە ئاژانسی ئانادۆلویان ڕاگەیاند کە خۆپیشاندەرانی شاری سەماوە ناوەندی پارێزگای موسەننا، ڕێگەی هاتوچۆیان لە ناوەڕاستی شارەکە داخستووە.

هاوکات لە شاری ناسریە ناوەندی پارێزگای زیقار پردەکانی نەسر، دوب، سەریع لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە داخراون، ئەمە وێڕای ئەوەی ماوەی چەند هەفتەیەکە پردی زەیتون لە شارەکە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە داخراوە.

لە لایەکی دیکەوە خۆپیشاندەرانی بەسرە، ڕێگەی سەرەکییەکان لە پارێزگاکە داخستووە بەتایبەتیش ئەو ڕێگەیانەی کە دەچن بەرەو کوێتگە نەوتییەکانی زوبێر و ڕومێلە. هەر لە شاری بەسرە خۆپیشاندەران، ئیدانەی هەوڵی پارتەکانیان کرد لە پێشکەشکردنی کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران.

لە خۆپیشاندانەکانی بەسرە، خۆپیشاندەران دروشمەکانی "بەسرە سەربەخۆیە" ، "ئێران بۆ دەرەوە" و "گەل دەیەوێت پارتەکان بڕوخێنێت"یان بەرزکردەوە.

خۆپیشاندەرێکی بەسرە بە ناوی عەلی کە نەیویستووە ناوی باوکی ئاشکرا بکرێت ڕایگەیاندووە: دەمانەوێت فەرماندە لە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی لە عێراق بکەینە دەرەوە. ئەو خۆپیشاندەرە ئەوەشی گوتووە: قاسم سولەیمانی لێرە چ کاری هەیە، با خۆی و پارتەکانی نزیک بەو باش ئەوە بزانن، عێراقییەکان بە ڕاسپاردەکانی ئێران ڕازی نابن و نابن بە بوکەڵە بۆ ئەوەی بەویستی خۆیان یاریان پێ بکات.

پێشتریش میدیاکان و چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان ئاشکرایان کردبوو کە ماوەی چەند هەفتەیەکە قاسم سولەیمانی لە عێراقە و هەوڵ دەدات خۆپیشاندانەکان سەرکوت بکات و هەژموونی وڵاتەکەی لەڕێگەی ئەو پارتانەی کە بە نزیک لە ئێران هەژمار دەکرێن لە عێراق بپارێزێت.

ئەو خۆپیشاندەرە گوتیشی: ناتوانین بگەڕێنەوە چوارگۆشەی یەکەم، هەر کەسێک لە لایەن پارتەکانەوە بۆ سەرۆکوەزیران کاندید بکرێت یان ئەو کەسانەی کە ئێستا لە دەسەڵاتدان بەتایبەتیش ئەوانەی نزیکی ئێرانن ڕەت دەکەینەوە، خۆپیشاندانەکان ڕاناوەستن تا ئەو کاتەی ئامانجەکانمان بەدینەهێنین.

هەروەها لە شاری دیوانییە خۆپیشاندەران بۆ نارەزایەتیی دەربڕین بەرامبەر بە هەوڵی پارتەکان بۆ کاندیدکردنی قوسەی سوهەیل بۆ سەرۆکوەزیران، ڕێگە سەرەکییەکانیان لە شارەکەدا، داخست. لەوبارەوە چالاکوانی خۆپیشاندانەکانی دیوانییە، غانم مەحمود گوتی: هەرگیز پارتەکان ڕێز لەو کەسانە ناگرن کە لەبەر داواکارییەکانیان بوونەتە قوربانی، هەر ئەمەش لێیان چاوەڕان دەکرێت، ئەگەر نا ئەوە چۆن ڕۆژمان بە ئەمڕۆ دەگەیشت. غانم مەحمود گوتیشی: ڕەوشەکە زیاتر گرژ و ئاڵۆز دەبێت، ئەگەر پارتەکان کاندید سەرۆکوەزیران پێشکەش بکەن.

جێی باسە ڕۆژی شەممە لە میدیاکانی عێراق دەنگۆی ئەوە بڵاوکرابوویەوە، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە حکوومەتی کاربەڕێکەر، قوسەی سوهەیل کە پێشتر لە هاوپەیمانی سائیروندا بوو، دواتر جیابووەتەوە و پەیوەندیی بە دەوڵەتی یاساوە کردبوو، کاندیدی هاوپەیمانی بینایە بۆ سەرۆکوەزیرانی داهاتوو.

تیرۆرکردنی چالاکوان و سەرپەرشتیارێکی دیکەی خۆپیشاندانەکانی عێراق

ژمارەیەک چەکداری نەناسراو چالاکوان و سەرپەرشتیارێکی دیکەی خۆپیشاندانەکانی عێراق تیرۆر دەکەن. دوێنێ یەکشەممە 2019/12/22 حوسێن نەعیم عەبدولموحسین بەهادلی، چالاکوان و بەڕێوەبەری بنکەی تەندروستیی شارەدێی کەحلا لە پارێزگای میسان، کوژرا. چەکدارەکان چوار گوللەیان لە حوسێن نەعیم عەبدولموحسین بەهادلی داوە، کە بەهۆیەوە پێش ئەوەی بگەیەندرێتە نەخۆشخانە، گیانی لەدەست داوە. بە تیرۆرکردنی ئەو چالاکوانە، ژمارەی تیرۆرکراوەکان گەیشتە 27 چالاکوان و سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەکان. پێشتر کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ڕایگەیاندبوو، تا ئێستا 26 چالاکوان و سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەکان لە شارە جیاوازەکانی عێراق، تیرۆر کراون. خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژی 2019/10/2ـەوە لە بەغدا و زۆربەی شارەکانی عێراق دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری، دەستیان پێ کرد.

بەهۆی خۆپیشاندانەکان و کەوتنەوەی تۆندوتیژی تێیاندا، زیاتر لە 450 هاووڵاتی و کارمەندی ئەمنی گیانیان لەدەست داوە و زیاتر لە16 هەزاری دیکەش بریندار بوون، جگە لە کەمئەندامبوونی 700 کەس و ژمارەکانیش بەردەوام لە بەرزبوونەوە دان.

جنێڤ.. کۆنفرانسی بەرگریکردن لە زمان و مافەکانی مرۆڤ بەڕێوەچوو



ساسان دەروێش- هۆڵەندا

هەموو ساڵێک لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری جنێڤ، کۆنفرانسێک سەبارەت بە پرسێکی دیاریکراوی کەمەنەتەوەییەکان بەڕێوەدەچێت و ئەمساڵیش تایبەت بوو بە بەرگریکردن لە زمان و ڕۆشنبیری و مافەکانی مرۆڤ. لە کۆبوونەوەکەدا زۆرینەی ڕێکخراوە ناحکومی و چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە وڵاتانی دونیا بەشدار بوون، پەیوەست بە ناوەڕۆکی پڕۆگرامی کۆنفرانسەکە و تاوتوێکردنی بابەتەکانیان و بەدواداچوون و ڕێگاچارە و گوشارخستنە سەر حکوومەتەکانیان کە پابەندی بڕیارەکانیان بن.

کۆمەڵێک لە چالاکوانی کورد لە ڕێکخراوەکانیان بەشدار دەبن و ماوەی دوو ساڵیشە کەسایەتیی کورد، نیهاد قازی ئەندازیار و نووسەر و بەرپرسی کۆمیتەی بەرگریکردن لە ئایینی پێکهاتەکانی کەمە نەتەوەکان لە عێراق بەشدار دەبێت بە پێشکەشکردنی وتار و پێشنیاز بۆ کۆنفرانسەکە و سەرخستنی لە بواری زیاتری گرنگیدان و بەرگریکردن لە کەمە نەتەوەکان لە عێراقدا. ناوبراو لەمبارەیەوە بۆ خەبات گوتی: ئەگەر بکرێت کەمێک وەک مێژوو بگەڕێمەوە کە هەروەک دەزانن کۆمیتەکەمان وەک بەرگریکردن لە ئایینی کەمەنەتەوەییەکان لە عێراق گرێدراوی کۆمەڵێک کەسایەتیی ناسراو و ڕۆشنبیری کورد و عەرەبە لە وڵاتانی جیاواز، وەک ئەندام کە من سەرپەرشتییان دەکەم و توانیومانە لە ماوەی کارکردنمان زۆڵی گرنگمان هەبێت لە نواندنی چالاکی و چارەسەری گونجاومان بۆ کێشەکان دۆزیوەتەوە و گەورە بەرپرسانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیمان لێ ئاگادارکردوونەتەوە، بە بەیاننامە و بەشداربوونمان لە کۆڕ و کۆنفرانسەکانیاندا، بۆ مەسەلەی کۆنفرانسی ئەمجارەش لە شاری جنێڤ ماوەکەی دوو ڕۆژی خایاند، ڕۆژی یەکەمی تایبەت بوو بە خوێندنەوەی وتارەکان کە بەندەش بەشداربووم بە پێشکەشکردنی وتارێک و تایبەت باسم لە مێژووی پێکەوەژیانی هەڵکەوتەی کەمە نەتەوەییەکان کرد لە عێراق، بەڵام بەهۆی شەڕی تایەفی و نا ئارامی عێراق و هاتنی تیرۆریستانی داعش، ڕێژەی ئەم کەمەنەتەوەییانە کەمیان کرد بەهۆی دەربەدەریان بۆ وڵاتانی تر، بۆیە هەموومان جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێت بۆ مانەوەیان پارێزگاری لە زمان و دابونەریتان بکەین و شوێنە ئاینییەکانیان پارێزراوبێت و هەست بەئارامی بکەن، بەداخەوە بە هەموو شێوەیەک لەناوبران لە عێراق و ئاوارەکران و شوێنە ئایینییەکانیان ڕووخێنران، دەکرێ بۆ مانەوەیان ڕێگایان پێ بدەین لەنێو زانکۆکان و پەیڕەوکردنی زمانی خۆیان لە شوێنەکانی خۆیان زیاتر بکەین و بە گرنگی سەیریان بکەین، ڕۆژی دووەمیش تایبەت بوو بە مافەکانی مرۆڤ کە بە ڕاپۆرت لە شێوەی بەیاننامە پێشکەشمان کرد لە ئێستادا دەزانن چ ڕەوشێک دەگوزەرێت لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازاردانی خۆپیشاندەران کە ئەمەش جێگای شەرمەزاری و ئیدانەکردن بوو بۆ دەسەلات کە بەمشێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوواڵاتی خۆی بکات و گرووپی نەناسراو ڕەفتاری نامرۆڤانە ئەنجام بدەن، دەکرێ بەشێوەی دەستووری کە هەموومان شەریکە بەشی ئەو وڵاتەین کە پێکەوە تیایدا بە ئارامی و ئاسایش تێیدا بژین لەگەڵ کەمەنەتەوەییەکان و خزمەتکردنیان لە ڕووی زمان و ئایینەکەیان و مانەوەیان و پارێزگاریکردنیان بەمشێوەیە کە ئێمە داوامان کرد کە گوشار بخرێتە سەر دەسەلاتی حوکم لە عێراق بۆ پابەندبوونیان بە داواکارییەکانمان کە بەمەش عێراق لە ڕووی مۆڵەتی کولتوور کە لە ئێستادا لە دونیادا پەیڕەو دەکرێت و سوودی گشتیی هەیە و دەوڵەمەند دەبێت.

هۆڵەندا.. تەرمی بێستوون مام ڕەزا ڕەوانەی کوردستان کرایەوە





بێستوون مام ڕەزا

ساسان دەروێش- هۆڵەندا

بەگوێرەی ڕاگەیاندنی لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی دیموکراتی کوردستان، تەرمی بێستوون مام ڕەزا پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و کادیری پێشکەوتووی پارتی و ئەندامی ڕێکخستنەکانی سنووری لیژنەی ناوچەی هۆڵەندا کە شەوی 2019/12/20 لە دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشییەکی کوشندە، کۆچی دوایی کرد. دوای ڕێکاریی یاسایی بە مەبەستی ناردنەوەی تەرمەکەی لەلایەن لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی، دوێنێ یەکشەمە 22ی کانوونی یەکەمی 2019 بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ڕەوندی کوردی، تەرمی بێستوون مام ڕەزا لە نەخۆشخانەوە گواستراوەتە بۆ فڕۆکەخانەی سخیپۆڵ لە شاری ئەمستردام و دواتر بە ئالای کوردستانەوە ڕەوانەی دوا مەنزڵگای لە شاری سلێمانی کرا. عومەر زاوێتەیی بەرپرسی ناوچەی هۆڵەندای پارتی بەناوی خۆی و هەڤاڵانی سوپاسی، هەموو ئامادەبوانی کرد لەگەڵ ئەو دۆستانەشی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هاوکارییان بوون.

بەغدا.. بێ سەروشوێنبوونی پزیشکێکی چالاکوان



چالاکوانێکی مەدەنی ڕایگەیاند کە چالاکوان و پزیشک، عومەر یوسف سوڵتانی دوای بەجێهێشتنی گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا، بێ سەروشوێن بووە و تا ئێستا چارەنووسی نادیارە. ڕۆژی شەممە ناوەندی نیما تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردبوو کە پزیشک عومەر یوسف سوڵتانی لە شەوی هەینی ڕابردووە لە کاتی گەڕانەوەی لە گۆڕەپانی تەحریر بۆ ماڵەکەی بێ سەرشوێن بووە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، عومەر یوسف سوڵتانی یەکێک بوو لەو پزیشکانەی کە هەر لەدەستپێکی خۆپیشاندانەکاندا لە گۆڕەپانی تەحریر خۆبەخشانە، خۆپیشاندەر بریندارەکان چارەسەر کردووە. لای خۆیەوە هاوسەری عومەر یوسف سوڵتانی، سارە تائی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە یەکێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکردووەتەوە کە هاوسەرەکەی لە ڕۆژی هەینی ڕابردووە دوای بەجێهێشتنی گۆڕەپانی تەحریر، بێ سەروشوێن بووە. ئاماژە بەوە دەکرێت کە لەمیانی خۆپیشاندانەکاندا، زنجیرەیەک کردەی کوشتن و ڕفاندن دژبە چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ئەنجامدراون.



ئەلبانیا.. سەرکردەکانی بەلقان دامەزراندنی ناوچەی شینگنی بچووک تاوتوێ دەکەن بە مەبەستی ئاسانکردنی هاتووچۆ لە نێوان هاوواڵاتیانی ئەلبانیا و سربیا و مۆنتینیگرۆ و مەقدۆنیا.



پۆمپیۆ: چین و ڕووسیا دەستیان بە خوێن سوورە

مایک پۆمپێیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێت، ڕووسیا و چین "دەستیان بە خوێن سوورە" و بەکارهێنانی قێتۆ لە دژی گەیاندنی ئەو هاوکارییانەش بە "شەرمهێنەر" وەسف دەکات. بە گوێرەی بڕیارەکە بێت، هاوکارییە مرۆییەکان دەگەیەنرانە باکووری سووریا لە ڕێگەی وڵاتانی عێراق و تورکیا و بەبێ گەڕانەوەی بۆ دیمەشق، بەڵام ڕووسیا ئەوەی ڕەتکردووەتەوە بە بیانووی ئەوەی حکوومەتی ناوەندی سووریا، کە هاوپەیمانێتی، کۆنترۆڵی زۆربەی ناوچەکانی وڵاتەکەی کردووەتەوە.

ڕووسیا بە هاوکاری چین، لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لە 2011ـەوە و تایبەت بە ئالۆزییەکانی سووریا، بۆ 14ـەمین جار مافی قیتۆیان بەکارهێنا. پرۆژە بڕیارەکە لەلایەن بەلجیکا، کوەیت و ئەڵمانیا ئامادەکرابوو، لە کۆی 15 ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایش، 13 ئەندام پاڵپشتیان کرد، جگە لە ڕووسیا و چین، بە پێچەوانەوە وەستان و مافی قیتۆیان بەکارهێنا. بە گوێرەی بڕیارەکەش، هاوکاری مرۆییەکان بۆ ماوەی 12 مانگی دیکە بگەیەنرێنە باکووری سووریا، بەبێ ئەوەی ڕەزامەندی دیمەشق وەربگرن.

بەغدا.. ڕەوشی شەقامی ڕەشید هێورببۆتەوە

پێشتر گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران بوو



شەقامی ڕەشید ناوەڕاستی بەغدا کە لەمیانی چەند هەفتەی ڕابردوودا، گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران بوو، بەڵام لەئێستادا ڕەوشی شەقامەکە هێورببووەتەوە و سەقامگیرە. شەقامی ڕەشید یەکێک لە کۆنترین شەقامەکانی ناوەڕاستی شاری بەغدایە کە لە ساڵی 1908دا، دروستکراوە و دواتر لەناو جەرگەی شارەکەدا، بووە بازارێکی سەرەکی. شەقامەکە دەکەوێتە نێوان گۆڕەپانی تەحریر و ناوچەی سنەک نزیک پردی ئەحرار کە ئەو ناوچانەش، ناوەندی خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت و پارتە دەسەلاتدارەکانە.

لەوبارەوە سەرچاوەیەک لە پۆلیسی بەغدا لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە خۆپیشاندەران لە پردی ئەحرار و گۆڕەپانی وەسبە تا دەگاتە ناوچەی حافز قازی بە ئاراستەی گۆڕەپانی تەحریر دوورکەوتوونەتەوە.

سەرچاوەکە گوتیشی: بەم زووانە پردی ئەحرار بە ڕووی هاتوچۆدا دەگرێتەوە، جگە لەوەیش لەئێستادا ڕەوشی گۆڕەپانی وەسبە و ڕەشید ئاسایی بوونەتەوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری فرۆشگا لە شەقامی ڕەشید بە ڕووی کرپاراندا کراونەتەوە. لەمیانی چەند هەفتەی ڕابردوودا، شەقامی ڕەشید گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران بوو. جێی باسە ئەو خۆپیشاندانەی کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە دژبە حکوومەت لە شاری بەغدای پایتەخت و شارەکانی ناوەڕاست و باشوور ئەنجام دەدرێن دریژەیان هەیە، پشتبەستن بە ئامارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، لەمیانی خۆپیشاندانەکاندا، 497 کەس کوژراون و 17 هەزار کەسی دیکە لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندارببوون.

ئەو فەتوایەی بناغەی پەیوەندی کورد و شیعەی دانا



مەریوان نەقشبەندی*

سەماحەتی ئایەتوللا موحسین ئەلحەکیم ئەو کەسایەتیە شیعەمەزهەبە کاریگەرەی عێراقە کە فەتوا بەناوبانگەکەی سەبارەت بە حەرامکردنی شەڕکردن لەگەڵ کورد ساڵی 1965 ڕێڕەوی سیاسی و سەربازی لەعێراقدا گۆڕی و ئاسۆی پەیوەندییەکی نوێی لەنێوان کورد و شیعە دروست کرد. لەو سەردەمەدا ملمالانێی نێوان بزووتنەوەی ناسیونالیستی عەرەبی کە تازە دەسەڵاتی بەسەر حکوومەتی عێراقدا گرتبوو لە هەوڵێکی بەردەوامدا بوو بۆ کۆتایهێنان بە پاشماوەی شیوعییەکان لەلایەک و تێکشکاندنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان بە ڕابەرایەتی بارزانیی نەمر.

لەلایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتدارە قەومییەکانی عێراق دەیانویست لە ڕێگەی ڕاکێشانی هەستی ئایینی دانیشتوانی ناوەڕاست و باشووری عێراق کە زۆرینەی هەرەزۆریان عەرەب و موسڵمان و لەهەردوو مەزهەبی سوننە و شیعە بوون کۆنترۆڵی تەواوی هەموو عێراق بکەن، بۆیە پەنایان برد بۆ گەورە مەرجەع و موفتیە ئیسلامییە عەرەبەکان بەسوننە و شیعەوە تا لەلایەک لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە حزبی شیوعی بەتەواوەتی لەبەرچاوی خەڵک ناشیرین بکەن و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازە بەهێزەی کورد کە بارزانیی نەمر دروستی کردبوو بەهێزی سەربازی تێکبشکێنن و لاوازی بکەن تا ئەو ئاستەی کورد بەکەمترین مافەکانی ڕازی بێت.

بەپێی هەندێ بەڵگەنامەی مێژووی کەسایەتییە ئیسلامییە سوننەکان دەستبەجێ فەتوای پشتگیری حکوومەتی عێراقیان بۆ پەلامارادانی کوردستان مسۆگەرکرد و لەچاوەڕێ و هەوڵی وەرگرتنی فەتوایەکی مەرجەعیەتی شیعە بوون، ئا لەو کاتەدا سەماحەتی ئایەتوللا موحسین ئەلحەکیم هەستمان بە بنەمای ئەوەی کە کورد زۆربەی هەرە زۆریان موسڵمانن ناکرێت شەڕیان بکرێت و فەتوا بەناوبانگەکەی لەناو خەڵکی عێراقدا بلاوبووەوە و بەهۆی کاریگەریی فەتوای ئەم گەورە مەرجەعەی شیعەکان زۆربەی هەرەزۆری عەرەبی شیعە ئامادە نەبوون خۆیان و منداڵەکانیان ببەنە شەڕی کورد و بەوەش دەسەڵاتدارانی ئەوکاتەی عێراق نەیتوانی بەهێزی سەربازی پەلاماری کوردستان بدەن.

ئەم هەڵوێستەی سەماحەتی موحسین ئەلحەکیم بەهۆی سوپاسگوزاری بارزانیی نەمرەوە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لەناو خەڵکی کوردستان بەگشتی هەبوو بەجۆرێک دەتوانین بڵێین لە دوای ئەم فەتوایەوە ململانێی نەتەوەیی کورد لەگەڵ عەرەب بەگشتی و کورد لەگەڵ عەرەبی شیعە بەتایبەتی بەرەو کاڵبوونەوە ڕۆیشت و هاوسۆزی و پەیوەندی گرنگیش لەنێوان کورد و شیعە لەسەر هەردوو ئاستی ڕەسمی و جەماوەری دروست بوو کە نەوە لە دوای نەوە لە کوردستان ئەم هەڵوێستەی سەماحەتی حەکیم دەگوێزرایەوە. شێخ محەمەد تەقی ئەلمەولا کە سەرکردەیەکی باڵای شیعەی تورکمانی عێراقە و پەیوەندییەکی زۆر باشم لەگەڵ بەڕێزیان هەبوو کاتێک سەرۆکی دەستەی باڵای حەجی عێراق بوو پێی ڕاگەیاندم لە بەرامبەر ئەم فەتوایەی سەماحەتی موحسین ئەلحەکیم هەستمان بە هاوسۆزیەکی گەورەی ڕەسمی و جەماوەری دەکرد بەتایبەتیش لەدوای کودەتای حزبی بەعس سەرکردایەتی سیاسی و خەڵکی کوردستان و شاخەکانی کوردستان بۆ هەموو ئەو شۆڕشگێڕ و بەرهەڵستکارانی شیعە کە دژی ڕژێمی بەعس ناوەڕاست و باشووری عێراقیان جێهێشتبوو کرایەوە و لەگەڵ پێشمەرگەکانی کوردستان و خەڵکی گوند و شارۆچکەکانی کوردستاندا نانێکیان هەبوو لەگەڵ ئێمە دابەشیان دەکرد و وەک پێشمەرگەکانی خۆیان دانیان دەدایە .

خوالێخۆشبوو سەماحەتی محەمەد باقر ئەلحەکیم (شەهیدی میحراب) کە ئەویش پێش شەهیدکردنی هەر بەهۆی کارکردنم لەوەزارەتی ئەوقاف و بەرپرسیاریەتیم لەدروستکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ ناوەند و کەسایەتییە ئیسلامییەکان لە وەرزی حەجدا چەندین جار بەخزمەتی گەیشتبووم و گفتوگۆمان کردوە باسی هەڵوێستی مەردانەی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ دەکردم لەوکاتەی ڕاپەڕینی ساڵی 1991 بەهەزاران سەربازی عێراقی بەدیلی کەوتنە دەست خەڵک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکی باشووری عێراق بوون، بەڵام سەردڕای ئەو هەموو زوڵم و ڕەشەکوژییەی کە سوپای ئەوکاتەی عێراق بە فەرمانی سەدام حسێن لەگەڵی کوردی کردبوو، هەموو ئەو سەربازە دیلانە ئازاد کران و گەڕانەوە ناو ماڵ و خێزانی خۆیان.

دیمەنێکی تریش کە من خۆم بەچاوی خۆم بینیم بەهاری ساڵی 1988 بوو کاتێک لە شەڕی ئێران عێراقدا سوپای ئێران شاری هەڵەبجەی داگیرکرد و لەبەرامبەریشدا فڕۆکەکانی عێراق کیمیاباران هەڵەبجەیان کرد لە 16/3ی ئەو ساڵەدا و ئەو هەموو شەهید و بریندارەی لێکەوتەوە و گەورە و بچووک ژن و پیاوی سڤیلی شاری هەڵەبجە جینۆسایدکران بەدەستی ڕژێمی عێراق و چەکە کیمیاییەکەی. لەو کاتەدا نزیکەی 80 سەربازی سوپای عێراق کە زۆربەیان شیعە مەزهەب بوون و خەڵکی شارەکانی باشووری عێراق بوون بەهۆی گەمارۆدانی هەڵەبجەوە لەسوپاکەیان دابڕابوون و چەکەکانیان فڕێدابوو و هاتبوونە ناو شاری هەڵەبجەی کیمیابارانکراو هانایان بۆ خەڵکی هەڵەبجە هێنابوو، چونکە نەیاندەزانی بۆ کوێ بڕۆن و شارەزای ناوچەکە نەبوون، ئا لەو کاتەدا کە خەڵکی هەڵەبجە خۆێنیان لێ دەتکا و گازی کیمیایی یەک لەدوای یەک دەیخنکاندن، ئەم سەربازانەیان پاراست و هەندێکیان لەگەڵ خۆیان بۆ سلێمانی دەرباز کرد و ڕێگای سلێمانی و ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی عێراقیشیان پیشانی ئەوانی تردا بۆ ئەوەی بەسەلامەتی بگەڕێنەوە ناو خانەوادەکانی خۆیان.

ئەمانە هەمووی بەرەنجامی ئەو فەتوایەی خوالێخۆشبوو سەماحەتی موحسین ئەلحەکیم بووە کە کورد جگە لەلایەنە ئاینیەکەی وەک هەڵوێستێکی مرۆڤایەتی و سیاسیش سەیری دەکات. بۆیە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس وەک بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقاف و لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەرکی دروستکردنی پەیوەندییەکی نوێم لەگەڵ مەرجەعیەتی شیعە لەئەستۆ بووە و چەندین جار بەشاندی وەزارەتی ئەوقاف و هەندێ جارێش شاندی نوێنەری ئایەنە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستانم بردووە بۆ نەجەف و کەربەلا و لەگەڵ دیوانی وەقفی شیعە و حەوزەی عیلمی نەجەف و زانکۆی کوفە پەیوەندی زۆرباشمان دروست کردووە و پێش ڕیفراندۆمی ساڵی 2017 سەرۆکی دیوانی وەقفی شیعە لەسەر داوای ئێمە و بەراسپاردەی سەماحەتی سیستانی سەردانی هەولێری کرد و لەسەر دروستکردنی کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ پەڕەپێدانی پەیوەندی نێوان وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان و مەرجەعیەتی باڵای نەجەف ڕێککەوتین.

دەتوانم بڵێم پەیوەندی ئێمە و مەرجەعیەتی باڵای شیعەکان هەر لەساڵی 2003ەوە لەسەر بناغەی ئەو فەتوایەی سەماحەتی موحسین ئەلحەکیم بینا کراوە و دەکرێت لەمەودوا پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و مەرجەعیەتی باڵای شیعە تەنها لەپەیوەندی ئاینی و کۆمەڵایەتی نەمێنێتەوە و ژێنگەی دروستکردنی پەیوەندییەکی ستراتیژی درێژخایەن دروست بکەین کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەبێت لەسەر پەیوەندییە سیاسی و ئابووریەکانیش و سوود لەم خۆپیشاندانانەی ئەم دواییەی ناوەڕاست و باشووری عێراق وەربگیرێت.

کاریگەریی ئەم هەڵوێستە مێژوییەی سەماحەتی موحسین ئەلحەکیم بووە هۆی ئەوەی من وەک کوردێک خۆشەیستی و هاوسۆزیم هەبێ بۆ زۆر لەئەندامانی خانەوادەی حەکیم و پەیوەندییەکی تایبەتی و برایانەم لەگەڵ بەڕێز عەمار حەکیم هەبووە و بە شەخسی کۆپیەک لەو فەتوایەی ساڵی 1965ی سەماحەتی موحسین ئەلحەکیمی لەبارەی حەرامکردنی شەڕ لەدژی کورد پێدام، لەم چەند مانگەی دواییشدا لەیادی شەهیدکردنی سەماحەتی محەمەد باقر ئەلحەکیم کە ڕێورەسمێکی تایبەتی لەشاری هەولێر بۆ ڕێکخرا وتارێک پێشکەش بکەم و خەڵاتی شەهیدی میحراب لەلایەن خانەوادەی حەکیمەوە وەربگرم.

شایانی باسە خوالێخۆشبوو سەماحەتی ئایەتوللا موحسن ئەلحەکیم لەساڵی 1889 لەدایکبووە و دوای 81 ساڵ تەمەن لەساڵی 1970 کۆچی دوایی کردووە.

* بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان



لە ئاکامی هێرشی ئاسمانیی هێزەکانی سووریا و ڕووسیا بۆ سەر ناوچەکانی ئیدلیب، هەشت هاووڵاتی سڤیل کوژران

لە هێرشێکدا داعش چوار کارمەندی هێزە ئەمنییەکانی عێراقی کوشت



سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایگەیاند کە لەمیانی شەڕ و پێکدادانێکی نێوان هێزە ئەمنییەکان و ژمارەیەک چەکداری داعش لە سنووری پارێزگای سەلاحەددین، چوار کارمەندی ئەمنی و یەک تیرۆریستی داعش کوژراون. ئەفسەر لە پۆلیسی سەلاحەددین، نەقیب خەلیل سامەڕائی ڕایگەیاند، ژمارەیەک تیرۆریستی داعش هێرشیانکردووەتە سەر هێزەکانی پاسەوانی دامەزراوە نەوتییەکان لەناوچەی سەحل سەربە ناحیەی سینییە باکووری سەلاحەددین. خەلیل سامەڕائی ئاماژەی بەوەیشکرد کە لەمیانی هێرشەکەدا، شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزە ئەمنییەکان و تیرۆریستانی داعش ڕوویداوە کە لەئاکامدا، چوار کارمەندی ئەمنی و یەک تیرۆریستی داعش کوژراون. ناوبراو باسی لەوەش کرد کە دوای گەیشتنی هێزی پشتیوانی ئەمنی بۆ ناوچەکە، تیرۆریستان هەلاتوون.

شێرکۆ حەبیب



تێڕوانینی میسر بۆ دۆزی کورد

هەڵوێستەکانی میسر سەبارەت بە دۆزی گەلان، هەردەم تاراددەیەکی زۆر نەگۆڕ و ئیجابی بووە، لەو میللەتانەش میللەتی کورد و دۆزەکەیەتی، کە میسر لە گرفت و دۆزی کورد دوور نییە، بەڵکوو لە سەرجەم وڵاتانی عەرەبی زیاتر ئاشنایی هەیە و لە گرفتەکان گەیشتووە، لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی سەلاحەدین ئەیووبی، بوونی کوردی بەو وڵاتە ئاشنا کردووە تەنانەت تاکو ئێستا شوێنەواری ئاسەواری قەڵا و شوێنی حوکمڕانی ماوە، جگە لەوەی کۆمەڵێکی زۆری خێزانی کورد کە بەڕەچەڵەک پێش سەدان ساڵ ڕوویان لەم وڵاتە کردووە و میسرییەکان بە بایەخەوە باس لەوانە دەکەن کە کاریگەریان لە بواری جیاجیاکانی میسردا هەیە، هەروەها یەکەم وشەی کوردی لە وڵاتی میسر بە جیهان ناسێندرا ساتێک خانەوادەی بەدرخانییەکان یەکەم ڕۆژنامەیان بە زووبانی کوردی بە چاپ گەیاند لەم وڵاتە بوو.

ئەگەر بێتو ئاوڕێک لە میژووی نوێ بدەینەوە، دەبینین کە پەیوەندییەکان لە کۆتایی ساڵەکانی پەنجا بایەخ وەرگیرانێکی دیکەی بەخۆوە بینی، کاتێک سەرکردەی خوالێخۆشبوو جەمال عبدولناسر وەک یەکەم سەرکردەی عەرەب پێشوازی لە باوکی ڕۆحی کورد جەنابی مەلا مستەفا بارزانیی نەمر کرد، هەروەها بوونی ئێسگەی کوردی لە دەنگی عەرەب بۆ ماوەی چوار کاتژمێر و لەسەرەتای شۆڕشی مەزنی ئەیلوول نوێنەری شۆڕش بوونی هەبوو لە قاهیرەی پایتەخت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدانی جەمال عەبدولناسر بە مافی میللەتی کورد و چارەسەری دۆزە ڕەواکەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە، لەساتێکدا عەبدولناسر لەگەڵ ئەوە دانەبوو کە یەکێتی لە نێوان میسر و عێراق بە ئەنجام بگەیەنێت بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەوپێیەی کە کورد نەتەوەیەکی جیاوازن و عەرەب نین، پەیوەندییەکانی میسر و کوردستان ئەگەرچی لە ساتەوەختێک ساردایەتیی بەخۆوە بینی، بەڵام سەردانی جەنابی سەرۆک بارزانی و دیداری لەگەڵ سەرۆکی پێشووتری میسر حوسنی موبارک دووبارە پەیوەندییەکانی پتەوکردەوە، هەر ئەوەش هۆکار بوو کە میسر یەکەم دەوڵەتی عەرەبی بوو کونسوڵخانەی لە هەولێری پایتەخت کردەوە، هەروەها دیداری جەنابی سەرۆک لەگەڵ سەرۆکی ئیستای میسر عەبدولفەتاح سیسی لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ئاسایش لە مینیۆخ زیاتر پەیوەندییەکانی تۆکمە کرد.

ئەگەرچی میسر لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقە، بەڵام ئەو یەکپارچەیەی میسر داوای دەکات، مەرجی دابینکردنی مافە دەستووری و نەتەوەییەکانی کوردە و لە کاتی گشتپرسی هەڵوێستی میسر ئیجابی بوو و ئەو بابەتەیان بە گرفتێکی نێوخۆی هەژمارکرد و لەدوا هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاڤا میسر بە توندی ئیدانەی کرد و دژی گۆڕینی دیموگرافیای ناوچەکە بوون کە زۆرینەی کوردە.

لە دوا دیداری لاوانی جیهان لە شەرم ئەلشێخ سەرۆکی میسر بە ڕوونی ئاماژەی بە نەهامتییەکانی کورد کرد و چۆن دووچاری زوڵم و زۆرداری و دابەشکردن، هاتوون و ئاماژەی بەوەش کرد کە سەردڕای ئەو زوڵمە، بەڵام دوژمنان نەیانتوانی کوردبوون بسڕنەوە، بەڵکوو توانیان پارێزگاری لە کوردبوون و زمان و کولتووری خۆیان بگرن و گوتی کەس ناتوانێت ناسنامەی کورد بسڕیتەوە. بێگومان ئەگەر بۆچوونی میسر بۆچوونێکی ئیجابی بووە، بەڵام ئەم بۆچوونە و بە ڕاشکاوانە باس لە کورد بکات، گۆڕانکارییەکی گرنگە بۆ کورد و دۆزە ڕەواکەی، پێویستە ئێمە ئەو گۆڕانکارییە بە هەند وەربگرین و پێشوازی لێ بکەین، بێگومان لە ماوەی کردنەوەی مەکتەبی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی ڕابردوودا، تواندرا بەپێی توانا نەهامەتی و تێڕوانینی کورد لە لایەنی بڕیاربەدەست و ڕۆشنبیر و ئەکادیمی و سیاسەتمەداران بگەیەنرێت کە بێگومان ئەمەش کاریگەری خۆی هەیە لە تێڕوانینی نوێی میسر، جگە لە پەیوەندییەکی فراوان لەگەڵ چینە جیاجیاکانی میسر. وتەکانی سەرۆکی میسر دەبێت لە لایەن حکوومەتی ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەر دابەشکراوە بە هەند وەربگیرێت، لەسەر بنەمای دەستوور و پێکەوەژیان هاوبەش بن لە حوکمڕان وڵات و یەکسان بەرانبەر ئەرک و مافەکان، گرنگە زیاتر بایەخدان بە پەیوەندییەکان لە ڕووی ئابووری و کولتووری و گەشتوگوزار و ڕۆشنبیری.

عێراق...

کشانەوەی عەلی سەجری لە هاوپەیمانی بینا

ئەندامی فراکسیۆنی هاوپەیمانی بینا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، عەلی سەجری ڕایگەیاند کە لە هاوپەیمانییەکەی کشاوەتەوە. دوێنێ یەکشەمە عەلی سەجری ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە: هاوپەیمانی بینا وەک ئەوەی لە ڕابردوودا بەر لەوەی پێکهێنرێت لەسەری ڕێکەوتبووین لەوەی هاوپەیمانییەتیەکی نیشتمانییە و بڕیارەکانی بەپێی بەرژەوەندی نیشتمانی دەردەکات، بەو شێوەیە دەرنەچوو.

ئەو ئەندامەی فراکسیۆنی هاوپەیمانی بینا ئاشکرای کردووە: بەداخەوە هاوپەیمانی بینا، بە ڕاستەوخۆ لە لایەن لایەنی دەرکییەوە ئاراستە دەکرێت کە ئەمەیش پێشێلکاریەکی مەترسیدارە و دەستوەردانە لەکاروباری عێراق. عەلی سەجری ڕاشیگەیاندووە کە "لەبەر ئەو هۆکارە لە هاوپەیمانی بینا کشاوەتەوە و دەچێتە پاڵ خۆپیشاندەران کە داوای چاکسازی و گۆڕانکاری دەکەن". تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەوبارەوە لە لایەن هاوپەیمانی بیناوە بڵاونەکراوەتەوە.

جێی باسە هاوپەیمانی بینا ژمارەیەک لایەنی شیعە نزیک لە ئێران لەخۆدەگرێت لەسەرووبانەوە هاوپەیمانی فەتح بە سەرۆکایەتی هادی عامری "خاوەنی 47 کورسییە و دەوڵەتی یاساش بە سەرۆکایەتی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق، نوری مالکی کە خاوەنی 26 کورسییە.

لە ژێر چاودێریی مەسرووری بارزانی

هێڵی کارەبای خەبات .. زەنگەنان دەکرێتەوە


لە ژێر چاودێریی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی وەزیری کارەبا، هێڵی کارەبای خەبات - زەنگەنان لە ئاکرێ دەکرێتەوە، گوتەبێژی وەزارەتی کارەباش دەڵێت، پارێزگای دهۆک دەتوانێت تەواوی بەشەکارەبای خۆی بە دەست بگات و، ئەم پرۆژەیەش ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە پێشخستنی ژێرخانی گواستنەوەی کارەبا لە نێوان پارێزگاکانی کوردستاندا.

گوتەبێژی وەزارەتی کارەبا گوتیشی: پارێزگای دهۆک دەتوانێت تەواوی بەشەکارەبای خۆی بە دەست بگات و، ئەم پرۆژەیەش ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە پێشخستنی ژێرخانی گواستنەوەی کارەبا لە نێوان پارێزگاکانی کوردستاندا.

بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەیانی /2019 12/23 لە مەراسیمێکدا لە ژێر چاودێریی مەسرووری بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە ئامادەبوونی ئەندازیار کەمال محەمەد ساڵح، وەزیری کارەبا و، فەرهاد ئەتروشی، پارێزگاری دهۆک، هێڵی کارەبای خەباتژ زەنگەنان لە ئاکرێ دەکرێتەوە، کە وێستگەی 132 کەی قێی ئاکرێ دەبێت، ئەم پرۆژەیەش بە درێژایی 33 کیلۆمەتر هێڵی پاڵەپەستۆی بەرزە و 104 تاوەری بەرز لە خۆ دەگرێت و لەلایەن کۆمپانیای هێرۆوە بە تێچوونی 7 ملیۆن و425 هەزار دۆلار لە ماوەی120 ڕۆژدا تەواو بووە، واتە پێش وادەی دیاریکراوی خۆی پرۆژەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام دراوە.

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگای هەولێر

پێوەری ئاو و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێکرد



ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بە ئامادەبوونی د. عەبدولحەکیم خەسرۆ سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، کۆبوونەوەیەک سەبارەت بە چەند پرسێکی گرنگ کە لە ناویاندا پێوەری ئاوی ماڵان بوو بەڕێوەچوو، تێیدا گفتوگۆیەکی چڕ لەوبارەیەوە کرا. لە کۆبوونەوەکەدا کە خەسرۆ کەمال بریکاری وەزارەتی شارەوانی ئامادەی بوو، پرسی پێوەری ئاوی ماڵان و کێشە و گرفتەکان و چارەسەرکردنی و چەند تەوەرێکی دیکەش تاوتوێ کران، هەروەها جەختیش لە هەماهەنگی نێوان وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگاری هەولێر کرایەوە لە پەیوەست بە جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و هەماهەنگی زیاتر لە هەموو ڕووێکەوە. هەروەها ئاماژە بە گرنگی بەستان و کارکردن بە پێوەری ئاوی ماڵان کرا بەوەی ڕێگری دەکات لە بەفیڕۆدانی ئاو کە سامانێکی نیشتمانییە و نابێت زیانی پێ بگات، چونکە لە ڕابردوودا بڕێکی زۆر لە ئاوی پاک بەفیڕۆ دراوە و ئەمەش زیانێکی یەکجار زۆری بە حکوومەت گەیاندووە کە بەهۆیەوە پارەیەکی زۆر لە دابینکردنی ئاو خەرج کراوە، کەچی هێشتا بڕێکی زۆر ئاو بەفیڕۆ دەدرێت، هەروەها کێشەکانی پێوەری ئاو تاوتوێکران و جەختیش کرایەوە پێویستە چارەسەری کێشەکان بکرێت بە جۆرێک کە هاوواڵتیان زیانمەند نەبن. پارێزگاری هەولێریش لای خۆیەوە بەڵێنی هەموو هاوکاری و هەماهەنگییەکی دا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی بەستنی پێوەری ئاو، وەک چۆن مامەڵە لەگەڵ پێوەری کارەبا کرا. شایەنی باسە، هەر تاکێک لە کوردستان، ڕۆژانە بڕی 250 تا 300 لیتر ئاوی بۆ دەستەبەر دەکرێت، لەکاتێکدا بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی هەر تاکێک پێویستی بە 200 لیتر ئاو هەیە ڕۆژانە، بۆیە هەر تاکێک لە کوردستان لە پێویستی خۆی زیاتر ئاوی بۆ دەستەبەر دەکرێت. هەر دۆڵچە ئاوێک 16کاتژمێری پێ دەچێت تا بەشێوەیەکی خاوێن کە بۆ خواردنەوە بشێ، دەگاتە هاوواڵتی، هەر لە وەرگرتنی لە وێستگەکانی ئاو و خاوێنکردنەوەی تا گەیاندنی بە تۆڕەکانی ئاو و گەیشتنی بە هاوواڵتی. هەروەها بوتڵێکی ئاو کە ناگاتە لیترێک، لە بازارەکان بە 250هەزار دیناری عێراقییە، مەتر سێجایەکی ئاو کە دەکاتە پێنج بەرمیل ئاو و لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی ئاو دەگاتە تۆڕەکان، بە 50 دیناری عێراقی دەگاتە هاوواڵتیان.

لە ساڵی 2020دا هێنانی ئۆتۆمبێلی لێدراو قەدەغە دەکرێت

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە نووسراوێکدا ئاماژە بەوە دەدات، لە ساڵی 2020وە تەنیا ئۆتۆمبێلی بێلێدران داخڵی هەرێمی کوردستان دەکرێت. وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نووسراوێکی دەرکردووە و تێیدا هاتووە: لە 2020/1/1وە، هیچ جۆرە ئۆتۆمبێلێکی لێدراو، چاککراو و ژێرئاوکەوتوو داخڵ ناکرێت. باس لەوەش کراوە، تەنیا ئۆتۆمبێلی بێلێدرانClean Title داخڵی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بە مەرجێک هیچ جۆرە لێدراوییەکی پێوە دیار نەبێت. هەر لە نووسراوەکەدا ئاماژە بەوەش دراوە، کە ئۆتۆمبێلی سفر کیلۆمەتر بەپێی مۆدێلە ڕێگەپێدراوەکان و بەپێی ڕاپۆرتی CarFax و بڕوانامەی COC داخڵ دەکرێت.

ل دەمەکێ نێزیک ڕێکا دەولەتی گرشین .. دێربون دێ کەڤیتە دخزمەتا هاتن و چونا گشتی دا



فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا نونەرێن کومپانیا HGG یا چێکرنا ڕێکا دەولەتی گرشین دێربون کر. دهەڤدیتنەکێدا ب ئامادەبونا نونەرێ ڕێڤەبەریا ڕێک و پران ل دهۆکێ بەحسێ قوناغێن دوماهیێ یێن پروژێ ڕێکا نیڤ دەولەتی گرشین دێربون وگرنگیا ڤێ ڕێک بو هاتن و چونا گشتی و بازرگانی هاتە کرن. پارێزگەرێ دهۆکێ دەست خوشی ل ستافێ کارێ کومپانیا HGG کو ب رەنگەکێ ڕێک وپێک و ل ژڤانێ دەست نیشانکری پروژێ ڕێکا دەولەتی گرشین دێربون جێ بەجێکر وتەکەزکر کو ب چێکرنا ڤێ پارچا ڕێکا نیڤ دەولەتی بزاڤا بازگانی وهاتن وچونا گشتی خوشتر وبلەزتر دێ هێتە ئەنجامدان هەروسا رودانێن هاتن وچونێ ژی دێ هێنە کێمکرن.

هەژی گوتنێ یە پروژێ ڕێکا گرشین دێربون ل سەر بودجا قەرێن عیراقێ ژبانکا دەولەتی وەرگرتین ول دووف پشکا بودجا هەرێمێ17% بکوژمێ 53 ملیون دولارا هاتیە ئەنجامدان ، ڕێکا نافبری دوو سایدە درێژیا هەر سایدەکی 20 کم دگەل چێکرنا پێنج ئەندەرپاسا و دوو پرێن ڕێک و پێک پروژە ب دوماهی هاتیە و ل نێزیک دێ کەڤیتە دخزمەتا هاتن و چونێ دا پروژە لبن سەرپەرشتیا ڕێڤەبەریا ڕێک و پرا ل دهۆکێ و ژلایێ کومپانیا HGG هاتیە بجھ ئینان.

سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان:

پێداچوونەوە بە مووچەی پێشمەرگە دەکرێت



سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، هێزێکی نیشتیمانیی پێشمەرگە دروست دەکرێت و یەکەیەکی حیسابییان بۆ دەکرێتەوە. دەشڵێ، چاکسازی لە مووچەی فەرماندەکانی پێشمەرگەدا دەکرێت.

ریقینگ هروورى، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: کۆمەڵێک چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگەدا دەکرێن و بڕیارە دەستکاریی مووچەی فەرماندە پلە بالاکانی پێشمەرگەدا بکرێت، بەڵام ئەوانەی لە ساڵی 1991وە خەباتیان هەبووە، تایبەتمەندیان دەبێت و خزمەتیان بۆ حیساب دەکرێت و دەستکاری مووچەیان ناکرێت، بەڵام ئەوانەی دیکە دەستکاریی مووچەیان دەکرێت.

هروورى گوتیشی: ئەوەی کێشەیەلە ئێستادا ئەوەیە، هەر هێزێکی پێشمەرگە یەکەی حیسابی هەیە و مووچەی خۆی لەوێ وەردەگرێت، بەڵام بۆ ئەوەی چاکسازی بکرێت، هەموو هێزی پێشمەرگە یەک یەکەی حیسابی دەبێت و مووچەی هەموو هێزەکانی پێشمەرگەش وەکو یەک دەبێت و جیاوازی نابێت و پێشمەرگەش دەبێتە هێزێکی نیشتیمانی.

دەشڵێ، ئەمە هەنگاوێکی گرنگە بۆ هێزی پێشمەرگە، چونکە بەم هەنگاوانە پێشمەرگە دەبێتە یەک هێز و یەک یەکەی حیسابی و یەک جۆری مووچە وەردەگرن، کە ئەمە خواستی هەمووانە و ستەم لە کەس ناکرێت.

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە کەم و کوڕیەکانیان سەردانی دامو دەزگا تەندروستیەکانی کرد



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لەڕەوشی تەندروستی نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی مندالان دوێنێ دکتۆر دلۆڤان محەمەد فاتح جەلال بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بەیاوەری یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی و بەڕێوەبەری کاگیڕی و سەرۆک بەشەکان سەردانی نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی مندالانی لە هەولێر کرد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری کەموکوڕیەکان و چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە پزیشکی و تەندروستیەکان بێت و لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر یەکەیەکەی بەشەکانی ئەو نەخۆشخانەیەی بەسەر کردەوە بەدواداچوونی بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان کرد و چەندین بڕیاری گرنگی بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان داو، پاڵپشتی تەواوی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان دەبڕی وەک فراوانکردنی بەشی ڕاوێژکاری و دانانی پزیشکی زیاتر بۆ کەمکردنەوەی ئەو جەنجاڵیە زۆرەی کە لەبەشی ڕاوێژکاری بەرچاو دەکەوت بڕیاریدا بەپەلە چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێت و جەنجاڵی نەمێنێ.

دواتر دکتۆر دلۆڤان محەمەد فاتح بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بەیاوری یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و ژمارەیەک لە سەرۆک بەشەکان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی لیژنە پزیشکیەکانی کرد و لەگەڵ دەستەی کارگێڕی لیژنەی پزیشکی سەرجەم بەشەکانی نێو لیژنە پزیشکیەکان کۆبۆوە و تیشک خرایە سەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکانی نێو لیژنە پزیشکیەکان و ڕۆژانە بەسەدان کەس سەردانی ئەو لیژنە پزیشکیانە دەکەن و ڕۆژانە جەنجاڵی هاوواڵتیان لەو لیژنە پزیشکیانە بەرچاو دەکەوێت و بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێریش بڕیاریدا بە زیادکردنی فەرمانبەر و خێرا ڕایی کردنی مامەڵەی هاوواڵتیان و تەنسیب کردنی پزیشکی پسپۆڕ بۆ لیژنە پزیشکیەکان تا چیتر ئەو جەنجاڵیە نەمێنێ.

مۆڵەتی ژمارەیەک پرۆژەی وەبەرهێنان هەڵوەشێندرانەوە

دەستەی وەبەرهێنان سەرقاڵی یەکلاکردنەوەی کێشەی پرۆژەکانی وەبەرهێنانە و زۆربەی ئەو پرۆژانەش کە پێشتر مۆڵەتیان هەبووە، دەستبەکار بوونە، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێریش دەڵێ، تەنیا هەفتەی ڕابردوو مۆڵەتی سێ پرۆژە هەڵوەشێندراونەتەوە. سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی هەولێر، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ئەو پرۆژانەی وەبەرهێنان کە مۆڵەتیان پێ دراوە و دوای تەواوبوونی وادەی یاسایی دەستبەکار نەبوونە، مۆڵەتەکانیان هەڵدەوەشێنینەوە، بەڵام بەشێکیان دەستبەکار بوونەتەوە و تەنیا لە ماوەی هەفتەی ڕابردووشدا مۆڵەتی سێ پرۆژە هەڵوەشێندراوەتەوە.

ڕوونکردنەوەیەک بۆ بەستنی پێوەری هەژمارکردنی کارەبا



بەمەبەستی ڕەچاوکردنی دۆخی هاوڵاتیانی خۆشەویست لەکانی بەستنی پێوەرەکانی هەژمارکردنی کارەبا و بۆ کەمبوونەوەی پاڵەپەستۆ لەسەر فەرمانگەکانی کارەبا و لەگەڵ هاتنی پشووەکانی سەری ساڵ، وەزارەتی کارەبا بڕیاریدا بە درێژکردنەوەی ماوەی بەستنی پێوەرەکانی هەژمارکردنی کارەبا بۆ ئەوانەی پێوەریان نییە تا 2020/2/1.

هەڵوێستی ئافرەت و کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی ژنانە

ژنان پێیانوایە ئەو جیاکارییەی لەنێوان هەردوو رەگەزدا هەیە بۆ ئەو زاڵبوونەی پیاوان دێت لەبەرانبەر ژێردەستەییبوونی ژناندا



سەردار حوسێن



ئەو تێڕوانینانە مەودایەکی فراوانی لە بیرکردنەوە وەرگرت و بە دەستەواژەی (ژنایەتی - فیمینیزم) ناسرا، بەو پێیەی ڕێکخراوێکە لە چەندین بیرۆکەی گشتینراو و خوولاوەدا، بەو واتایەی چڕ دەبێتەوە لەبارەی ئەزموون و شارەزایی و تێڕوانی ئافرەتان بۆ جیهان و پێگەی خۆیان، کە بە ڕەگەزێکی نایاب وەسفیان دەکرێت. جیهان بەپێی ئاراستەکانی ژنان دابەش دەبێتە بەسەر دوو چیندا، بە جیاوازی خواستەکانیشیانەوە، چینی پیاوان بەرانبەر چینی ژنان، کە هەر یەکێکیشیان پێداویستی و داواکاری تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەو پێویستیانەش خۆرسکانە بێت یان کۆمەڵایەتی، ژنان پێیانوایە ئەو جیاکارییەی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا هەیە بۆ ئەو زاڵبوونەی پیاوان دێت لەبەرانبەر ژێردەستەییبوونی ژناندا، یاخود رازیبوون و تووڕەییان لەوەی ڕۆڵی کەسی دووەم بگێڕن لە جیهانی کۆمەڵایەتییەوە، کە داڕێژەرەکەی نێرینەکانن و ڕەنگە بۆ بەرژەوەندی پیاو بخرێتەکار. زۆر شت لە چوارچێوەی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەدا گوترا، لە پێناسەی ئەو ناخۆشی و تاڵییانەی دەوری ئافرەتیان داوە، ژنان بێبەشن لە هەموو ئەو مافانەیان لە فێربوون و دەربڕینی ڕای خۆیان و ڕێزگرتن لە هەڵبژاردە تایبەتەکانیان لە ژیان و ڕەچاوکردنی ڕۆڵ و ئەو پیشەیەی هەیانە، لەسەر ئاستی چاودێری و هێنانەبوون و پەروەردەکردنی منداڵ و کاری ناوماڵ و شتی ترین، ئەوەیش کاریگەری لەسەر پێگەی پێشبڕکێکردنیان هەیە لەگەڵ پیاوان لە بازاڕی کاردا بە شێوەیەکی تایبەت، ئەوەش جیا لەو یەکسانبوونەیان لەگەڵ پیاوان لە بواری گشتییەکاندا، هەروەها لە وەرگرتنی بەرپرسیارێتی مالەوە لەلایەن هەندێکیانەوە بەشێوەیەکی تایبەت.

بۆ ئەوەی لە بیرەوەرییماندا بمێنێتەوە، ئەو بیرۆکانە شوێنێکیان دەستنەکەوت جگە لە ڕۆژئاوا، بە تایبەتیش لەو ماوەیەدا کە بیرۆکەی ژنان بە تەواوی پێکهات، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمینەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، لەگەڵ ئەوەشدا وەها گوتنێک لە لایەکی دیکەوە واتای ئەوە نادات کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمینەوە، چەند دەنگێک لێرەو لەوێ پەیدا نەبووبێت ژ ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە هەندێک لە ولاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای عەرەبین- کە بەرگرییان لە ئافرەت و مافەکانیان لە فێربوون کارکردن مامەڵەیەکی دروست کردووە، هەروەها ئەدیبان و چالاکوانانی ژنان درێغییان نەکردووەو پیاوانیش هاوکارییان بوون لەو هەوڵانەیان، وەکو: قاسم ئەمین و تەها حوسێن وەک نموونە، نەک بە گشتی.

بەڵام هۆکاری ئەوە لە پێشەکیدا بۆ ئەو لایەنە دەگەڕێتەوە، کە ولاتانی ڕۆژئاوا دەستپێشخەربوون لەو گۆڕانکارییەی لە سیستەمی چینایەتیدا، کە لە سەردەکانی ناوەڕاستەوە بااڵیان بەسەریدا کێشاوە، لەلایەن سیستەمی سەرمایەداری لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری ئابووری و پەرەپێدانی تەکنۆلۆژی و ئارامیی فیکرییەوە لەلایەک و کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیش لە لایەکی دیکەوە، کە وشیارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پاڵنەری ئەو ئاراستەیە بوو، کە داواکی گۆڕانکاری و ملمالنێکانی ژنان درێغییان نەکردووەو پیاوانیش هاوکارییان بوون لەو هەوڵانەیان، وەکو: قاسم ئەمین و تەها حوسێن وەک نموونە، نەک بە گشتی.

بەڵام هۆکاری ئەوە لە پێشەکیدا بۆ ئەو لایەنە دەگەڕێتەوە، کە ولاتانی ڕۆژئاوا دەستپێشخەربوون لەو گۆڕانکارییەی لە سیستەمی چینایەتیدا، کە لە سەردەکانی ناوەڕاستەوە بااڵیان بەسەریدا کێشاوە، لەلایەن سیستەمی سەرمایەداری لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری ئابووری و پەرەپێدانی تەکنۆلۆژی و ئارامیی فیکرییەوە لەلایەک و کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیش لە لایەکی دیکەوە، کە وشیارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پاڵنەری ئەو ئاراستەیە بوو، کە داواکی گۆڕانکاری و ملمالنێکانی ژنان درێغییان نەکردووەو پیاوانیش هاوکارییان بوون لەو هەوڵانەیان، وەکو: قاسم ئەمین و تەها حوسێن وەک نموونە، نەک بە گشتی.

بەڵام هۆکاری ئەوە لە پێشەکیدا بۆ ئەو لایەنە دەگەڕێتەوە، کە ولاتانی ڕۆژئاوا دەستپێشخەربوون لەو گۆڕانکارییەی لە سیستەمی چینایەتیدا، کە لە سەردەکانی ناوەڕاستەوە بااڵیان بەسەریدا کێشاوە، لەلایەن سیستەمی سەرمایەداری لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنانەی لە بواری ئابووری و پەرەپێدانی تەکنۆلۆژی و ئارامیی فیکرییەوە لەلایەک و کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیش لە لایەکی دیکەوە، کە وشیارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پاڵنەری ئەو ئاراستەیە بوو، کە داواکی گۆڕانکاری و ملمالنێکانی



یەکبوونی ڕەگەز نەبووە هۆی چارەسەری ئەو دابەشکارییانەی دیکەی کۆمەڵگا، کە خۆی لە ڕەچەڵەک و تۆڕ و ئایین و ژیانی تایبەت و تەمەن دەبینییەوە

ووژاند، بەوەی کە بە پەراوێزخستنی ژنان و کێشەو ئاریشەکانیان، سەنگی زۆرێک لەو گۆڕانکاری و داواکارییانەن، تا ئەو ڕادەیەی دەتوانرێت ئەو چالاکییانە بەوە وەسف بکرێت کە بەشێکی زیندوو و تەواوکەری ئەو وێنایەن، کە ڕۆژئاوا دەستپێشخەری بووە لە لایەنی میژووی یان کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە. هەروەهاش کارکردنیان لەسەر وەسفکردن و شیکردنەوەی ئەو پێشکەوتنانەی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان بەخۆیانەوە بینیووە و بووەتە هۆی گەشەکردنی بەرهەمی ئابووری، کە ملمالنێی چین و تۆژە کۆمەڵایەتییەکانی بەخۆیەوە بینیووە، کە ئەوەیش پێویستی بەوەکرد چاو بە جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە باوەکان بخشێندرێتەوەو تەنیا لەئاستی پەیوەندییە چینایەتی و ریشەییەکان نەمێنێتەوە، بەڵکو دریژەی کێشا بۆ گرنگیدان بە کێشەکانی ئافرەتان و پرسی یەکسانی بوونیان لەگەڵ پیاوان، بە واتایەکی دیکەیش بیرکردنەوەی ژنان کە بە (ژنایەتی ژ فیمینیزم) دەناسرێت، تێڕوانینێکی ڕۆژئاواییەو گوزارشت لە داواکاری و پێداویستی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، - ڕەگەزێکی نایاب - ژنان لەبەرانبەر پیاواندا، خۆی و تاکەکانی وەها دەبینێت کە لە جیهانێکی پڕ ململانێیدا دەژین، کە قۆرخکاری و توندوتیژی و دەستبەسەرداگرتن لە باوترین شتەکانن، کە ئەوەیش بۆ کۆمەڵگاکانی دیکەی جیا لە ڕۆژئاوا نەهاتۆتەدی.

ئەگەر ئێمە ئەو گوزارشتانە وەربگرین، بە تایبەتیش کۆمەڵایەتی، ئابووری و وەها پێناسەی بکەین، کە بنەمایەک بێت بۆ سەرهەڵدان و پێشکەوتنی فیکری ژنان، جێگەی سەرسوڕمان نابێت کە هیچ ئاماژەیەک بۆ وشیارییەکی پڕشنگداری ژنانە نابینین، جگە لە ولاتانی ڕۆژئاوا. بە لەبەرچاوگتنی ئەوەی ڕۆژئاوا لە ڕێگەی سیاسەتی دەستبەسەرداگرتن و قۆرخکاری کۆلۆنیالی، بەدوور نەبوون لە ڕەتکردنەوەو چارەسەری ئەو بیرۆکانەی سەریانهەڵدابوو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بە تایبەتیش ئەوکاتەی ئەم کۆمەڵگایانە ڕووبەرووی دەستبەسەرداگتنی بیانی بوونەوە، لە گۆڕانکاری سیستەمی ئابووری و سیاسی بااڵتردا. لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا دواکەتن هەبوو لە هەردوو بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری وێڕای سیاسیش، بەڵام ئەوەی کاریگەری لەسەر وشیاری خەڵک و ژیان و سیستەمی دامەزراوەکانیان بەها باوەکانیان هەبوو، ئەوە بوو کە کاتی (حوکمی نیشتیمانی) هات لە چەندین ولاتدا، ئەوەبوو ئیدی نوێبوونەوە ڕێڕەوی خۆی وەرگرت لەو کۆمەڵگایانە، کە لەژێر دەستی بێگانەدا دەرچوون. ژن و پرسەکانیاشیان دەرکەوتن، بەڵام کاتێک لەوێدا خرانە لیستی گرنگیپێدانی خەڵکەوەو بەتایبەتیش کە قسەوباس کەوتە سەر ئەوەی ڕزگاریی نیشتیمان تەواو نابێت بەبێ ڕۆڵی ئافرەت، بەڵام ئامانجی کۆتایی ئەوەبوو، کە خۆی لە ئامادەکردنی ژنان دەبینییەوە بۆ خزمەتکردن بەو ئامانجەی کە بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی نەریتی تێک دەشکاندو بە یەکێک لە گرنگترین ئەو هەنگاوانە دادەنرا، بۆ دەستبەرکردنی ئەو کرداره نوێگەرییە، ئەوەیش چەندین ئەدیب و ئایدۆلۆژیستی تایبەت بەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە جەختیان لێکردۆتەوە، کە هەڵەتی ڕزگارکردن لە سەدەی بیستەم و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە هەناوی ئەو بزووتنەوانە دروست بوون.

ئەوەش تارادەیەک چوارچێوەیەکی گشتی و نەریتییە بە تایبەت بۆ هزری ئافرەتی ڕۆژئاوایی، بەڵام ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە بارودۆخی ئافرەتدا، بە پلە ڕەخنەی لێگرا لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، یان کەمێک پێش ئەو بەرواردەیش، بە تایبەتیش لەلایەن ئەو ژنانەی ڕەنگاورەنگ بوون، یان وەک دەگووترێ ژنانی جیهانی سێیەم یان جیهانی خەوتوو، لە کۆتاییشدا لەلایەن ئاراستەی دوای نوێگەری، بەڵام هۆکارە شاراوەکانی پشت ئەو ڕەخنانە بەوە پاساو دەدرانەوە کە مەسەلەی ژێردەستەبوونی ژنان و توندوتیژییەکانی بەرانبەریان، کە لە بیرو هزریاندا دەخوولایەوە، گوزارشتی لێوە نەکرابوو لە هەندێک لایەنەوە، بەتایبەتیش لە ئەزموونی هەندێک تۆێژی دیکەی ژنان، کە ژنان تەنها وەک ڕەگەزێک یان چینێک ڕووبەرووی پیاوان نەبوونەوە، بە تایبەتیش لەو ڕووەوە کە بەهۆی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان هاتبوونە دەست، دواتریش ئەو سەرکەوتنانەی لەسەر سیاسی بەدیهاتن و گۆڕانکاری لە فیکری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هاتنە ئارا.

لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو تا دەگاتە سااڵنی پەنجا، هەموو ڕووکارەکانی شکەست و کەمتەرخەمی خرانە سەر بارودۆخە بەدەست هاتووەکان لە بزووتنەوەی ژناندا لەسەر ئاستی سیاسی و یاساییدا، کە خرانە بواری جێبەجێکردنی لە کارخانە ئابوورییەکان بوارەکانی دیکەی کاردا، کە پێداویستی و شارەزایی ژنانی بەدوای خۆیدا هێنا.

Myra M. Ferree دەڵێت: وێڕای فراوانبوونی مافی دەنگدان و بەشداری سیاسی ژنان لە جیهاندا، بەڵام ڕێگای بیرکردنەوە لە جێندەر بە قوواڵی، باڵی کێشا بەسەر داواکارییە تایبەتەکانی لیبراڵییەت و نوێگەری و بیری نەتەوەیی و جیهانگەرایی، بەردەوامیش دەبێت لە فەراهەمکردنی ڕێگاکانی بەرگریکردن کە بەشێوەیەکی ڕوون گوزارشتی لێکراوە بۆ بیناکردنی دەوڵەتێکی زانستی عەڵمانی، کە بەوە پێناسە دەکرێت بۆ چیانێکی گشتی هاوچەرخ، نایاب بێت، هەروەها بەوەش وەسف دەکرێت کە بەشێوەیەکی تایبەت پەیوەستە بە ڕۆژئاواوە".

وێڕای ئەوەش یەکبوونی ڕەگەز نەبووە هۆی چارەسەری ئەو دابەشکارییانەی دیکەی کۆمەڵگا، کە خۆی لە ڕەچەڵەک و تۆڕ و ئایین و ژیانی تایبەت و تەمەن و ...هتد دەبینییەوە، دابەشکارییەکانی ژنانیش بەدوای ئەو خواست و چینایەتییەوە هات، کە هەندێک لە لقەکانیان دژ بەیەکتربوون، چەندین ئاراستەی فیکری و ناوی جیاواز دەرکەوتن، کە کاریان لەسەر جیاکردنەوەی ئەندام و چالاکوانە سپی پێستەکانی خۆیان دەکرد لەگەڵ ئەو چالاکوانە ئافرەتە ئەمریکییە ڕەش پێستانەی بە ڕەچەڵەک ئەفریقایی بوون، کە ئافرەتە ڕەنگاورەنگەکان بە ڕەچەڵەک لاتینی بوون، ئەوە جیا لەوەیش کە ئەو ژنانەی حەزێکی سێکسی جیاواز لە سرووشتی خۆیان و نەشازی ڕەوشتی و دەروونی هەبوو.

بەدوورکەوتنەوە لەو جۆرە جیاوازییانە، لەم بەشەی ئەو تۆێژینەوەیەدا لە ئایینەندا بەلایەنی کەمەوە دەمانەوێ بگەڕێینەوەو لەبارەی سرووشتی ئەو ژێردەستەبوونەی ژنان بپرسین کە بەدەستییەوە دەنااڵێنن، کە گرفانەی بیردۆزەکانی ژنانی بەگشتی لەسەر بینا کراوە، هەروەها هۆکارەکانیش، ئێمە بەوە وەاڵمی ئەو پرسیارە دەدەینەوە، کە: ئەوەیان بەلایەنی کەمەوە دەکەوێتە سەر دوو شێوازی جیاکاری، کە زۆرترین سکااڵی ئافرەتان دەکەوێتە سەر پیادەکردنیان، ئەو جیاکارییەی لەسەر بنەمای سێکس دروست بووە و دریژەی هەیە بە شێوازە سرووشتییەکەی و هەموو بوونەوەرانی دابەشکردووەو کاریگەری لەسەر پیاو- ژن داناوە، جیاکارییەکەی دیکەیش لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتییە، کە خەڵک لەسەر شێوازی جیاکاری نێوان نێر و مێ ڕاهاتووەو ناوی لێناوە جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر). جیاکاری یەکەم ژنان و پیاوان دەستیان تێنیدا نییە، کە دەرئەنجامەکەی بە دایکایەتی و منداڵ بوون لە ژیانی ئافرەتدا دەخوولێتەوە، لە هەمان کاتیشدا پیاو ئەرکی بەختەورکردنی منداڵ و بژێوی دەگرێتە ئەستۆ، ئەوەش بە دابەشکردنی ئەرک لەنێوان هەردوو ڕەگەز دانراوە، کە پێیەوە پابەندن و دەبێ هەر یەکەیان ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و لەسەر ئەو جیاکارییە ڕێک بکەون، لێرەشدا سنووڕێک لەنێوان ژیانە کۆمەڵایەتییەکە دەکێشرێت، کە لەچوارچێوەی مااڵ و هەڵستان بە ئەرکەکان و بواری گشتیشدا دادەنرێت، ئەوەیش ئەو ئەرکەیە کە پیاو دەبێ خۆراک و جلوبەرگ و پاراستنی خێزان لە چالاکییەکانیدا دەستەبەر بکات.

کچی هەڤاڵێکی بارزانیی نەمر، دوای 50 ساڵ لە روسیاوە دەگەڕێتەوە کوردستان





خاتوو فاتیما لەسەر گۆڕی باوکی، خوالێخۆشبوو (حوسێن ئەحمەد تاهر ئیشوکۆزێ) ناسراوە بە (حەسەشار)

دوای گەڕانەوەی باوکمان بۆ کوردستان ئێمە لای داپیرمان ژیانمان بەسەر برد، دایکم سەربوودەی خەباتی باوکم و هەڤاڵانی لەگەڵ بارزانیی نەمر بۆ باسی دەکردم، کاتێک باوکم لە ئاوارەی دا لەگەڵ چەند هەڤاڵێ دا هەڵهاتن.

خەبات: پەیرەم- سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی

دوایی تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و بڕیاری کۆنەدان لە خەبات و بەرگری، رابەری ڕۆحی نەتەوەی کورد (بارزانیی نەمر) لە گەڵ 500 کەس لە هەڤاڵانی ڕێگای مان و نەمانیان هەڵبژارد و لە 1947/6/18 لە ڕووباری ئاراس بپەڕنەوە بۆ ناو خاکی ڕوسیا (یەکێتی سۆڤیەتی جاران)، بۆئەوەی دەنگ و هاواری خەڵکی کوردستان بگەیەنن جیهان و یەکێتی سۆڤیەتی جاران و بەردەوام بن لە خەبات و تێکۆشان. (بارزانیی نەمر) و هەڤاڵانی بۆ ماوەی 12 ساڵ کە لە سۆڤیەتی جاران بوون زۆر بەسەرهات و ڕووداو و یادەوری تر ماوەن کە تاکو ئێستا نەدرکاون. لەوانە... هەندێک لە ئەو هەڤاڵە تێکۆشەرانە لە غوربەتیدا ژیانی هاوسەریان پێکهێنا، هەندێک لە ئەو ئافرەتانەی لە کاتی گەڕانەوەی هەڤاڵەکانی بارزانیی نەمر بۆ کوردستان 1959/4/16 لە گەڵ هاوسەرەکەیان بە منااڵەوە نەگەڕانەوە، یاخود خانەوادەکانیان نەیانهێشتووە لە گەڵ هاوسەرەکەیان بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. ئینجا دوای ڕاپەڕینی 1991 لە سایەی ئازادی کوردستان، پەیتا پەیتا کەس و نەوەی جێماو لە ڕووسیا خۆیان یان منداڵەکانیان سەردانی خزم و کەسیان دەکەن لە کوردستانی ئازاد. (فاتیما حەسەشار) کچی خوالێخۆشبوو (حوسێن ئەحمەد تاهر ئیشوکۆزێ) ناسراوە بە (حەسەشار) یەکێکە لەو کەسانەیە لە گەڵ 2 خوشک و 1 برا دایکی لە ڕوسیا مابوونەوە. (حوسێن ئەحمەد تاهر ئیشوکۆزێ)ناسراوە بە (حەسەشار) باوکی (فاتیما) یەکێک لەو پێشمەرگە دڵسۆزانە بووە کە لەگەڵ برای پێشمەرگەی گیانفیدا (سلێمان حەدو شینۆ) بەشداریان لە شۆڕشی دووەمی بارزان و بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد و هەروەها لە مەهاباد هاوسەر و 2 کوڕ و 2 کچی لە ئەنجامی نەخۆشی کۆچی دواییان کربووە.



پەیامنێری خەبات لەگەڵ خاتوو فاتیما حەسەشار کچی خوالێخۆشبوو حەسەشار

(حەسەشار) باوکی (فاتیما)، دوای گەڕانەوەی لە ڕووسیا، بەشداری شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی کردووە و دوای نسکۆی شۆڕش ئاوارەی ئێران بووە و لە 1991/1/11 کۆچی دوایی دەکات. دوای ڕاپەڕین (شەهید زەکری) کە ئەویش کوڕی (حەسەشار)ە لە پێناو کوردستان شەهید دەبێت. ئەم خانەوادە تێکۆشەرە لە بنەماڵەیەکن کە خزم و کەسیان شەهید و ئەنفالکراون لەپێناو خاکی کوردستان. ڕۆژنامەی خەبات بە ئەرکی سەر شانی خۆمان زانین کە لە پیرمام لە مااڵی پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و ڕاپەڕین (عەشقی حەسەشار) بۆ ای (فاتیما حەسەشار)لە نزیکەوە چاوپێکەوتن لە گەڵ خاتوو (فاتیما حەسەشاری) بکەین و لەنزیکەوە بیناسین و باسی چۆنیەتی هاتنەوە بۆ کوردستان بکات، هەروەها خاتوو (زولفێرە) کچی خوشکی فاتیما حەسەشار ئەوەیش ڕوسیە و خۆشەویستییەکەی بۆخاکی کوردستان و کەسوکاری وایکرد بیێتە بووکی بۆای(عەشقی حەسەشار). لەم دیمانەیەدا پرسیارو وەاڵمەکانمان بۆ وەرگێڕانە سەر زمانی کوردی و سااڵوی ڕۆژنامەی خەباتمان پێ ڕاگەیاندن و ئەوانیش زۆر دڵیان خۆشبوو کە پارتی و ڕۆژنامەی خەبات تێکۆشەرانی دونیێیان لە هەر یادە.

خاتوو(فاتیما حوسێن) لە بارەی ژیانی، بە هەستێکی زۆر قوڵەوە وەاڵمی خەباتی دایەوە:

من (فاتیما)کچی پێشمەرگە (حوسێن ئەحمەد ئیشوکۆزێ) ناسراو بە(حەسەشار)م، باوکم خەڵکی دەڤەری بارزانە، ناوی دایکم(لیڤایە زیتولا عەلی) باوکم لەگەڵ مامم(سلێمان حەدو) یەکێک لەو قارەمانانە بوون کەلە گەڵ ڕابەری کوردستان (بارزانیی نەمر) لە ساڵی 1947 بۆ دڕێژەدان بە خەبات لە پێناوی کوردستان هاتنە ڕوسیا (سۆڤیەتی جاران)، من ساڵی 1954 لە سەدسەف فوز ژێژنەکستان لە دایکبووە، تەمەنم یەک ساڵ بووە کە لەگەڵ باوکم چوویتە تاشکەند لە ڤریڤیسکی، تەمەنم 5 ساڵ بووە کە باوکم باسی گەڕانەوەی بۆ کوردستان دەکرد و دواتر لەگەڵ مامم وهەڤاڵەکانی بارزانیی نەمر لەساڵی 1959 بە کوردستان شاد بوون.

بڕێی دایکی تۆ نەگەڕایەوە، خاتوو(فاتیما) بە چاوەکانی پڕ فرمێسک گوتی:

نازانم بۆچی؟ چونکە دایکم زۆر غەریبی و ئاوارەی بینیبوو، چونکەلەگەڵ شەڕی ئاڵمانیا و ڕوسیا چەندەها جار نەفی کراوەن،هەروەها باوکم پێش چوونی بۆ کوردستان گەرچی ئەوکات منداڵ بووم و ئێستاش ئەو ڕوخساری باوکم هەر لە بەرچاوە، دایکم بە خۆی بۆ ئێمە چەندجار دەگێڕایەوە کە باوکم بە دایکمی گوت: وەرە لەگەڵمان بابڕۆین هەڵبەت زۆرێت لێ ناکەم، لەوانەیە دایکم پێی خۆش بووبێت، بەاڵم بنەماڵەکەی لەوەدڵگران بوون، مااڵی ئێمە بەبێ باوک زۆر ناخۆش بوو، دوای گەڕانەوەی باوکمان بۆ کوردستان ئێمە لای داپیرمان ژیانمان بەسەر برد، دایکم سەربوودەی خەباتی باوکم و هەڤاڵانی لەگەڵ بارزانیی نەمر بۆ باسی دەکردم، کاتێک باوکم لە ئاوارەی دا لەگەڵ چەند هەڤاڵی لە سەدسەف فوز لە ئوزبەکستان بوون لە ساڵی 1951 باوکم ژیانی خێزانی لەگەڵ دایکم (لیڤایە) پێک هێناوە و من لە ساڵی 1954 لە دایکبوومە کە لە خوشکەکانم عایشە و خوالێخۆشبوو حەلیما بچووکترم و برام ئەندازیار ئیسماعیل بچووکترە خانەوادەی دایکم لە بەر شەڕی ئاڵمانیا ئاوارەی ئەو شوێنە بوون، ئێستاش و هەمیشە یادی تەمەنی منداڵیم دەکەم لەگەڵ باوکم و مام سلێمان و خوشک و برا و دایک و کەسوکارم هەموو کاتێک ئەو ڕۆژانەم لە خێاڵ دایە کە باوکم چەند بەرەحم و باش بوو و خۆشەویست بووە و هەرچی پێویست بووە بۆ ئێمە دریغی نەکردووە و هەتا وێنەی باوکم و خوشک و برا و دایکم کە چەندەها ساڵ لای خۆمان پاراستووە و لای خۆمان هەڵگرتووە کە خۆزگە ڕۆژێک دەبوو کە لە نزیکی باوکمان دەبووین و بەیەک شاد دەبووینەوە بۆ جارێکی تر و هەتا دایک و بابی من یەکتریان خۆش دەویست و هەموو جار دایکم بە ناوەکی تر بانگی باوکی من دەکرد و پێ دەگوت: (حەسەن)، دیسان شەوی پێش گەڕانەوەی باوکم

ژنەکا هشیار و ب هێز دکاریت جڤاکەکی بهێز و هشیار بینتە بەرهەم

مەهدی حەسەن موراد





ددرێژاهییا خەباتا رزگاریخوازیا تەڤگەرا گەلێ مە یێ کوردستانێ دە ئافرەتا کوردستانێ ل گۆشەیێن بێباندۆر مابوو ، ئاستێ هەری کێم ژ تەقلیبوونا خەباتا شۆرەشگێری دە دناش هەموو تەخ و چینێن جڤاکێ ئافرەتا کوردستانی بوویە ، ڕێژا وان تەمەت تلێن دەستان بوونە دناش شۆرەش و سەرهلدانێن کوردی دا، لەوما د ئەکتیف نەبوون ژبەر زاڵ و گڤاشتنا ڕەگەزێ نێر لسەر ئافرەتێ ، دیسا کار و خەباتا وان ل ژێرچاڤدێری و کۆنترۆلا زەلاما دا بوویە، نە خودی هێز و بریارێن خوسەر بوونە ، کو بەرەڤانیێ ژ کەسایەتیاخوە بکەن و مافێن خوە بپارێزن، دگەل هندێ ڕەگەزێ نێر هەر دەم ب چاڤەک نزم ل ڕەگەزێ مێ دنێرین لەوما ژن هەر دەم خودەی کەسایەتیەک هەلوەشیای بوینە دناش جڤاکێ کوردستانی دا، هەتا چەند ساڵێن داویێ ژ سەد ساڵا 20ێ، ژنا کورد د تێگەهشتنا سیاسی د ڤی بواری دا گەلەکی لاواز بوو، بەلکی وەکی شەرمەکێ ددیت دەما کو ژنا کورد تەڤلی خەباتا سیاسی ببت ،تەنێ ئەو خەبات زەلامیێن کورد ژ ماف و ئەرکێن خودەزانی و خوە بەر دەفکێن دۆزا ژنان ددیتن بڤی هەلویستی ژنا کورد ما تەپەسەر وبن دەست و هەر زەلامی خوە ب خودان دازانین و مافێ وێ پێشێل دکر و تەپەسەر دکر و دڤیا وەسا بت ، بەلێ ژنا کورد کاری بئاوایەکی ڕێکا خەباتێ د ڕێکێن جوداوە ڤەکەت و کاری دەنگێ خوە بلند بکەت ئەو ژی ل دەسپێکێ لشۆرەشێن بارزان و ڕێزگرتنا شێخ ئەحمەدێ بارزانی و بارزانییێ نەمر ل ژنا کورد نەخاسمە ئەو بریارێن لشۆرەشا ئەیلولێ هاتین دان ژبۆ ئازادی و ڕزگاریا ژنا کورد کو ئەنجامێن ڤان شۆرەش و سەرهلداناحکومەت و بەرلەمان بوون دناف ڤان دام و دەزگەهێن ئیداری ژنا کورد ڕۆلەکێ بەرز لەیزی ،کو ئێدی نەمینت ل بن ڕکێفا زەلاما کو باب و برا بریارێ ل سەر کچ و ژنان بدەن ، یان گەلەک جارا کەس و کارێن کچاکورد بێ ڕازەمەندیا وێ دا ل کالەمێرەکی مەهرکەن، یان دا بەرخوین دەن و ب خوە دکرنە پێگوهۆرک، هەروەسا پرانیا کچان دناف چار دیوارێن مالێ دا دهاتنە زیندانیکرن ، دا کو هەر گاف د خزمەتا مێرانبکەت، و بەروڤاژی د هاتە کوشتن ژی هەگەر نەد خەبەرا مێرا دا با بەهانەیا ناموسێ ژی گەلک جارا، لێپارتی و بارزانی ئەف قەید و بەندێن پاشڤەڕۆ ژناڤ برن، وبریار ب ناڤێ شۆرەشێ هاتن دان سزایێن قورس دەرهەقی هەرکەسێ زۆرداریێ ل ئافرەتێ بکەت دێ لسەر ئێنە سەپاندن و ئەف چەندە بوو دەلیڤەک زێرین کو ژنا کورد ئێدی زۆردارییێ قەبول نەکەت وهیچ جوداهیەک نەبت دناڤبەرا زەلام و ژنێ دا ،ئەفرۆ ژنا کوردا لدام و دازگەهێن میری و سیاسی و لەشکەری ب ڕێڤەدبەن ل وەلاتی و ئەورۆپا و جیهانێ رۆژلێ خۆ دبینن ،ئەڤێ چەندێ باندۆرا خوە د جڤاکێ کوردی کر و هشیاریەک دناف جڤاکا باشڤەروو دەرباز دکر دگەل ڤێچەندێ هشیاریەک دناف تەخا ژنان دا چێ بوو، ئەف هشیاری دکەڤتە دبن باندۆرا تەڤگەرا کوردستانی دە، لێ پێ نەڤێت هندەک یاساییێن جڤاکی تەڤلیهەڤ دکرن و کاری هێزا خوە د خەباتا سیاسی و لەشکەری وجهێ خوە دناڤ ئیرادا کوردستانی دا بکەت ، لێ ئەڤ ژنا ل گۆشەیێن بێ باندۆر مایی دناڤ وێ تاریێدا کاری خوە بکەت سەمبۆلەک دناڤ جڤاکێ کوردستانی دا دهەر وارەکی دە دگەل هندێ کارتێکرنا خوە لهە ڕچار پارچێن کوردستانێ بکەن و ڤێ ڕاستیێ بدەن ناسین ئەو ڕاستیا کو هشیاریا ژنا کورد دلگرانیەک ئێخستیە دناڤ جڤاکا کەڤنار یا کوردستانی دە و گۆمانێن مەزن پێشکەتنێ دەرکەت هەم ژ زەلامێن کو هێزاسەردەستیا ژنێ ژ دەست وان دەرکەتبوو هەم ژی ل نەک دەسهەلاتداران کو گۆمانێن وان چێدبوون کو وێجڤاکێ ژ بن کۆنترۆلا وان دەرکەڤێ ئەف جار ب هەموو ئالییان هەولدانەک دژ بەرخودانا خەباتا ژنێدەرکەت و هاریکاریەکا مەزن ژ دەزگەهییێن ئۆلی ڤەهاتە کرن بەرسنگێ خزمەت و خەباتا ژنێ بگرن ونەهێلن رزگاربن ل پێ هەر ناڤەکی هەبت ، هەر چەندە تووشی مەترسیەکێ بوون بەلێ هەڤرکیا هان بۆ وێ ببوو هێزەک دناڤ ڤێ هەڤرکییێ دە بهێزتر بوو، ئەڤرۆکا ئاستێ کو ژنا کوردستانی گەهشتییێ دە وبتاییەت دناڤ خەباتا سیاسی دە سەربلندا هیەکا مەزن بوو بۆ ژنێ بخوە کو ژناڤ قادا خەباتێ دا بوویەجیێ بربارگەهاندە، ئەڤ راستیا هێز دا زەلامی ژی و باوەری بۆ وی چێکر کو ژن دکارن بەرپرساتییێ لسەرملێ خوە راکت و کارتێکرنەکا بەرچاڤ د جڤاکی دا دروست بکەت و ڕۆلا ژنێ ب ئاوایەکی گشتی لبەر چاڤبت، هەلبەت ئاڤاکرنا کەسایەتیا ژنا کورد نە کارەک ئاسانە کو ڕێکخستنەک یان کەسەک بسپۆر بکارەدەمەکی کێم ڤان ریفروم ب دەت ، ژبەرکو پرانیا کوردێن باشوور مینا پارچییێن دن یێن کوردستانێ گرێدایبداب و نەرینەییێن جڤاکەکی فەودال و عەشیرەتی و مالباتی نە ، ئەڤ هنەر و کەد و خەباتا گەلێ کورد کری و گەهشتیە ئەڤی رادەیی و بەرنگاری توند و تیژیا ئافرەتێ بین و ژنا کورد ئازاد و رزگاریی و ژن خوە بخوە یاساییێن گرێدایی ژیانا ئافرەتێ ل پەرلەمانی دەڕێخستینە وسیستەمێ ژیانێ ژن یا دارشتی وگورانکاریێت جەوهەری د پرۆسا ژیانێ دا بکەت و پەروەردەکا هەژی د جیلێ داهاتی دا دێ پیادەکەت، ژبەرکو ژنەکا هشیار و ب هێز دکاریت جڤاکەکی بهێز و هشیار بینتە بەرهەم.



پەیامنێری خەبات لەگەڵ خانەوادەی خاتو فاتیما حەسەشار

ئاواتێکم هەیە کە رۆژێک بچمە خزمەتی جەنابی سەرۆک بارزانی کە لە نزیکەوە خۆم پێ بناسێنم و سوپاسی ئەو بکەم کە دریژەپێدەری ڕێبازی باوکی خۆیەتی، سوپاس بۆ ئێوەی ڕۆژنامەی خەبات کە مێژووی ئێمە دەنوسن...

بۆ کوردستان خوشکی من عایشە دەیگوت: پێش گەڕانەوەی ئەو کات باوکی من نەنوست بوو، سەری سپی بوو و زۆر عاجز بوو، چونکە وا هەستی دەکرد هەر دەگەڕێتەوە بەڵام بە بێ ئێمە زۆر ناخۆشە بۆیە هەتا بەیانی هەر بەدایکی من دەگوت لەگەڵمان بگەڕێوە، بەڵام قسمەت نەبوو...

هەستت دەکرد کە تۆ کچێکی کوردی ئێم خاک و نیشتمانیەی؟.

بە هەستێکی قوڵ و دڵێکی پڕ لە سۆز، خاتوو(فاتیما) گوتی: بەڵی، چونکە هەموو جار بە ئێمەیان دەگوت باوکی ئێوە کوردە و لە قوتابخانەش مامۆستایەکان بە ئێمەیان دەگوت ئێوە منداڵی کوردن. ئەمش کاریگەری زۆربوو بەسەر من کە دەبێ هەر بە دوای ناو نیشانی باوک و کەسوکارم بگەڕێم، هەتا گەورە بووین و چووینە زانکۆ هەتا کۆتایی هەر بە دوای ئەوان بووین و ئەوانیش بە هەمان شێوە لە دوای ئێمە، چەندین جار بەدوای ناونیشانی باوکمان گەڕاین، تەنانەت لە ناو ئەرشیف و دیکۆمینتەکانی گەڕاین کە وێنەکانی باوکمان هەبووە و نەماندەزانی چۆن بتوانین سۆراخی باوکمان بکەین، باش لە یادمە سالی 1979 کە نازانم پیاوێک هاتەلای ئێمە و گوتی کە باوکی ئێوە لە کوردستان نەماوە ئەوان ئاوارەی ئێران بوون و هەر ئەوەندە و هەتا ئێمەیدی خۆمان لەدەست نەدا و هەر بەردەوام و هەتا برام ئەندازیا ئیسماعیل لە هەموو شوێنەک وهەتا ئەو شوێنانەی کە گرنگ بوون بۆ چۆنیەتی دۆزینەوە و سالْ و 10یان سالْ چوون بەڵام هەر هەست و وێنەی باوکمان لەگەڵ مامی خۆمان لە خیال دابوو کە چۆن بە دوای ئەوان بگەڕین، سالی 1981 ئەو کات من لەپەیمانگای پەرستاری دەمخوێندن کە ڕۆژێک دایکم هاتە لای من لە پەیمانگا وە گوتی کە چەند نامە هاتوون لەئێران باش لە یادمە کە نامەیەک هاتبو لە لای باوکم و مام سلێمان کە بە هەمان ناونیشانی ئەو کاتەی سۆڤیەت کە لە (قەرەم) کە ئامادە بێ کرا بوو بۆ ئەو مالە بچێت و نامەکەی لە لای باوکمان بوو کە ئەوان زۆر بە دوای ئێمە دەگەران، ئینجا دوای ئەو هەموو ساڵە ئێمە لە لایەک گریان ولە لای تر خۆشحالْ کە ئەوان زیندوون و لە ئێمە دەپرسن بەراستی ئەوجار زانیمان کە ئێمە بێ کەسوکارنین.

کاک (عەشقی) برای (فاتیما) لەمبارەوە و چۆنیەتی ئەو نامەیەو کەڕان بە دوای ئەوان لەو سەردەمە دا دەڵێ:

ئێمەش بە دوای ئەوان دەگەڕاین لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول باوکم چەندجار هەوڵیداوە کە چۆن بتوانی بیاندۆزێنەوە لە ئاوارەیی دا و ئەوکات من پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان بووم لەگەڵ سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی، زۆر جار باوکم لە کاتی پێشمەرگایەتی لە ڕاژن و زێوە لەگەڵ ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک بارزانی دابووە و هەندێکجار فەرماندەی خەباتکار د.سەعید ئەحمەد نادر دەهاتە لای ئەوان و من هەموو جار پێم خۆش بوو کە خوشک و برای خۆمان لەڕووسیا بدۆزینەوە، چونکە باوکم هەمیشە دەیگوت ئەگەر من کۆچی دوایشم کرد ئێوە دەبێ هەموو هەوڵێک بدەن بیاندۆزنەوە، مام سلێمان خەتی ڕوسی زۆر خۆش بووە و هەموو جار نامەیان دەنوسی، هەروەها چەند جار د.سەعید ئەحمەد نادر ئەوەیش هاوکاری ئێمەی دەکرد ئەو نامانە لە ڕێگای پۆستەی زێوە ڕەوانەی ڕوسیامان دەکرد، جارێک دوای چەند مانگێک پۆستچی نامەی هێنا کە لە ناو نامە دا وێنەی هەموویان تێدا بوو کە هاوسەری باوکم و خوشک و براکەمان ئیسماعیل تێدا بوو، ئێمە باوەڕمان نەدەکرد، باوکم زۆر دڵخۆش بوو و هەمیشە وێنەی خوشک و براکانم لەناو گیرفانی دابووە چونکە دەیگوت ئەوان لەغەریبی دا ژیان دەبەنەسەر... دوای چەند مانگ نامەکان نەهاتن و چەند جار لەگەڵ د.ناسح غەفور کەلە سۆڤیەتی خوێندبوو و بەخۆی نامەی دەنوسی، بەڵام هیچ وەڵام نەبوو... دیسان لێک دابراین.

دواتر خاتوو(فاتیما) پاسی نامەکانی کرد و گوتی دیسان پەیوەندیان نەما؟.لە بەردەوامی قسەکانی دا گوتی:

وەک برام عەشقی باسی کرد، زۆر ڕاستە، ئەم نوسینانەی کە ئێوە دەبینن کە زیاتر لە38 ساڵ دەبێت لای خۆمان پاراستووە و هەتا دوای کە ئێمە وێنەکانی خۆمان نارد ئەوانیش نامەکانیان نارد لەگەڵ وێنەکانی خۆیان کە پۆستچی نامەی نارد کە هەموویان کرابوونەوە و لای تر کە وێنەکانی باوک ومام سلێمان و براکانم عەشقی و سالح و محەمەد و فکری و شەهید زەکری و ئامۆزایەکانم عەلی و جادر و عادل و زراو هەتا ئامۆزام زومیرا هاوسەری عەشقی برا و کەسوکاری هەموویان تێدا بوو دوای ئەوەی لە ساڵی 1959 کە دابراین و جارێکی تر لە ڕێگای نامەو پۆستەکان شادبوونەوە و دایکمان بە ئێمەی گوت پێش چوونی باوکتان بۆکوردستان بە ئەوەم گوت: حەسەن تۆ دەگەڕێتەوە و ژیانێکی تر دەست پێ دەکەیت و ئاوات دەخوازم کە جارێکی تر تۆ ببینمەوە و زۆر حەسرەتی خوارد و گوتی بەڕاستی باوکی ئێوە هیچ گوناهی نیە و من لەگەڵدا نەچووم، دایکم هەستا وێنەی هاوسەری باوکم و خوشک و براکانم ومام وئامۆزا و هەموئەو وێنانەی کۆکردنەوە ولەناو شوشەدا نا و لە ناو دیوار دانا لە تەک وێنەکانی پێشوو و بەر لە22 ساڵ جارێکی تر ئاگامان لەیەکترە و ودواتر نازانم نامەکان نەهات و پەیوەندمان پچرا و شەڕی ئێران و عێراق بوو لەبەر خۆشەویستی مامی خۆم کوڕی خۆم بە سلێمان ناو کرد کە ئەویش ساڵی 1991 کۆچی دوایی کرد. ئەو نامە و وێنانە سەبری زیاتر دای بە ئێمە کە هەر چاوەران بووین کە لە زێوە ئێران جارێکی تر نامەی ئەوان بۆمان بێت. چەندەها جار ئیسماعیل چووە چەندین شوێن کە لەوانەیە بتوانی هەواڵێکی بۆمان بدۆزێنەوە، بەڵام بێ ئەنجام بوو،دیسان هەر ورەمان لە دەست نەدا.

دوای چاوەڕانی چەندەها ساڵ چۆن بە کەسوکارتان شاد بوونەوە؟.

خاتوو(فاتیما) بە زەردە خەندەیەکی شادمانیەوە گوتی:

هەموو کات بە دوای کەسوکارمان دەگەڕاین و برام ئەندازیار ئیسماعیل بەردەوام بە دوای باوکمان دەگەڕا و دەچوبە زۆر شوین، کۆتایی مانگی 12ی 2002 بووە کە برام ئیسماعیل چووبووە مەولودی پێغەمبەر لەگەڵ هەڤاڵەکانی کە لەوێدشدا کە باسی باوکی خۆی دەکرد، ئافرەتێکی روسی کە کەسوکاری دایکە نایلە بووە کە دایکە نایلە هاوسەری هەڤاڵی بارزانیی نەمر عەلی مستەفا دۆلەمەری بووە بەسەردان هاتبوو ناو کەسوکاری و چووبوویە ئەو مالەی کە خێزانی ئەوانی دەناسی، دواتر ئەو ئافرەتە زانی بوو کە ئیسماعیل بە دوای کەسوکاری دەگەڕێت، ئینجا پەیوەندی بە هاوسەری ئیسماعیل دەکات کە ناوی نەفیسا بوو کە ئافرەتێکی روسی لە کوردستان هاتووە لای ئێمە باسی ئێوە دەکات و بریارە بەیانی بگەڕێتەوە کوردستان.

لە (قەرەم) برام ئیسماعیل پەیوەندی بە هەمومانی کرد (کۆتایی مانگی 12ی2002 بوو) گوتی: فاتما من هەواڵێکی زۆر خۆشم هەیە کە لەگوندەکان بوون چووینە لای ئەو ئافرەتە روسیە (ئەوەیش دایکە نایلە بووە) و ئەوەیش بە بینی ئێمە خۆشحالْ بوو وگوتی باوکی ئێوە کۆچی دوایی کردووە و هەروەها عەشقی و براکانی ئێوە بەدوای ئێوە دەگەڕین،ئێمە لەلایەک زۆشاد و دڵخۆش بووین و باوەڕمان نەدەکرد کە بەراستی ئەوان ساغ و سەلامەتن و لایەکی دیکەش بەهەواڵی کۆچی دوایی باوکمان زۆر زۆر دڵگران بووین وخۆزگەمان دەخواست جارێکی تر لە باوەشی باوکمان دابین... بە هەرحالْ زۆر دڵخۆش بووین و دواتر دایکەنایلە ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن بە ئێمەدا، ئینجا لە ڕێگای ئەم دایکە نایلەوە توانیمان پەیوەندی بەکوردستان بکەین و دواتر بۆ یەکەمجار برام ئیسماعیل هاتەوە کوردستان لەگەڵ کۆمەلێک لەئەو کەسوکارانی وەک ئێمە لە ڕێگای پیشخاپور لە ڕێگای زاخۆ بە کوردستان شاد بوونەوە و ئەوانیش هاتنە پێشوازی کردن و چوونە لای جەنابی سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانی و خەڵکی دەڤەری بارزان زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکرد و دوای گەڕانەوە ئیسماعیل منیش بڕیارم دا بگەڕێمەوە کوردستان.

خاتوو(فاتیما) دوای 50 ساڵ بە کوردستان و کەسوکاری شاد دەبێتەوە لەمبارەیەوە گوتی:

من ئاوات خواز بووم بگەڕێمەوە و هاوسەرم خوالێخۆشبوو(نەریمان) بە من گوت: تۆ ئازادی سەردانی کەسوکارت بکەیت، دوای4 مانگ گەڕانەوەی (ئیسماعیل)ی برام.. مانگی 9ی 2004 پایز بوو هاتمە کوردستان. لە زاخۆ لەگەڵ سەبری حەکیم پێندرۆیی کۆڕی هەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ سۆڤیەتی جارن هاتینە کوردستان. دوای 50 ساڵ بۆ یەکمجار و دوای دەیان ساڵ گەڕان بە دوای کەسوکارم لە زاخۆ لە لایەن زومیران هاوسەری عەشقی برام و عەشقی و مامی ئازیزم سلێمان و برا و ئامۆزا و کەسوکاری ترم پێشوازیم لێ کرا و شین و گریان و شادی تێکەڵ بەیەکدی بوون و زۆر بەحەسرەتی بینی باوکم بووم کە ئەو کۆچی دوایی کرد بوو، بەڕاستی ناتوانم چۆن بۆتان باس بکەم لە باشی و میهرەبانی ئەوان و لە هەست وسۆزی ئەوان و مام سلێمان کە کۆڕی خوالێخۆشبووم و نەوەم بەناوی ئەو کردووە، یادی بەخێر خوالێخۆشبوو مام سلێمان بە منی گوت: ئێوە ئەو هەموو ساڵانە بە چ ڕەنج و دەردەسەری وزەحمەتتان کێشاوە...، ئینجا سەرهاتی خۆی و هەڤاڵەکانی لەگەڵ باوکم لە ڕوسیا (سۆڤیەتی جاران) بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناو مافەکانی کوردستان کە لەگەڵ بارزانیی نەمر بریاریان دابوو بگەڕێنەوە کوردستان. مام سلێمان بە منی گوت: سەرفراز بە کە ئەم ئازادیەی ئیستا لە کوردستان، زەحمەتی باوکی تۆ و خەباتی بارزانی و خوێنی شەهیدان و خەبات پێشمەرگەیە، دواتر زۆر خۆشحالْ بووم کە سەردانی گۆڕی باوکم و برام شەهید زەکری-م کرد و پێم گوت: باوکە گیان، سلاو باوکە، من هاتوومە لای تۆ بۆچی ئێمەت بەجێهێشتووە، سەرفرازم بە ئێوە کە قارەمانی نیشتمانن و سەربەرزم کە کچی تۆمە کە تۆ بەشێکی لەئەمرۆی ئازادی ئەم نیشتمانە، دواتر سەردانی گۆڕی بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی بارزانی و ئەنفالکراوەکانی بارزانییەکانم کرد کە بوونەتە هەوێن و قوربانی ئازادی ئەمڕۆی کوردستان.

لە کۆتایی دا لە خاتوو(فاتیما)م پرسی چ ئاواتێک هەیە؟

هاتنم بۆ کوردستان ئاوات و چاوەڕوانی چەندە ساڵەی هێنامەدی، ئەمە 3 جارە دەگەڕێمەوە نیشتمان و خەڵکی کوردستان هەمویان بەڕێزن و ئاواتێکم هەیە کە ڕۆژێک بچمە خزمەتی جەنابی سەرۆک بارزانی کە لە نزیکەوە خۆم پێ بناسێنم و سوپاسی ئەو بکەم کە دریژەپێدەری ڕێبازی باوکی خۆیەتی، سوپاس بۆ ئێوەی ڕۆژنامەی خەبات کە مێژووی ئێمە دەنوسن... بەتایبەتی بەڕێزتان کە کوڕە شەهیدن و زۆر لە سەر دۆسیەی هەڤاڵانی بارزانیی نەمر لێکۆڵینەوە دەکەیت و مێژووی پڕسەروەری ئەوان بە نەوەکانی داهاتوو دەناسێنی و ئێوە یەکەم کەسن کە چاوپێکەوتنم لەگەڵدا دەکەن..

کورد نەتەوەیە و ناتوێتەوە





هێمن شێخ زادە

گەلی کورد گەلێکە خاوەن زمان و خاک و کوولتوور و نیشتمان و فەرهەنگی تایبەت بەخۆیەتی، جیاوازە لە عەرەب و فارس و تورک، گەلێکە ناوی تایبەتی خۆی هەیە و نیشتیمانی تایبەتی خۆی هەیە کە کوردستانە و زمان و کلتووری تایبەتی خۆی هەیە. ئینگلیز بەزۆرە ملێ و ترس و تۆقاندن بەعیراق و وڵاتانی تری لکاندووە، بۆیە هەرگیز ڕۆژهەڵاتی ناوەراست خۆشی و ئازادی و سەربەستی نابینێت تاکو کوردیش وەک هەموو گەلانی تری جیهان نەبنە خاوەن وڵات و جوگرافیاو سنووری دیاریکراوی خۆی لەسەر نەخشەی جیهان.

کورد گەورەترین گەلی جیهانە کە بێ دەوڵەتەو خاوەن ئالاو زمان و خاکی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام بەهۆی داگیرکاری هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی خاکیان دابەشکراوە سەرتا بۆ دووبەش دواتر بەسەر چوار بەش دابەشکراون بەسەر هەریەکە لە ئێران و تورکیا و عیراق و سوریادا لەئێستاشدا کوردستانی گەورە بەچوار پارچەی کوردستان ناسراوە کە بریتین لە باشووری کوردستان بۆ عیراقی عەرەبی باکوور بۆ تورکیای تورک ڕۆژئاوا سوریایی عەرەبی و ڕۆژهەڵات بۆ ئێرانی فارسی، لە دریژەی مێژوو خەباتی سیاسی کورد و کوردستان گەلی کورد بۆتە قوربانی دەستی بێ بەزەییانەی تورک و عەرەب و فارس لەکاتی کۆمەڵکوژی و ئەنفال و لەناوبردنی کورد بۆچی هیچ نەتەوە نەی گوت ئەم گەلە عیراقین یان سوریای و ئێرانی و تورکین و نابێ وایان لێ بکرێ یاخود هەر کەس فرمێسکی مرۆڤایەتیشی بۆ نەڕشت. ئینگلیز و دەوڵەتانی تری بیانیش تەنیا لە دوایی بەرژەوەندی ئابووری خۆیان بوون و زیاتر ژیانی کوردیان دەخستە مەترسییەوە. نەتەوەی کورد پاشکۆی هیچ نەتەوەیەکی دەڤەردکەیننییە و هیچ کاتیش نابێتە هیچ نەتەوە و وڵاتێک. خەڵکی کوردستان بەدوایی هەلی سەرکەوتندا دەگەڕێت کلیلی کام دەرگای سەرکەوتن و سەربەخۆیی دەسکەوێت ڕێک دەیکاتەوە و خەونی سەدان ساڵەی وەڕاست دەگەیەنێت و هەنگاوەکانیش لە نەزەریەوە تێپەڕبوون و بەئەنجامدانی ریفراندۆم ئەو مافەی بەرجەستە کردووە تەنیا کرداری ڕاگەیاندنی دەوڵەت و سەربەخۆیی ماوە، گەر کورد یەک ریزو یەک گرتوویێت سەربەخۆیی کوردستان خەون نییە و خەریکە لەدایک دەبێت، بەڵام ئەگەر جاش و خۆفڕۆشانی کورد لەبارینەبەن، چونکە دەرفەتی باش هاتۆتە پێش بەڵام خیانەتی تێکەوتووەو بۆ دەیان و سەدان ساڵ پەک خراوە.

لکاندنی گەلی کورد و خەڵکی باشووری کوردستان بەهەر هەنگاوەکان دەبڕن هەرچەندە بەربەستی گەورەیی ناوەخۆیی دروست دەبێت و خیانەتی نیشتیمانی تێدەکەوێت بەڵام کاروانی سەربەخۆیی کوردستان ناوەستێت و هەمیشە لە گڕی ئازادی و سەربەخۆیی بەتینتر دەبێت و دامرکانەوەی مەحاڵە ، ئەم هۆکارانەش، ترسیان لەلایەن داگیرکەران دروستکردووە، کە بۆ دامرکانەوەی ئەو هێزەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشن هەموو ڕێگایەکی نامرۆڤایەتی و ناقانونی دژی گەلی کورد و کوردستان دەگرنە بەر بە کوشتن و تەعریبکردن و ڕاگواستن و کیمیاباران‌کردن و زیندەبەچاڵ کردن، ئەوەی جێی دڵخۆشی کوردە سەربەخۆیی کوردستان لە باشووری کوردستان لەمحال بوون تێپەڕیوە و ڕێگریکردن و سرینەوەی محاڵە.

ووڵ بوون
پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٦٢٩٨٤ بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢ بەبڕی ٢٥٠٠٠٠ بەناوی سلیمان رحمان حمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ووڵ بوون
ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە/٧٥٧٢ پڕۆگرام سازی بەناوی ڕەوەز طارق محمدامین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ووڵ بوون
سااڵنەی ئۆتۆمبێلی جۆری مسێۆبۆشی لانسر سالون مۆدیل ٢٠٠٧ ڕەنگی سپی بەژمارە(١١١٨٣٨/ اربیل) بەناوی (کامران حمدامین حمد) ژمارەی لاشە(JMYSRCS1AVU702134) ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی(٠٧٥٠٥١٢١١٧٠)
***
زانکۆی هەولێری پزیشکی
کۆلێژی دەرمانسازی
سەرچاوەمڕوبیەکان
ژمارە: ٢٧٦٢/٥٤/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٧
ئاگاداری
کۆلێژەکەمان هەڵدەستێ بە بەکرێدانی یانەی کۆلێژەکەمان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ لەڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا جا هەرکەسێك شارەزای لەم بوارەدا هەیە دەتوانێت بەشداری ئەم زیادکردنە بکات با سەردانی یەکەی ژمێریاری کۆلێژبکات بۆ کرینی تەندەر کە نرخەکەی ٥٠,٠٠٠ پەنجا هەزار دینارە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی سێ شەم ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٧ دەست پێدەکات دواکات بۆ گەراندنەوەی تەندەر لە ڕۆژی پێنج شەم ٢٠٢٠/١/٢ دەبێت کاتژمێر ١٢ دوانەزەی نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی مۆڵەتی کارکردن.
٢- پێشکەشکردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی داهاتی هەولێر.
٣- داهاتی بارمتەی سەرەتایی بەبڕی ١,٢٥٦,٠٠٠ یەك ملیۆن و دوو سەدو پەنجاو شەش هەزار دینار.
٤- ئەو کەسەی بەشداری دەکات لەزیادکردنی ئاشکرا کە نابێت فەرمانبەر بێت لە دام و دەزگا حکومیەکان، بەپێچەوانەوە دوور دەخرێتەوە وە ڕێکاری یاسایی دەرهەق ئەنجام دەدرێت.
٥- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
٦- گەراندنەوەی تەندەر لە ژمێریاری کۆلێژ دەبێت لەناو زەرفێکی داخراو کە واژوو ژمارەی تەلەفۆنی بەڵێندەری لەسەر بێت.
٧- ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت دەبێت پشتگیری لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرەوە بێنێت.
٨- ئەو کەسەی تەندەرەی یانەی کۆلێژی بۆ دەردەچێت مۆڵەتی تەندروستی لەلایەن هۆبەی چاودێری تەندروستی بێنێت.
پ.ی.د. علاءالدین محمد نقشبندی
راگر
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٢/٢٢
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (کۆمپانیای قندیل بلباس/ب.ڕ.ك مسعود حسین سلیم) لە بەروار ٢٠١٩/١٢/١٩ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وێستا دانداوە لە (ڕێگای گویر) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دانووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- کەپسکردنی پاکەتی گۆشتی ئامادەکراو بە نایلۆن حرارِی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ توانای K.W٢.
***
دادگای بەرایی سلێمانی / ١
ژمارە: ٣٠٨٢ / ب / ٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٩
ئاگاداری
داواکار: شاخەوان رفیق عبدالله بریکارەکەی پارێزەر دیار محمد علی. بۆ داوالێکراوان: ١ – ڕێباز یاسین رحیم ٢ – دلێر یاسین رحیم.
داواکار ئەم داوایەی لەسەر ئێوە تۆمارکردووە داوای بڕی (٢٦٩,٧٠٠) دوو سەد و شەست و نۆ هەزار و حەوت سەد دولار کە دەکاتە (٣٢٠٦٥٠٠٠٠) سێ سەد و بیست ملیۆن و شەش سەد و پەنجا هەزار دینار دەکات کە وەك دەست قەرز وەرتان گرتووە لە داواکار.
وەلەبەر ئەوەی ئێستا ئێوە شوێنی دانیشتنتان نادیارە ئاگادارتان ئەکەینەوە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ کە لە ڕۆژی دادبینی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- کەپسکردنی پاکەتی گۆشتی ئامادەکراو بە نایلۆن حرارِی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ توانای K.W٢.
***
دادگای بەرایی سلێمانی / ١
ژمارە: ٣٠٨٢ / ب / ٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٩
ئاگاداری
داواکار: شاخەوان رفیق عبدالله بریکارەکەی پارێزەر دیار محمد علی. بۆ داوالەسەرکراوان: ١ – ڕێباز یاسین رحیم ٢ – دلێر یاسین رحیم.
داواکار ئەم داوایەی لەسەر ئێوە تۆمارکردووە داوای بڕی (٢٦٩,٧٠٠) دوو سەد و شەست و نۆ هەزار و حەوت سەد دولار کە دەکاتە (٣٢٠٦٥٠٠٠٠) سێ سەد و بیست ملیۆن و شەش سەد و پەنجا هەزار دینار دەکات کە وەك دەست قەرز وەرتان گرتووە لە داواکار.
وەلەبەر ئەوەی ئێستا ئێوە شوێنی دانیشتنتان نادیارە ئاگادارتان ئەکەینەوە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ کە لە ڕۆژی دادبینی ژمارە (٢٠٢٦) ٢٠٢٠/١/١٣ سەعات ٩ ی بەیانی ئامادەبیت لەم دادگایە بە پێچەوانەوە دادگاکەمان بە غیابی دادبینی دەکات بە پێی یاسا.
دادەری یەکەم / اسماعیل عمر أحمد
***
ڕێکخراوی شۆنواڕێن کوردستانێ
منظمة اثار کوردستان
دهوك
ژمارە: ٢٦
بەروار: ٢٠١٩/١٢/٢٢
بەلافکرن
ئەم بڕیکا ڕۆژنامێ ڕادگەهینین کو (ڕێکخراوا شۆنواڕێن کوردستانێ) بهڤکاری ل گەل (زانکویا توبینگن یا ئەلمانی) دێ ڕابیب ب دامەزراندنا (گوڤارا شۆنواڕێن کوردستانێ) کو گوڤارەکا زانستی ئەکادیمی یە بزمانێ کوردی عەرەبی هەر سالێ ژمارەك دێ هێتە چاپکرن و بەلافکرن سەرنڤیسەرێ وێ شۆنواڕناس (د. حسن احمد قاسم بەرواری) یە تایبەتمەندێ شوینوار و زمانێن کەڤن.
د. حسن احمد قاسم
سەرۆکێ ڕێکخراوا شوینواڕێن کوردستانێ
***
دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە: ٢٠٢٦/ب/٢٠١٩/٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٩
پێراگەیاندن
بۆ/ داوالێکراو (اسماء حسن احمد)
داواکار (احمد حسن احمد) داوای ژمارە (٢٠٢٦/ب/٢٠١٩/٦)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (اسماء حسن احمد) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠٢٠/١/٢٢) کاتژمێر (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
داوەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٣٦٤٤
ڕێکەوت/٢٠١٩/١٢/٢٢
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٧/١٩٩٩ کە کەوتوتە ٩٣ حصارۆك دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار مأمون توفیق امین کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی اوات معروف عثمان بەبڕی/ ٧٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ ٧/١٩٩٩ك ٩٣ حصارۆك
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە دوو خانوو خانووی قەرزار دوو نهۆم دەستور سلێمانی و سەرەوە دوو ژوور حمام و مرافق هۆل خوارەوە یەك ژوور حمام و مرافق هۆل واجهەی حلان خانووی دووەم سێ نهۆم یەکەم گراج دفن دووەم یەك ژوورو حمام مرافق هۆل سێیەم دوو ژوور حمام مرافق.
٥ – ڕووبەرەکەی/٢٠٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٩٦,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارە:٥٤٤١/ش/٢٠١٩/٦
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٢/١٨
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (داود حیدر خان)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (گەلاوێژ محمود بایز) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بەژمارە (٥٤٤١/ش/٢٠١٩/٦) تیایدا داوای (چەسپاندنی هاوسەری) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ شوقەکانی زانیاری) بڕیە دادگا بریاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١/١٤, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادەر/ مازن مظفر محمد
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ١١٩/ج/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٨
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ سرهید
حبیب باوە و یونس حبیب باوە
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی مادەی ٤٥٢ لەیاسای سزادان و سەلماندنی هەلاتنتان وە نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنتان لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٥ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای باریٚ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١٢٨٠/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١١/٢٨
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (عهاد رمزی حجی) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١١/٢٤ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (هڤین یونس میکائیل) بریاردا ب (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وهڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە ڕۆژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهئینان
دادەر / زیرڤان احمد حسین
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە/ ١٥١٠/ش/٢٠١٨/٥
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٢/٢٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراوان (چیمن شهاب احمد و میهربان موفق عبدالجبار) شوێنی دانیشتنت نادیارە.
دادگا لە داوای ژمارە (١٥١٠/ش/٢٠١٨/٥) بڕیاریدا بە (برینی نەفەقە) بۆ ئێوە و داواکار (موفق عبدالجبار حمدامین) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر / گەرەکی ٩٤ی باداوە بڕیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنتان لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئێوە مافی نارەزایی و پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف
***
داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٩٧٣/ش/ ٢٠١٩
ڕێکەوتی / ٢٠١٩/١٢/٢٢
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : دلبرین محسن مصطو
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٩٧٣/ش/٢٠١٩) ل ڕوژا (٢٠١٩/١٢/٥) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (دلبر عمر صالح) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەڤێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕوژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسااییدا و بەرڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنبر وەرگرت.
دادوەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە:١٥١٠/ش/٢٠١٨/٥
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٢/٢٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراوان (چیمن شهاب احمد و میهربان موفق عبدالجبار) شوێنی دانیشتنت نادیارە.
دادگا لە داوای ژمارە (١٥١٠/ش/٢٠١٨/٥) بڕیاریدا بە (برینی نەفەقە) بۆ ئێوە و داواکار (موفق عبدالجبار حمدامین) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر / گەرەکی ٩٤ی باداوە بڕیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنتان لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئێوە مافی نارەزایی و پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی (١٠) دە ڕۆژی لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٢٢٦٤٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (GOLDEN BRIGHT OIL)
بۆ بازرگانی ڕۆنی ئۆتۆمبێل و هاورده و هەنارده/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (GOLDEN BRIGHT OIL) بۆ بازرگانی ڕۆنی ئۆتۆمبێل و هاورده و هەنارده/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هاوکار عبدالله حاجی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٢٢٥٥٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (خضر صالح علی) بۆ دابەشکردن و فرۆشتنی سیم کارت و کارتی مۆبایل/ تاك)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (خضر صالح علی) بۆ دابەشکردن و فرۆشتنی سیم کارت و کارتی مۆبایل/ تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بوتان محمد سعید شاکر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای هەولێر/١
ژمێریاری
ژمارە: ٦٢٧٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٩
ئاگاداری
بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای هەولێر/١ هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم کەل و پەلانە کە لە خوارەوە دیارکراون بەزیادکردنی ئاشکرا داواکارین ئەوەی ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە لە هاوڵاتیان و کۆمپانیاکان ئامادەبن لە کۆگای بەڕێوەبەرایەتیەکەمان کە دەکەوێتە ناوچەی پیشەسازی باشوور لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٧ ئامادەبێت وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ خۆی بهێنێت بە گوژمەی (٥٢,٠٠٠,٠٠٠) تەنها پەنجاو دوو ملیۆن دینار. وە کرێی بڵاوکردنەوەی دەڵاڵی دەکەوێتە ئەستۆی کڕیار لەگەڵ ڕیزماندا..
١- جۆر/ ئاسنی هەمەجۆر (ستوون و چەنەڵ و بورغی و شلێمان..هتد) بڕ/ ٦٠٠ یەکە/ تەن.
٢- جۆر/ تێلی نوحاس هەمەجۆر بڕ/ ٣ یەکە/ تەن.
٣- جۆر/ تێلی ئەلەمنیۆم هەمەجۆر بڕ/ ١٥٠ یەکە/ تەن.
٤- جۆر/ تویست کێبڵ (هەڵواسراو) جۆراوجۆر بڕ/ ٢٠ یەکە/ تەن.
٥- جۆر/ کێبڵی پەستان بەزر جۆراوجۆر بڕ/ ٢٥ یەکە/ تەن.
٦- جۆر/ کێبڵی پەستان نزم جۆراوجۆر بڕ/٢٠ یەکە/تەن.
ئەندازیار/ حسن عبدالرحمن نادر
ب. دابەشکردنی کارەبای هەولێر/١
٢٠١٩/١٢/١٨

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (خضر صالح علی) بۆ دابەشکردن و فرۆشتنی سیم کارت و کارتی مۆبایل/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە, بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (GOLDEN BRIGHT OIL) بۆ بازرگانی ڕۆنی ئۆتۆمبێل و هاورده و هەنارده/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە, بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

میلە بەردینەکانی تۆبزاواو کێڵەشین



کەمال نوری مەعروف

میلە بەردینە ئاسەوارییەکان کە نووسینی میخیییان لەسەرە، دەکەونە گۆشەی باکووری خۆرهەلاتی هەرێمی شاخاوی لە کوردستانی باشوور. نووسینەکانی سەریان بە دوو زمانن، یەکەمیان زمانی ئاشوورییەو دووەم زمانی ئۆراراتی یان خالدی کە زمانی ناوچەیی ژووروی ولاتی (نائیری)و ناوچەی گۆلاوی (وان)و ولاتی (ئۆرارتۆ) بووە کە ئێستاکە بەشێکی ولاتی ئارمینیای ڕۆژگاری ئەمڕۆیەو دانیشتوانی ئەو ناوچانەش بەخۆیان گوتووە (خالدی) لەبەرئەوەی خۆیان بردۆتەوە بۆ سەر خوای قەومییان (خالدی)و زمانەکەشیان بەهەمان ناوی (خالدی) ناسراوە. لەمەدا ئەوانیش لاسایی پادشاکانی ئاشوریان کردۆتەوە کە ناوی خۆیان بردۆتەوە سەر خوای ئاشورو زمانەکەشیان بەو ناوە ناولێناوە. بەڵام ئاشوریەکان، خالدییەکانیان بە ئۆراراتی ناوبردووە کە ناولێنانێکی جوگرافی ولاتەکەیانە!

1

ئەو دوو میلە لەسەر ڕێگای کاروان دانراون، ئەو ڕێگایانەی کە دەگەنەوە بە ناوچەی هەردوو گۆلاوی (ورمێ)و (وان) کە ئەمڕۆ پێیدەڵێن ئازەربایجان لەوێشەوە دەگەنەوە بە ولاتی (ئۆرارتۆ) یان (خالیدیا) کە دەکەوێتە باکوری گۆلاوی (وان)و خۆرئاوای.

ڕووداوە مێژوییەکان ئەوەیان سەلماند کە دەقە مێژوونووسینەکانی پادشایانی ئێمپراتۆریەتی ئاشوری و باسی هێرشەکانیان و ڕووداوەکانی شەڕەکانیان کە لەو ناوچەیەدا تۆمارکردووە، هەروەها تۆمارەکانی بازرگانییان لەو هەرێمەدا ئەوە دەگەیەنن کە گرنگی سەربازی و ئابووری هەبووە، ئەو ڕێگایەش کە دوو میلە بەردینەکەی (تۆبزاوە)و (کێڵەشین)ی لێیە کاریگەری ترسناکی هەبووە لە ڕووی لەشکرکێشی و گرنگی بازرگانییەوە بۆ ولاتی ئاشور کە دەشتی (شارەزوور)یان بڕیوە، هەروەها بڕینی داوددییەو عەمادییەو دهۆک و شاری نەینەوا. ئەو کاروانە بازرگانیەش لەو ڕێگایانەوە کەلوپەلی بازرگانییان بۆ ولاتی ئاشور گواستۆتەوە لەوانە کانزای خام وەکو مس و ئاسن و وەرشاو کە پێویستبوون بۆ دروستکردنی کەلوپەلی سەربازی، واتە پیشەسازی چەک لە تیروکەوان و شمشێرو قەڵغان و قەمەو گالێسکەی شەڕو قەڵاکوت هەروەها بۆ پیشەسازی ناوخۆش وەکو کەلوپەلی ناومالّ و کاری ڕواژنەی تریش بەکاریان هێناون، هەروەها بۆ گواستنەوەی ئالّتون و زیوو بەردی بەنرخ جگە لەوانەش لە گواستنەوەی کەرەسەی خۆراک و کەلوپەلی تریش لە (فەروە)و پێست و قوماشی ڕەنگاوڕەنگ و گواستنەوەی تەختەش بەسوود بوون.

جێبەجێکردنی ئەم پیداویستیانەش بە ئامانجی بوژانەوەی ئابووری ولاتی ئاشور بووە بۆ بەهێزکردنی ماکینەی سوپاکەیان. بۆیە ئاشوریەکان لەسەریان بووە ئەو ڕێگا بازرگانیانە بپارێزن بۆئەوەی کاروانی بازرگانییان بە سەلامەتی بگاو ئەو شوێنانەش بگرن کە دەڵمەند بوون بۆئەوەی دەوڵەتێکی بەهێز لەپشتی ئەو شوێنانەوە دروست نەبێت کە دەکەونە خۆرهەلات و باکوور لە سنوری ئەو ناوچە شاخاویەی باکووری خۆرهەلات. بۆیە پادشاکانی ئاشور هەردەم هێرشی سەربازییان کردۆتە سەر ئەو شوێنانە بۆ کۆژاندنەوەی بزوتنەوەکانیان و شۆڕشەکانیان کە ڕویانداوە لەو ناوچانەی وڵاتەکەیاندا، ئەوەشیان هەر بۆ ئەوە نەبووە باوەڕیان بە دەستبەسەرداگرتنی ئابورییان بووبێت لەو ناوچەیەدا، بەڵکو زیاتر بۆ ئەوە بووە سەلامەتی دەشتەکانی ولاتی ئاشوری دیارو دەرکەوتوو و ناوچەی شاخاوییان لە ترسی هێرشی ئەو شاخاویانەی ولاتی (نائیری)و (ئۆرارتۆ) لە دانیشتوانەکەی بپارێزن. ئاشوریەکانیش وەکو هەموو گەلێکی پەروەردەی مەشقی سەربازی حەزیان بە شەڕ بووە بۆ ئەوەی تامی سەرکەوتن و دەستبەسەرداگرتن بچێژن، هەروەها بەسڕزو ناسیۆنالیزمیش بوون بۆ قەومەکەیان و ولاتەکەیان ئەوە وایلێکردبوون کە باوەڕیان بە گەلانی تر نەبێت لە غەیری خۆیان، دەمارگرژی قەومیشیان کاریگەری هەبووە لەسەر شەڕەکانیان و تۆڵەکردنەوەیان لە دوژمنەکانیان بەشێوەیەکی زۆر خراپ، هەر ئەوەش هۆکار بووە لە شەڕەکانیانداو سەرکەوتنیاندا ئیعتیمادیان لەسەر گەلانی ولاتە داگیرکراوەکان نەبێت هەر ئەو سیاسەتەش وایلێکردن کوردانی ولاتەکەیان دووربخەنەوە لە نیشتمانی ئاشوریان، بەزۆر لەو ولاتانەدا جێگیریان بکەن کە داگیریان کردبوون، بەهەمان شێوەش زۆر لە دانیشوانی ڕەسەنی ئەو ولاتە داگیرکراوانەش بەزۆر لە ئاشوورو شوێنەکانی تری ئیمپراتۆریەتی ئاشووری جێگیریان دەکردن، لەگەڵ ئەو کارانەشدا گرنگییان دەدا بە بەهێزکردنی حامییەکانیان لەو ولاتە داگیرکراوانەدا بەدرێژی سنووری ئیمپراتۆریەت بۆئەوەی بەزۆر ناچاریان بکەن لەو بنکەو بارەگایانەدا توخمی ئاشووری تێکەڵ بکەن لەگەڵ ئەو دانیشتوانەی کە دانیشتوانەکەی بپارێزن. ئاشوریەکانیش وەکو هەموو گەلێکی پەروەردەی مەشقی سەربازی حەزیان بە شەڕ بووە بۆ ئەوەی تامی سەرکەوتن و دەستبەسەرداگرتن بچێژن، هەروەها بەسڕزو ناسیۆنالیزمیش بوون بۆ قەومەکەیان و ولاتەکەیان ئەوە وایلێکردبوون کە باوەڕیان بە گەلانی تر نەبێت لە غەیری خۆیان، دەمارگرژی قەومیشیان کاریگەری هەبووە لەسەر شەڕەکانیان و تۆڵەکردنەوەیان لە دوژمنەکانیان بەشێوەیەکی زۆر خراپ، هەر ئەوەش هۆکار بووە لە شەڕەکانیانداو سەرکەوتنیاندا ئیعتیمادیان لەسەر گەلانی ولاتە داگیرکراوەکان نەبێت هەر ئەو سیاسەتەش وایلێکردن کوڕانی ولاتەکەیان نیشتمانی

ئەمڕۆ لە مێژوودا




سالی 1920:
جۆرجی پێنجەمی پادشای بەریتانیا مەرسومی سەربەخۆیی ئیرلەندای مۆر کرد .



سالی 1941:
هێزەکانی ژاپۆن کۆنترۆڵی هۆنگ کۆنگیان کرد و دوای دوو رۆژ دەسەڵاتدارانی دوورگەکە خۆیان رادەست کرد.



سالی 1961:
جەمال عەبدولناسر هەموو مولک و مالێکی بیانی لە میسر خۆمالی کرد .



سالی 1990:
بە مەبەستی جیابوونەوە لە یوگسلافیا ، خەڵکی سلۆڤینیا راپرسیەکیان ئەنجام دا و 88%ی خەڵک بە بەڵێ دەنگیان دا .



سالی 1995:
لە ئەنجامی ئاگرێکی گەورەدا کە لە شارۆچکەی دابوالی هیندی کەوتەوە 540 کەس گیانیان لەدەست دا و 170ی دیکە بریندار بوون .



سالی 2008:
دوای گوشارێکی زۆر لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ، مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق دەستی لەکار کێشایەوە .

کەرتی کشتوکاڵی ڕووسیا لە کاتی ئابلۆقەدا



پەشی دووەم و کۆتایی

د. خۆشەوی مەلا بڕایم

لە هەلومەرجی، کە ڕووسیاش ئابلۆقەی خستووەتە سەر بەشێکی زۆری کالاکانی کشتوکاڵی ولاتانی یەکێتیی ئەورووپا بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، کەنەدا، ئوستڕالیا و نەرویجیشەوە، زۆر کەس لەو بڕوایەدایە، کە بارودۆخی گونجاو بۆ گەشەی کشتوکاڵی نیشتمانی فەراهەمکراوە و هاوردەی کالاکانی رکابەر سنووردار کراون و ئێستە دەرفەتی گەشەی ئابووری ناوخۆیی لەبەردەم بەرهەمهێنەرانی ڕووسیادا کراوەتەوە، بە پلەی یەکەم کالاکانی کشتوکاڵی ڕووسیا دەتوانن بوژانەوە بەخۆوە ببینن و ببنە جێگرەوەی ئەو کالا خۆراکییانە.

تۆڕی میدیای Kommersant باسی ئەوە نهێنیانە دەکات، کە بۆچی کەسانی وا هەن، کە لە بەناوبانگترین زانکۆی ڕووسیا دەخوێنن و بە ئاینیش موسڵمان نین، بەڵام پێوەندییان بە داعشەوە کردووە باوکی یەکێ لەو کوڕانە، کە سەردانی سووریای کردووە و لە جیاتی کوڕی خۆی سەردانی قەبری کردووە دەڵێت: لە ڕێگەدا کەسانی وام بینیووە کاتێک، کە گەیشتنە سوریا بەناخی دڵەوە خاکی ئەو ولاتەیان ماچ کردووە و هۆکارەکەشی بە تەواوی ناتوانن باس بکەن، بەڵام وەکو خۆیان دەڵێن: کە پەرییەکان بانّی بەسەر سووریادا کێشاوە، ئێستە سووریا زەوی پیرۆزی خودایە، بۆیە خەڵک پێوەندیی بەو گرووپە توندڕۆانەوە دەکەن هەر لەو وتارەدا باسی گەورەترین گرووپە توندڕۆەکانی جیهادی دەکات، کە بەشێک لە کوردانیش لەگەڵ "جەبهەی ئیسلامیدانە".

لە 15%ی شەڕڤانانی داعشی قەفقازی لە ژنان پێک دێنن:

ڕۆژنامەی nizavismaya gazeta لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی چوونی ژنانی ناوچەکانی قەفقازی وەکو داگستان، ئینگوشی و چیچان بۆ ناو داعش کردووە و دەنووسێ: کە لە سەردەمانی کۆنیشدا ژنانی قەفقاز لە شەڕکردندا بەناوبانگ بوون، بەشێکیان بە هۆی پێوەندیی میردەکانیانەوە بە داعش دەچن بۆ شەڕ، بەشێکی دیکەیان لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێوەندیی بە داعشەوە دەکەن و بەشی سێیەمیش لەبەر ناچاری و باری چەوتی کۆمەڵایەتییان. نووسەری ڕۆژنامەکە لەو بڕوایەدایە ئەگەر حکومەت هەوڵی پێشگیری نەدات، ڕەنگە ئاکامی زۆر خراپتری لێبکەوێتەوە بەشێکی دیکەی پسپۆرانی ڕووسیایی لەو بڕوایەدانە، ئەو داعشانەی، کە چوونەتە سووریا و عێراق گەڕانەوەیان وەکو ناپاکی چاو لێدەکرێت، هەروەها پرسێکی دیکەیش لێرەدا دێتە پێشەوە، کە ئاژ چەند کەسیان بە ساغی دەمێننەوە و لەوانەیە لە کاتێکدا هەوڵبدەن، کە بۆ ڕووسیا بگەڕێنەوە، بەڵام بە بێ چەک و ئایا هەواڵگریی ڕووسیا ڕێگەیان پێدەدات، بۆیە ئەو پسپۆرانە ئەو هەڕەشانە بە جدی نابینن و دوورکەوتنەوەیان بە قازانجی ڕووسیا دەبینن. هەواڵنێری تاسی ڕووسیایی لە مانگی ڕەمەزانیدا هەواڵی چەندان پێکدادانی چەکداری بلاو کردووەتەوە و دەڵێت: کەچەندان چالاکی چەکداری دژ بە هێزەکانی ئاسایشی ڕووسیا لە کۆماڕە خودان ئۆتۆنۆمییەکانی قەفقازی (کاباردینا بالکاریی - داگستان و ئۆسیتیای باکور) لە لایەن گرووپە جۆراوجۆرەکانی سەربە ئیماراتی ئیسلامی قەفقاز لە مانگی ڕەمەزانی 2015دا ئەنجام دراون، تا ئێستە زیاتر لە 8کەس کوژراون و چەندان هەوڵی تەقینەوەش پووچەڵ کراونەتەوە. هەر بەپێی ئەو هەواڵانە لەناو ریزەکانی داعشدا 150 کەس لە کۆماری ئۆتۆنۆمی کاباردینا بالکاری، 70 کەس لە کەڕاچایڤە چێرکێس، 1700 کەس لە چیچان و 1700 کەسی دیکەیش لە داگستان چوونەتە ناو ریزەکانی داعشەوە. لە ماوەی ساڵێکدا 52 کەس بە تۆمەتی بەشداری لەناو داعشدا دادگەیی کراون. لە ڕووسیا 3500 حیسابی بانکی، کە پێوەندییان بە تیرۆریستانەوە هەبووە دەستبەسەر کراون، زیاتر لە 500 سەرچاوەی ئینتەرنێتی ڕووسیایی لە ساڵی ڕابردوودا لە لایەن داعشەوە تووشی هەڕەشەی هاککرد بوونەتەوە.

ڕووسیا دەبێ بۆ چ جۆرە شەڕێک خۆی ئامادە بکات:

لە دوای تووندبوونی گرژی و ناکۆکییەکانی نێوان ڕووسیا و ناتۆ هەندێ پسپۆر و لێتۆژی ڕووسیایی هەر لە ئێستەوە باسی بەرئەنجامەکانی شەڕی نەخوازراو دەکەن، کە لێرەدا نموونەیەک دەهێنینەوە. پرۆفیسۆری زانکۆی

بەناوبانگی ڕووسیا لە موسکۆ بەناوی بائومان - لیۆنید ئۆرلینکۆ لە ڕۆژنامەی Rungووسیووەتی:

* لەنێو ولاتانی جیهاندا ڕووسیا توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەمەریکا و لەناوبردنی لە ماوەی کاتژمێرێکدا بە گورزی 490 مووشەکی بالیستیکی، 1480 کولاهەکی ئەتۆمی هەیە. لە هەمبەردا ئەمەریکا دەتوانێت بە ڕێگەی گورزی بە پلەی جیهانییەوە rapid global strike بەرگری دژە ڕۆکێت، ڕۆکێتی کرۆزی دەریایی و ڕۆکێتی بالیستیکی هێرش بکاتە سەر ڕووسیا. نووسەر وتەی ژەنەرالّ لیۆنید ئیڤاشۆڤ دەهێنێت و دەڵێ: کە (ئاسمانی ڕووسیا کراوەیە و پێویستە، کە ئامرازی پاراستنی دژە ڕۆکێتی بالیستیکی و کرۆزی هەبێت، هەروەسا پێویستە، کە ستراتیجی شەڕکردنی خۆمان بگۆڕین) نووسەر دەڵێت: پێویستە ڕووسیا لەشکری خۆی بە چەکی مودێرن چەکدار بکات، پێشکەوتنی ئابووری و جێگرەوەی بکاتە بەرنامەی کاری و بە هاوشێوەی ولاتانی چین، ڤێتنام و بیلاڕووسیا لە پێناو زیندووکردنەوەی ئابوورییەکی سەربەخۆدا کار بکات. کاری سەرەکی ئێمە دەبێ بە ئاراستەی داهێنانی تەکنۆلۆژیای ڕووبەڕووبوونەوەی گورزی بلەزی جیهانی rapid global strike بشکێتەوە.

نیگەرانی ئەمەریکا و ئەڵمانیا سەبارەت بە شەڕکردنی بەکرێگیراوان لە لیبیا



وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ و هاوتا ئەڵمانییەکەی هایکۆ ماس نیگەرانی خۆیان نیشاندا سەبارەت بەوەی بەکرێگیراوان لە پاڵ هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر لە لیبیادا، شەڕ دەکەن.

ئەمەش دوای ئەوە دێت پێشتر ڕۆژنامەکانی واشنتۆن پۆست و نیویۆرک تامز و بلۆمبرگ بڵاویانکردبوویەوە کە ژمارەیەک کۆمپانیای تایبەتی ئەمنی ڕووسیا لەسەرووبانەوە کۆمپانیای "Wagner"لە پاڵ هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر لە لیبیادا، شەڕ دەکەن.ئەمەش لەکاتێکدایە پێشتر گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، ماریا زاخارۆڤا پێداگریی لەسەر ئەوە کردبوو کە ولاتەکەی لایەنگری ئەوەیە پێکدادانە چەکداریەکان لە لیبیا بوەستێنرێن و دیالۆگێکی تایبەتی سیاسیی لەنێوان لایەنەکاندا دەستپێبکرێت.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، مۆرگان ئۆرتاگوس ڕایگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ و هاوتا ئەڵمانییەکەی هایکۆ ماس نیگەرانی خۆیان نیشاندا سەبارەت بەوەی بەکرێگیراوان لە پاڵ هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر لە لیبیادا، شەڕ دەکەن.

ئەمەش دوای ئەوە دێت پێشتر ڕۆژنامەکانی واشنتۆن پۆست و نیویۆرک تامز و بلۆمبرگ بڵاویانکردبوویەوە کە ژمارەیەک کۆمپانیای تایبەتی ئەمنی ڕووسیا لەسەرووبانەوە کۆمپانیای "Wagner"لە پاڵ هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر لە لیبیادا، شەڕ دەکەن.ئەمەش لەکاتێکدایە پێشتر گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، ماریا زاخارۆڤا پێداگریی لەسەر ئەوە کردبوو کە ولاتەکەی لایەنگری ئەوەیە پێکدادانە چەکداریەکان لە لیبیا بوەستێنرێن و دیالۆگێکی تایبەتی سیاسیی لەنێوان لایەنەکاندا دەستپێبکرێت.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، مۆرگان ئۆرتاگوس ڕایگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ و هاوتا ئەڵمانییەکەی هایکۆ ماس نیگەرانی خۆیان نیشاندا سەبارەت بەوەی بەکرێگیراوان لە پاڵ هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر لە لیبیادا، شەڕ دەکەن.

ئەمەش دوای ئەوە دێت پێشتر ڕۆژنامەکانی واشنتۆن پۆست و نیویۆرک تامز و بلۆمبرگ بڵاویانکردبوویەوە کە ژمارەیەک کۆمپانیای تایبەتی ئەمنی ڕووسیا لەسەرووبانەوە کۆمپانیای "Wagner"لە پاڵ هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر لە لیبیادا، شەڕ دەکەن.ئەمەش لەکاتێکدایە پێشتر گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، ماریا زاخارۆڤا پێداگریی لەسەر ئەوە کردبوو کە ولاتەکەی لایەنگری ئەوەیە پێکدادانە چەکداریەکان لە لیبیا بوەستێنرێن و دیالۆگێکی تایبەتی سیاسیی لەنێوان لایەنەکاندا دەستپێبکرێت.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، مۆرگان ئۆرتاگوس ڕایگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ و هاوتا ئەڵمانییەکەی هایکۆ ماس نیگەرانی خۆیان نیشاندا سەبارەت بەوەی بەکرێگیراوان لە پاڵ هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر لە لیبیادا، شەڕ دەکەن.

ئەمەش دوای ئەوە دێت پێشتر ڕۆژنامەکانی واشنتۆن پۆست و نیویۆرک تامز و بلۆمبرگ بڵاویانکردبوویەوە کە ژمارەیەک کۆمپانیای تایبەتی ئەمنی ڕووسیا لەسەرووبانەوە کۆمپانیای "Wagner"لە پاڵ هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر لە لیبیادا، شەڕ دەکەن.ئەمەش لەکاتێکدایە پێشتر گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، ماریا زاخارۆڤا پێداگریی لەسەر ئەوە کردبوو کە ولاتەکەی لایەنگری ئەوەیە پێکدادانە چەکداریەکان لە لیبیا بوەستێنرێن و دیالۆگێکی تایبەتی سیاسیی لەنێوان لایەنەکاندا دەستپێبکرێت.

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، مۆرگان ئۆرتاگوس ڕایگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ و هاوتا ئەڵمانییەکەی هایکۆ ماس نیگەرانی خۆیان نیشاندا سەبارەت بەوەی بەکرێگیراوان لە پاڵ هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر لە لیبیادا، شەڕ دەکەن.

ئەمەش دوای ئەوە دێت پێشتر ڕۆژنامەکانی واشنتۆن پۆست و نیویۆرک تامز و بلۆمبرگ بڵاویانکردبوویەوە کە ژمارەیەک کۆمپانیای تایبەتی ئەمنی ڕووسیا لەسەرووبانەوە کۆمپانیای "Wagner"لە پاڵ هێزەکانی سەربە لیوا خەلیفە حەفتەر لە لیبیادا، شەڕ دەکەن.ئەمەش لەکاتێکدایە پێشتر گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، ماریا زاخارۆڤا پێداگریی لەسەر ئەوە کردبوو کە ولاتەکەی لایەنگری ئەوەیە پێکدادانە چەکداریەکان لە لیبیا بوەستێنرێن و دیالۆگێکی تایبەتی سیاسیی لەنێوان لایەنەکاندا دەستپێبکرێت.

بۆ ڕاگەرتنی شەڕ و پێکدادانەکان لە لیبیا دووپاتکردووەتەوە.دوێنێ هەینی نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لیبیا رایگەیاندبوو نیگەرانین لە دوا پێشهاتەکانی ئێستای لیبیا و تەشەنەسەندنی گرژییە سەربازییەکان لەو ولاتە و جەختی کردبووەوە لەسەر ئەوەی کە تاکە ڕێگای چارەسەرکردن بۆ کێشەکان، گفتوگۆ و دانوستانە.لیوا خەلیفە حەفتەر کە بەنیازە بە زەبری چەک لە خۆرهەلاتی لیبیا ئیدارەی بگرێتە دەست، دواینجار لە 12ی کانوونی یەکەمدا فەرمانی بە هێرشێکی نوێی کرد بۆسەر تەرابلوس بە ناوی "جەنگی یەکلاکەرەوە".لیوا خەلیفە حەفتەر لە چواری نیساندا فەرمانی هێرشی بە یەکەکانی کرد بۆ دەستگرتن بەسەر تەرابلوسدا و بانگەشەی ئەوەی کردبوو کە لە میانی 48کاتژمێردا کۆنترۆڵی دەکات.لە بەرامبەر ئەوەدا یەکەکانی حکوومەتی تەبایی نیشتمانیی لیبیا دەستیان بە ئۆپەراسیۆنی "گۆکانی تورەیی" کرد.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/12/23 ژمارە (5898)



ئەو هێڵە سوورانەی سەرۆکەکانی ئەمەریکا بۆیان نیە بیانبەزێنن!

ئا : هەندرین شێرزاد

ئەو کاتەی کەسێک لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا سەرکەوتن وەدەست دێنێ ، ئیتر بە درێژایی ماوەی سەرۆکایەتی خۆی و خانەوادەکەی دەبن بە ئاغای کۆشکی سپی و هەر لەوێش دەژین . لەو ساتەوە کۆشکی سپی دەبێتە بنکەی سەرەکی کاری سەرۆک و یاریدەدەرانی . لە ماوەی ئەم چەند سالەشدا سەرۆک و خانەوادەکەی بۆیان هەیە بە ویستی خۆیان گۆڕانکاری لە کۆشک بکەن ، دەزگای خزمەتگوزاریی نهێنیش ژیانی سەرۆک دەپارێزێ . بەڵام کۆمەڵێک ڕێسا و یاسای تایبەت هەن ، سەرۆک و ئەندامانی خانەوادەکەی بۆیان نیە پێشێلیان بکەن و لێیان لا بدەن.

سەرۆکەکانی ئەمەریکا تا ئەمڕۆ 45 کەس سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان کردووە کە ئەمانەن:

جۆرج واشنتۆن : 1789 - 1797 ، جۆن ئادامز : 1797 - 1801 ، تۆماس جیفرسۆن : 1801- 1809، جیمس مادیسۆن : 1809- 1817 ، جیمس مۆنرۆ : 1817ژ 1825 ، جۆن کوینسی ئادامز : 1825- 1829، ئاندرۆ جاکسۆن : 1829- 1837 ، مارتن ڤان بیورین : 1837- 1841، ولیام هێنری هاریسۆن : 1841، جۆن تایلۆر : 1841ژ1845 ، جیمس بۆلکس : 1845- 1849، زکاری تایلۆر : 1849- 1850 ، میلارد فیلمۆر : 1850- 1853 ، فرانکلین پیرس : 1853- 1857 ، جیمس بیوکانان : 1857- 1961 ، ئابراهام لینکۆلن : 1861ژ 1856 ، ئاندرۆ جۆنسۆن : 1865- 1869، یولیسیس ئێس . گرانت : 1869- 1877 ، ڕەزەرفۆرد برتشارد هایز : 1877- 1881 ، جیمس ئابراهام گارفیلد 1881، چستەر ئالان ئارسەر : 1881- 1885 ، گروفر کلیفلاند : 1885- 1889، بنجامین هاریسۆن : 1889- 1893، گروفر کلیفلاند : 1893- 1897، ولیام ماکینلی : 1897- 1901 ، سیودۆر ڕۆزفلت : 1901- 1909، ولیام هاورد تافت : 1909- 1913 ، ویدرۆ ویلسۆن : 1913- 1921، وارین جامالیل هاردینگ : 1921- 1923 ، کالڤن کۆلدیج : 1923- 1929، هێربرت کلارک هۆڤەر : 1929- 1933 ، فرانکلین دیلانۆ ڕۆزفلت : 1933- 1945 ، هاری ئێس تروومان : 1945 - 1953، دوایت دیڤد ئایزنهاوەر : 1953- 1961 ،جۆن فیتز جیرالد کینیدی : 1961- 1963 ، لیندۆن بایینس جۆنسۆن : 1963- 1969 ، ریچارد میلهاوس نیکسۆن : 1969- 1974، جیرالد ڕۆدۆلف فۆرد : 1974- 1977 ، جیمس ئیرل کارتەر : 1977- 1981 ، ڕۆنالد ویلسۆن ریگان : 1981- 1989، جۆرج هێربرت والکەر بوش : 1989- 1993، ولیام جیفرسۆن کلینتۆن : 1993- 2001 ، جۆرج والکەر بوش : 2001- 2009 ، باراک ئۆباما : 2009 - 2017 ، دۆنالد ترامپ : 2017 هەتا ئێستا .



منداڵانی سەرۆک

سەرۆک بۆی نیە لە کاتی پێشخستنی بەهرەکانیان سەیری منداڵەکانی بکات . ڕۆنان لەو بارەشەوە دەڵێ : عەیبێکی دیکە هەیە کە هەندێک لە سەرۆکەکانی ئەمەریکا ئاماژەیان پێ کردووە ، بۆ نموونە : سەرۆکی وڵات بۆی نیە ئامادەی ئاهەنگی سەماکردن یان ڕووداوی وەرزشی منداڵ و نەوەکانی بێ ، بەو پێیەی ئەم جۆرە بۆنانە پێویستیان بە دابینکردنی ئامادەکاری گەورە و چڕی ئەمنی هەیە . بۆیە هەندێک لە منداڵی سەرۆکەکانی ئەمریکا ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە قوتابخانەی کۆشکی سپیەوە کردووە .

گەشتکردن بە فڕۆکە

لە کاتێکدا ئەگەر سەرۆک بخوازێ لە ڕێگەی هێڵی ئاسمانی ئەمەریکیەوە گەشتێک ئەنجام بدات ، دەزگای خزمەتگوزاریی نهێنی لە وەڵامدا دەڵێ : ببورە ناتوانی ئەمە ئەنجام بدەی . دکتۆرە کارلا ماستراتشیۆ ، ڕاهێنەری ئاسایشی سیبرانی سەر بە کۆمپانیای سکیور سێت دەڵێ : ئەمە یەکێکە لەو شتە سروشتیانەی بە هیچ شێوەیەک سەرۆک بۆی نیە ئەنجامیان بدات . سەرۆکەکان بۆیان هەیە وەک خەڵکی ئاسایی زۆر شت ئەنجام بدەن ، بەڵام لەگەڵ چەندین کۆت و بەربەست . فرۆکەی ئێر فۆرس وەنی سەرۆکایەتی کە وەک کۆشکێکی جولەپێکراو وایە ، هەروەها خاوەنی پێشکەوتووترین ئامێرە و لە توانایدا هەیە ڕووبەڕووی هەموو ئەو ئامێرە سیخوڕیکەرانە بێتتەوە کە چاودێری پەیوەندیەکانی سەرۆک دەکەن ، جگە لەمە ، لە کاتی ڕووداتی هەر کارەساتێکی ئەتۆمیدا ، ئەم فرۆکەیە دەبێ بە حەشارگەیەک بۆ پاراستنی سەرۆک . لە کاتی ئەنجامدانی گەشتە نێوخۆییەکانیشدا سەرۆک فرۆکەی هێلیکۆپتەری جۆری مارین وەن بەکاردێنێ کە خاوەنی چەندین ئامێر و دەزگای تایبەت و پێشکەوتوون .

پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان

مات بینسکەر ، مامۆستای بواری ئاسایشی ناوخۆیی لە زانکۆی قرجینیا کۆمنوێلس دەڵێ : سەرۆکەکانی ئەمەریکا بۆیان نیە پەیوەندی تەلەفۆنی یان لە ڕێگەی گرتەی ڤیدیۆییەوە ئازادانە گفتوگۆ لەگەڵ براەدەر و ناسیاوانیان بکەن ، بەڵکو ئەمە دەبێ لە ڕێگەی هێڵێکی تایبەت و سەلامەتەوە ئەنجام بدرێ.
کەواتە بەر لەوەی سەرۆک هەر پەیوەندیەکی تەلەفۆنی ئەنجام بدات ، پێویستە دەزگای خزمەتگوزاریی نهێنی ئاگادار بکاتەوە . کەواتە ئەم دەزگایە هەوڵی زۆر دەخاتەگەڕ لە پێناوی ڕێکخستن و جێبەجێکردنی چالاکیەکانی سەرۆک .

دەربارەی کۆشکی سپی

کۆشکی سپی لە 6نهۆم پێک دێت ، لەگەڵ 132ژوور و 35گەرماو و 412دەرگا و 147پەنجەرە و 28دوکەڵکێش و 3سەرخەر .
خواردنگەی کۆشک لە توانایدا هەیە بە یەک جار ژەمێک نان بۆ نزیکەی 140میوان ئامادە بکات.
نەخشەی کۆشکی سپی لەلایەن کەسێکی ئێرلەندی بەناوی جایمس هوبانەوە دانراوە .
ساڵی 1791شوێنی ئێستای کۆشکی سپی لەلایەن جۆرج واشنتۆنی سەرۆکی یەکەمی ئەمەریکا دیار کراوە و ساڵی 1792بەردی بناغەی دانراوە .
بونیادنانی کۆشکی سپی هەشت ساڵی خایاندووە و بڕی 232.372دۆلاری ئەمەریکای تێ چووە .
جۆن ئادامزی سەرۆکی دووەمی ئەمەریکا یەکەم سەرۆک بوو ساڵی 1800لە کۆشکی سپی نیشتەجێ بوو .
ساڵی 1901بۆ یەکەم جار سیۆدۆر ڕۆزفلت بە فەرمی ئەو ناوەی بۆ ئەم کۆشکە هەڵبژارد ، پێشتر ناوی کۆشکی سەرۆک یان ماڵی سەرۆک یان کۆشکی کارگێڕی بوو .
ساڵی 1835لە سەردەمی سەرۆک ئاندرۆ جاکسۆن ئاو و سیستمی گەرمکەرەوە براونەتە نێو کۆشک ، کارەباش لە ساڵی 1891لە سەردەمی بەنجامین هاریسۆن و ئینتەرنێت لە ساڵی 1992لە سەردەمی جۆرج بوشی باوک .
گرۆفر کلیفلاند تاکە سەرۆکی ئەمەریکایە کە لە ساڵی 1886ئاهەنگی هاوسەرگیریی لە کۆشکی سپی ئەنجام داوە .
ساڵانە کۆشکی سپی پێشوازی لە نزیکەی 100دەرچووی زانکۆکان دەکات ، ئەوانەی بۆ کارکردن لە کۆشک ڕەزامەندیان لە بارەوە وەرگیراوە .
ڕووبەری کۆشکی سپی بە شێوەیەکی گشتی 18فەدانە .
بۆیەکردنەوەی کۆشکی سپی پێویستی بە 750گالۆن بۆیەی سپی هەیە .



تەنیا لە یەک پەنجەرەوە

ئێمەی خەڵکی ئاسایی بۆمان هەیە هەر پەنجەرەیەکی ماڵەکانمان بکەینەوە و لێیانەوە سەیری دەرەوە بکەین ، بەڵام ئەمە کۆشکی سپی ناگرێتەوە و لەبەر چەند هۆکارێکی ئەمنی سەرۆک بۆی نیە بە خواستی خۆی پەنجەرەکانی کۆشک یان ئۆتۆمبیل بکاتەوە . لەو بارەوە میشێل ئۆباماى خاتونی یەکەمی پێشووی کۆشکی سپی کە چاوەڕێی دەکرد دوای چوونەدەرەوەیان لە کۆشکی سپی ، ئیتر بۆی هەیە پەنجەرەیەک بکاتەوە و بۆ ئەوەی سەیری هاوسەرەکەی بکات و دەڵێ : تاکە شتێک کە خەڵک نایزانن ئەوەیە ، ئێمە ناتوانین تەنانەت هەندێک شتی بچووکی وەک کردنەوەی پەنجەرەش ئەنجام بدەین . هەروەها رایگەیاند کە بۆ ماوەی نزیکەی حەوت ساڵ نەیتوانیوە سواری ئۆتۆمبیلێکی جام کراوە بێ . خاتو میشێل گلەیی ئەوەش دەکات کە پەنجەرەکانی کۆشکی سپی هەمیشە داخراون و تەنیا قەپەنگێک هەبووە کە توانیویانە تیایدا سەیری دەرەوە بکەن .

دەزگای خزمەتگوزاریی نهێنی

جیم ڕۆنان ، مامۆستای زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی فیلانۆڤا لەو بارەوە دەڵێ : ئەگەرچی دەزگای خزمەتگوزاریی نهێنی بۆی هەیە ڕێنمایی سەرۆک بکات ، بەڵام قسەی کۆتایی و یەکلاکەرەوە هی سەرۆکە و دەزگای ناوبراویش دەبێ فەرمان جێبەجێ بکات . بۆ نموونە ، ئەگەر سەرۆک بخوازێ کارێک ئەنجام بدات کە ببێتە مایەی وروژاندنی بابەتی ئەمنی ، وەک چوونەدەرەوە لە کۆشک بە مەبەستی سڵاوکردن لە خەڵک ، یان سەردانی شوێنێکی مەترسیدار ، ئەو کاتە دەزگای خزمەتگوزاری نهێنی لەسەریەتی لەو پێناوەدا هەموو هەوڵەکانی تەرخان بکات .

شوفێریکردن

ئەوانەی دەبن بە سەرۆکی ئەمەریکا و ڕوودەکەنە کۆشکی سپی ، دەبێ بە درێژایی تەمەن دەستبەرداری شوفێریی ببن . لە ماوەی سەرۆکایەتیدا سەرۆک بە ئۆتۆمبیلی تایبەت و زۆر سەلامەت هاتوچۆ دەکات و شوفێرەکەشی کەسێک دەبێ کە مەشق و ڕاهێنانی چڕی پێ کراوە. بەڵام ئەم یاسایە ناوچەی گەشتیاریی کامب دێڤد و چەند شوێنێکی دیکەی وەک مولکی تایبەتی سەرۆک ناگرێتەوە و لەوێ سەرۆک بۆی هەیە بە پێ یان بە پایسکل بسوڕێتەوە و ئەرکی سووک و ئاسایی جێبەجێ بکات.

کینیدی ، خاڵی وەرچەرخان

مایکی نیلسۆن ، کە بۆ ماوەی 29ساڵ یاریدەدەری بەڕێوەبەری پڕۆسەکانی پاڕێزگاریکردن بووە لە خزمەتگوزاریی نهێنی و ساڵی 2012خانەنشین بووە دەڵێ : قەدەغەکردنی زۆر چالاکی لە سەرۆکی ئەمەریکا ئەوەندەی وەک سیایەتێکی پەیڕەوکراو وایە ئەوەندە یاسا نیە . تیرۆرکردنی جۆن کینیدی سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا لە ساڵی 1963خاڵی وەرچەرخان بوو لە میژووی ئاسایشی سەرۆکایەتی لە ئەمەریکا ، ئەو لە کاتی تیرۆرکردنیدا لەنێو ئۆتۆمبیلێکی کراوە دانیشتبوو و سڵاوی لە جەماوەر دەکرد ، بۆیە لەو کاتەوە بە هیچ شێوەیەک نابێ سەرۆک سواری ئۆتۆمبیلی کراوە ببێ .

دوێنێ یەکشەممە، 2019.12.22
یەکەم رۆژی وەرزی زستان لە کوردستاندا دەستپێکرد



دوێنێ یەکشەممە، 2019.12.22 کاتژمێر 07:19ی بەیانی بە کاتی هەولێر، دیاردەی (وەرگەڕانی زستانە Winter Solstice) رووید، واتە یەکەم رۆژی وەرزی زستان لەنیوەگۆی باکووری هەسارەکەمان دەستپێکرد، وە دوێنێ شەو درێژترین شەو بوو کە ماوەکەی گەیشتە 13 کاتژمێرو 44خولەک و 1چرکەو ماوەی رۆژیش کورترین ئاست تۆمار دەکات کە دەگاتە 10 کاتژمێرو 15خولەک و 59 چرکە.

کاتی هەلاتنی خۆر 07:11 خولەکی بەیانی بوو بەئاراستەی 119 پلەی رۆژهەلات بۆ باشووری رۆژهەلات و کاتژمێر 12:02ی نیوەڕۆی دوێنێ خۆر گەیشتە بەرزترین ئاستی لە ئاسماندا پاشان لە 04:53ی ئێوارە، خۆر لە ئاراستەی 241 پلەی رۆژئاوا بۆ باشووری رۆژئاوا ئاوا بوو.

هەر لەو رۆژەدا، وە بەپێی لاربی گۆشەیی خولگەکەیدا، تیشکی خۆر ستوونی بوو لەسەر (خولگەی گیسک) لەنیوەگۆی باشووری زەوی، هەربۆیە تیشکی خۆر زیاتر بەرەو نیوەگۆی باشووری زەوی دەکشێ تا دەگاتە ئاستی 23پلەو 26خولەک بەرەو باشوور، کە ئەمەش واتای کشانێکی زۆر دەنوێنێ لە تیشکی خور لە نیوەگۆی باکوور بەرەو باشوور، ئەوکاتە بۆ دانیشتوانی نیوەگۆی باشووری زەوی، دەستپێکی وەرزی هاوینە، واتە (وەرگەڕانی هاوینە Sum--mer Solstice) دەبێت.

کەواتە هۆکاری درێژبوونەوەی ماوەی شەو و رۆژو دابەزینی پلەکانی گەرما لە نیوەگۆی باکووری زەوی هۆکارەکەی بۆ لاربوونەوەی تیشکی خۆرە، نەوەک دووركەوتنەوەو نزیکبونەوەی زەوی لە خۆر، چونکە لە راستیدا وەرگەڕانی زستانە لە نیوگۆی باکووری زەویدا کاتێک رووەدات کە هەسارەکەمان لە نزیکترین خاڵدایە لە خۆر! کە بۆ ئەمساڵ گەیشتبووە 147 ملیۆن و 99هەزارو 760کم وە لە هاوینیشدا لە دوورترین خاڵدایە کە لە 5ی تەموزی 2020 دەبێ و ئەوکاتە ماوەی نێوانمان دەگاتە 152ملیۆن و 104هەزارو 285 کیلۆمەتر.

لە هەمان کاتدا، وەبەو پێیەی ئەو ناوچانەی دەکەونە نێو بازنەی جەمسەریی باکوور لە هێڵە پانییە بەرزەکان، خۆر یەگجار زۆر زیاتر لە ئاسمانیان دوور دەکەوێتەوە تا وایلێدێت خۆر بۆماوەی 6مانگ لەو ناوچانەدا نابینرێت!، بەڵام بە پێچەوانەوە، لە ناوچەکانی نێو بازنەی جەمسەریی باشووردا خۆر بۆماوەی 6مانگ هەڵدێت و لە کاتی ئاوابوونیدا لەسەر ئاسۆی رۆژئاوا دەبێ و پاشان بۆ باکووری رۆژئاوا و ئینجا باکوور و پاشان بۆ باکووری رۆژهەلات و ئینجا دووبارە لە رۆژهەلاتدا بەرز دەبێتەوە ناوەڕاستی ئاسمان.

جێگای ئاماژەپێدانە کەوا تەواوی دیاردەکانی هەڵگەڕانەوەی زستانە لە نیوەگۆی باکوور لە 20- 21 - یان 22ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێکدا رووەدات، بەڵام یەگجار زۆر بە دەگمەنی لە 23ی کانوونی یەکەمدا رووەدات، بۆیە، دوایین هەڵگەڕانەوەی زستانە لە 23ی کانوونی یەکەمی 1903رووید‌او لە 23ی کانونی یەکەمی 2303دا دووبارە دەبێتەوە، واتە دوای 283ساڵی دیکە.

ئا: ئاڵای چەتۆ حەسەن

پێنجشەممەی داهاتوو ئەگەر کەش و هەوا لەبار بێت
لە جیهاندا خۆرگیرانی ئەڵقەیی و لە کوردستاندا خۆرگیرانی نیمچەیی رووەدات



رۆژی پێنجشەممەی داهاتوو (2019.12.26خۆرگیرانێکی ئەلقەیی - (Annular Eclipseلە جیهاندا رووەدات، بەڵام لەبەر شوێنکەوتەی جوگرافیی هەرێمی کوردستان بە نیسبەت گۆی زەوی و گۆڕانی گۆشەی دەرکەوتنی خۆرو مانگدا، ئەوا بە داخەوە لە هەرێمی کوردستاندا دیاردەکە بەو شێوەیە نابینین بەڵکو خۆرگیرانێکی نیمچەیی دەبینین، ئەوە ئەگەر کەش و هەوا لەو رۆژەدا لەبارو گونجاو بێت.

هۆکاری سەرەکیی دیاردەی خۆرگیران بریتییە لە کەوتنی مانگ لەنێو زەوی و خۆردا بەجۆرێک کەوا هەرسێکیان بکەونە سەر یەک راستەهێڵ، بەم شێوەیە گۆی مانگ دەبێتە بەربەست لە بەرامبەر بەرکەوتنی بەشێکی زەوی بە تیشکی خۆر، بەو واتایەی ئەو ناوچانەی سەر رووی زەوی کە دەکەونە نێو سێبەری زەوی خۆر بە تەواوی یان بەشێکیان لێ دەگیرێ.

ئەگەرچی ئێمە لە ئاسماندا قەبارەی خۆرو مانگ وەک یەک دەبینین، بەڵام لەراستیدا خۆر 5ملیۆن و 200هەزار جار لە مانگ گەورەترە، کەچی خۆر نزیکەی 400 جار دوورترە لە ئێمە بە بەراورد لەگەڵ مانگدا، بۆیە دەبینین لەکاتی خۆرگیرانی تەواودا دیسکی مانگ بە تەواوی دیسکی خۆر دادەپۆشی.

لە رووی فەلەکییەوە خۆرگیران سێ جۆری هەیەو هەرکاتەو لە ناوچەیەکی جیهاندا رووەدات و دەبنرێت:

1- تەواو -Total: ئەوکاتەی مانگ لە نزیکترین خاڵە لەگەڵ زەوی و بەمەش تەواوی دیسکی خۆر دادەپۆشێ، بەڵام بە پێی جیاوازیی شوێنکەوتەی جوگرافی وڵاتان و گۆڕانی کۆشەی بینین، ئەوا لە سەروو و خوارووی ئەو ئەو ناوچەیەی کە خۆرگیرانی تەواو تیایاندا رووەدات دانیشتوانیان خۆرگیرانێکی نیمچەیی دەبینن.

2- نیمچەیی -Partial: بەهۆی دووری لە زەوی یان لاربی گۆشەی خولانەوەی مانگ بە دەوری زەوی، ئەوا بەشێکی خۆر لەرێگەی دیسکی مانگەوە دەگیرێت و هەر بەو شێوەیەش لەو تەواوی ئەو ناوچانە دەبینرێت کە ئەم دیاردەیەی تیادا رووەدات.

3- ئەلقەیی -Annular: ئەوکاتە رووەدات کە مانگ لە دوورترین خاڵدایە لەگەڵ زەوی، هەربۆیە ناتوانێ تەواوی دیسکی خۆر دابپۆشێ و لەکاتی خزانی بۆ نیو دیسکی گەشی خۆرو دەگاتە سەنتەری ئەو دیسکە، ئەوا ئەلقەیەکی بریقەدار لە دەوروبەری دیسکی رەش و تاریکی مانگدا دەردەکەوێ.

سەبارەت بەو خۆرگیرانە لە هەرێمی کوردستان ئەوا لە کاتژمێر 05:41ی بەیانییەوە دەستپێدەکات، بەڵام لەبەر کەوتنی خۆر لە ژێرەوە ئاسۆدا، بۆیە مەحاڵە لە هەرێمی کوردستاندا ببینرێت. کاتژمێر 07:13 خولەکی بەیانی لەگەڵ دەرکەوتنی خۆر، بەمەرجێ هیچ بەربەستێکی سروشتی یان دەستکرد نەبێت، ئەوا خۆرگیرانی نیمچەیی دەبینرێت و لای سەرەوەی دیسکی تاریکی مانگ تا نزیکەی ناوەڕاستی دیسکی گەشی خۆر دەبینرێت.

کاتژمێر 07:49ی بەیانی بەکاتی (هەولێر) مانگ بە تەواوی لەسەر دیسکی خۆر لادەچێ و کۆتایی بە دیاردەی خۆرگیرانی نیمچەیی دێت لە هەرێمی کوردستاندا.

واتە ئەو ماوەیەی کە لەنێو هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت لە 36خولەک زیاتر نییە، لە کاتێکدا تەواوی پرۆسەکە لە دەستپێک تا کۆتایی سەبارەت بەو وڵاتانەی کە خۆرگیرانی ئەلقەیی دەبینن ئەوا دەستپێدەکات لە: (قەتەر، ئیمارات، عومان، باشووری هیندستان، باکووری سریلانکا، سۆمەترە، مالیزیا

دەستپێکی خۆرگیرانی ئەلقەیی کاتژمێر 06:43ی بەیانی بەکاتی هەولێر دەبێت لەنێو (بیابانی ربع الخالی) لە دووریی 220 کیلۆمەتر لە باکووری رۆژهەلاتی (ریاز) ی پایتەختی (سعودیە) و لە کاتژمێر 09:59خولەکی بەیانی بەکاتی هەولێر لە (دوورگەی گوام) لە نێو (زەریای هێمن) دا کۆتایی پێدێت.

ناوچەی سێبەری تەواوی مانگ وەک خاڵێکی رەشی گۆییە بە تیرەی 164 کیلۆمەتر نااراوە بە (Antumbra) و بەخێرایی 1.1 کیلۆمەتر لەیەک چرکەدا لەسەر رووی زەویدا دەڕوات.

درێژترین ماوەی خۆرگیرانی ئەلقەیی لە نێو (دەریای باشووری چین) لە کاتژمێر 8:30ی بەیانی تۆمار دەکرێ و تیایدا بۆماوەی 3خولەک و 40 چرکە خۆرگیرانی ئەلقەیی تەواو دەبینرێ پێش ئەوەی دیسکی تاریکی مانگ لەسەر دیسکی گەشی خۆر لابچێت.

65 ملیۆن ساڵدا پێش ئێستا هەبووە!

تیمێک لە لێکۆڵینەوە ئەمریکییەکان رایانگەیاند کە زیندەوەری ناسراو بە (ئەسپێ) بەر لە 65 ملیۆن ساڵیشدا هەبووە و تیمی لێکۆڵەرەوانیش کە ئەم دەرەنجامەکەیان لەنێو گۆڤاری (بایۆلۆژی لێتەرس) ی سەر بە دەزگای (شانشینی بەریتانی بۆ زانست) دا بڵاوکردۆتەوە رووندیان کردۆتەوە کە ئەم زیندەوەرە پێشووتر لە ژێر پەڕەموچەی بڵندەکانی ئەو سەردەمەدا هەبووەو دوای بەرکەوتنی هەسارۆکە مەزنەکە بە زەوی بەرلە 65 ملیۆن ساڵ و لە ناوچوونی لە 90%ی گیاندارەکانی ئەوسای وەک دایناسۆرەکان و شیردەرەکاندا رزگاریان بووە.

لێکۆڵەران لەژێر چاودێری (Vincent Smith) ی سەر بە (مۆزەخانەی سروشت) لە (لەندەن) دەستیانکردبوو بە بەردەستکردنی بۆهێڵی (جینات) ی 69جۆرە ئەسپێ لەگەڵ ئەو جۆرەی کە ئێستا باوە و پاشان نەخشەیەکیان بۆ دەرکەوت کە رەچەڵەکی سەرەتایی ئەم زیندەوەرەی لێکەوتەوە و پاشان بەراوردیان کرد لەگەڵ ئەو دۆزینەوانەی کە بە دریژایی میژوو ئەنجام درابوون و دەرکەوت کە سەرەتای دەرکەوتنی رەچەڵەکی ئەسپێ دەگەڕێتەوە بۆ (چاخی تەباشیری) کە لەو سەردەمەدا و بەرای زانایان، لە دەرەنجامی بەرکەوتنی هەسارۆکەیەک بە زەوی دایناسۆرەکانی پێ لەناوچوون و بەو پێیە رەنگە ئەم زیندەوەرە بچووکە پێش 100ملیۆن ساڵدا ژیاوەو دابەشی 4 جۆری سەرەکی ببوون.

لەم بارەیەوە Smith دەڵێ:

"ئەسپێ بریتییە لە بەبەردبووەکی زیندوو و خۆی لە خۆیدا بریتییە لە ئەرشیفێکی زۆر گرنگی میژووی ژیان لەسەر رووی زەوی و دەکرێ نەوەک زیندەوەرێکی مشەخۆری رەزاقوپس بناسرێت، بەڵکو وەک هێمایەکی گرنگ لەسەر رێگای دۆزینەوەی پرۆسیسەکانی پەرەرسەندنی ژیان".

لەلایەکی دیکەوە (کێثن جۆنسۆن) لە زانکۆی (ئیلینۆی) کە لەگەڵ Smith دا بەشداری لێکۆڵینەوەی کردووە بە دووری نەزانیوە کەوا ئەسپییەکانی ئەو سەردەمە لە پێستی خودی دایناسۆرەکانیشدا وەک مشەخۆرێک ژیابن، بەڵام لەهەمان کاتدا دەبینین ئەمرۆ ئەسپێ لەسەر لەشی زۆربەی هەرە زۆری بڵندەکانی ئەم سەردەمەدا دەژین، با لە یادیش نەکەین کەوا بڵندەکانیش نەوەی دایناسۆرەکانی پێشوون.

تەقینەوەیەکی مەزن لەناوجەرگەی گەلەستێرەماندا رووید



پسپۆڕانی (تاقیگەی بۆشایی ئاسمانیی) سەربە زانکۆی (زانکۆی ئیرکووتسک) ی رووسیی لە رۆژهەلاتی (سایبیریا) رایانگەیاند کەوا تەقینەوەیەکی مەزن لەناوجەرگەی گەلەستێرەمان (ڕێی کاکێشان) دا رووید، بەشێوەیەک تاوەکو ئێستا تەقینەوەی ئاوا مەزن و بەهێز نەبینراوە بەڵام هیچ کاریگەرییەکی لەسەر زەوی نابێت.

پسپۆڕان دەڵێن، ئەو تەقینەوەیە بەر لە ملیۆنەها ساڵ پێش ئێستا رووید‌اوە و بەردەوامیش تەقینەوەی لەو ئەمەی دووایی بچووکتر لەو ناوچەیە - واتە ناوجەرگەی گەلەستێرەمان - رووەدات، کە بەشێکی هەرە زۆریان پەیوەستن بە پرۆسەکانی لەدایکبوونی ئەستێرە تازەکان، بەم واتایە، تەقینەوەی ئاوا بەهێز بێ گومان لە میژووی کۆندا رووید‌اوە، بەڵام وەکو ئەمەی ئێستا نەبینراوەو نەزانراوە، بێ ک لە داهاتووشدا رووەدەن وەک بەشێک لە پرۆسەکانی پەرەسەندنی گەلەستێرەمان کە تاوەکو ئێستا نزیکەی 400 ملیار ئەستێرە لەخۆ دەگرێت.

ئەم تەقینەوەیە کەوتۆتە ناوچەیەکی نزیک لە چەقی گەلەستێرەمان، بەڵام بە مەوداری نزیکەی 26000ساڵی رووناکی لێمانەوە دوورە و رۆژی دووشەمەی رابردوو 2019.12.16 لە رێگەی (تلسکۆپی زۆر گەورە -VERY LARGE TELESCOPE) واتە (VLT) ی ئەورپی بۆیەکەمجار بینراو پسپۆڕانی سەر بە (نووسینگەی رۆژنامەوانی) تایبەت بە (روانگەی فەلەکیی ئەورپی باشوور) کە دەکەوێتە وڵاتی (شیلی) لە (ئەمریکای باشوور) رایانگەیاند کەوا تلسکۆپەکەیان تەقینەوەیەکی زۆر مەزنی بینی لەناوجەرگەی گەلەستێرەمان کە پەیوەستە بە پرۆسێسەکانی لەدایکبوونی یەکێ لە ئەستێرە هەرە تازەکاندا.

هەڵگری میدالیای زێڕی شەترەنجزانێکی خاوەن پێداویستی تایبەت لە دیمانەیەکی (خەبات)دا

تران بیچ: وەک خاوەن پێداویستییەکی تایبەت شانازی دەکەم کە هەڵگری میدالیای زێڕی پاڵەوانێتی ئاسیام



دیمانە: هاوار مورتکەیی

شەترەنجیش وەک هەر یارییەکی دیکەی وەرزشی و بگرە زیاتریش دەرفەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەدات بۆ ئەوەی ئەم یارییە بکەن، یەکێ لەوانە خانمە شەترەنجزانی ولاتی ڤیتنام تران تی Tran Thi Bich Thuy کە یاریزانی هەڵبژاردەی ولاتەکەیەتی و خاوەنی میدالیای زێڕی ئاسیان، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دیمانەیەکی لەگەڵ ئەو خانمە شەترەنجزانە خاوەن پێداویستییە تایبەتە ئەنجامداوە.

لەگەڵ شەترەنج جیانابینەوە

تران کە لە ساڵی 1980 لە ڤیتنام لەدایک بووە و لەبارەی چۆنێتی ئاشنابوونی بە یاری شەترەنج گوتی: جارێکیان هاوڕێیەکم من بردە بنکەیەکی راهێنانی وەرزشی، لەوێ شەترەنج دەکرا، راهێنەرێک لەوێ بوو چەند زانیارییەکی لەبارەی شەترەنجەوە پێ گوتم، لەوکاتەوە حەزم چووە سەر ئەو یارییە و لەگەڵیدا بەردەوام بووم، کە بەشێوەیەک ئێستا لەیەکتری جیانابینەوە، لەبیرمە بەفەرمیش لە ساڵی 2005دەستم بەیاریکردن کرد.





خەونی من گراندماستەرە

دواتر ئەو حانمە شەترەنجزانەی هەڵبژاردەی ڤیتنام گوتی: زۆر بەختەوەربووم کە بۆیەکەمجار رەیتینگم وەرگرت، ئەمە زیاتر هانیدام بەردەوام بم، باشترین ئەنجامیش کە بەدەستم هێنابی ئەوەبوو لە لەوانێتی پاراگەیمی ئاسیا توانیم پلەی یەکەم و میدالیای زێڕ بەدەست بهێنم، بەمەش ناوم چووە سەر نەخشەی یاری شەترەنج، ئەمە بۆ من گەورەترین سەرمایە بوو لە ژیانم، ئەگەرچی ئەمە دوا خەونیشم نییە، بەڵام هەوڵی ئەوەدەدم کە نازناوەی گراندماستەری شەترەنجی ئافرەتان بەدەست بهێنم، رەنگە ئەمە بۆ من زۆر زەحمەت بێت.

لەشەترەنجدا وێنای کەسایەتی خۆت دەکەیت

لەکۆتاییدا تران خانمە شەترەنجزانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەبارەی خۆشەویستی بۆ ئەو یارییە و ئەوانەی دەستی گرتوون گوتی: شەترەنج کۆکراوەی چەندین وەرزشی دیکەیە، شەترەنج پێویستی بە تەندروستییەکی ساغ و هێزێک هەیە کە بەرگەی دانبەخوداگرتن و بیرکردنەوە بگرێت، هەروەها شەترەنج هونەرێکە هونەرە کە تیایدا زۆر لە جوانییەکان دەبینی و داهێنانی تێدایە، بەگشتی لەشەترەنجدا وێنای کەسایەتی خۆت دەکەیت، ژیانی خۆت لەو یارییەدا دەبینییەوە، لێرەوە بەپێویستی دەزانم سوپاسی هەریەک لە GM Bui Nguyen Van Huy،Vinh Quang Vu،Pham Xuan بکەم کە هاوکارم بوونە لە کاروانی وەرزشیم.

بارتی و نادال باشترینی تێنس بوون لە 2019





یەکێتی تێنسی نێودەوڵەتی خەڵاتێکی ساڵانەی بۆ ساڵی 2019 بۆ هەردوو تینسزان ئاشلی بارتی ئوسترالی و رافائیل نادالی ئیسپانی تەرخانکردووە ئەویش لە کۆتایی هاتنی وەرزی پێشەنگی جیهانی ئافرەتان و پیاوان.

بارتی کە لە ساڵی 2014 وازی لە تینس هینا و رووی کردە یاری کریکیت و دواتر سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ وەرزشی تینس و بووە یەکەمین ئوسترالی دوای مارکیتا 1973 توانی نازناوی پاڵەوانێتی کراوەی فەرەنسا بەدەست بهێنیت، ئەم یاریزانە سەبارەت بە دەستنیشانکردنی بۆ ئەو خەڵاتە خۆشحالی خۆی نیشاندا و رایگەیاند کە بۆ ئەمساڵ ئەمە شەرەفێکی گەورەیە خەڵاتی نیلی یەکیتی نێزدەوڵەتی پێ بەخشرێت، ئێستا من زۆر بەختەوەرم و ئەمەش وام لێدەکات بە تەشویقەوە دەست بە یارییەکانی 2020ەوە بکەم.

سەبارەت بە نادالیش ئەمە چوارەم جارە ئەم خەڵاتە بەدەست دەهێنێت، و دوای ئەوەی بۆ 12 جار توانی پاڵەوانێتی فەرەنسای کراوە بەدەست بهێنێت، ناوی لەلایەن یەکیتی نیودەوڵەتییەوە دەستنیشانکرا بۆ بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتە.

مارادۆنا: مێسی لای من سیمبولێکی گەورەیە



ئەفسانەی ئەرژەنتینی، دییگۆ مارادۆنا، رایگەیاند، ئەو هەرگیز دوژمندارییی لەگەڵ هاوڵاتی و کاپتنی بەرشلۆنەی ئیسپانیی، لیۆنێل مێسی نەکردووە و رەخنەشی لێنەگرتووە. مارادۆنا، لە لێدوانێکی بۆ تەلەفزیۆن گوتی: هەرگیز رووبەڕووی مێسی نەبوومەتەوە، مێسی لەلای من سیمبۆلێکی گەورەیە. لە بارەی رەخنەگرتنیش لە مێسی وتی: من ئەرژەنتینیم و رەخنەش لە مێسی ناگرم. سەیری لایەنە ئەرێنییەکە بکەن، ئێمە براەرین، بینیم دەگریا، دوای دۆڕانمان بە چوار گۆڵی خاوێن، لە قۆناغی چارەکی کۆتایی مۆندیالی ئەڵمانیا 2006. مارادۆنا لە بارەی ئەو ماوەیەی ماەدی هۆشبەری بەکارهێناوە وتی:بە گەنجەکان دەڵێم، نا بۆ ماەد هۆشبەرەکان، من لە ئەزموونی کۆنی خۆمەوە ئەو قسەیە دەکەم، ئەو دەمەی کۆکایینم دەکێشا، کەس نەبوو رێنماییم بکات و رێگەی راستم نیشان بدات، باکم بە هیچ نەبوو، وەکو مردووی زیندوو (زۆمبی)وا بووم، نەکەن تاقی بکەنەوە. باسی لەوەش کرد: زیاتر لە هەموو شتێک لە کێشانی کۆکایین پەشیمانم. مارادۆنای تەمەن 59 ساڵان، لەبارەی پەیوەندی بە سەرۆکی ولاتانەوە وتی: هەتا مردن پشتیوانی لە قلادیمیرپۆتین (سەرۆکی ڕووسیا) دەکەم، چونکە پشتیوانمانە، ئەو لە ڕووی هێزەوە، هاوشێوەی ڤیدل کاسترۆ (سەرۆکی پێشووی کوبا) و هۆگۆ شاڤێزی (سەرۆکی پێشووی ڤەنزوێلا)یە.

ڕەمزی میرەکانی

ڕۆنالدۆ

شوقەیەک بە 8ملیۆن دۆلار دەکڕێت



کریستیانۆ ڕۆنالدۆ ماوەیەکە خۆی بۆ ئەو قۆناغە ئامادەدەکات کە واز لەیاری دەهێنیت، یەکێک لەو ئامادەکاریانەشی کڕینی شوقەیەکە لە لشبۆنەی پایتەختی پورتوگال بە 8ملیۆن دۆلار. ڕۆژنامەی The Sunی بەریتانی ڕوونی کردەوە کە ئەو شوقەیەی ڕۆنالدۆ کڕیویەتی زۆر گەورەیە و ڕووبەرەکەی 3100پێ چوارگۆشە و دەکەوێتە گەرەکی ئەفینیدا دی لیبرداد، لە لشبۆنە و نزیک ماڵەکەی خۆیەتی کە پێشتر لێی ژیابوو.

میدیاکانی پورتوگال کڕینی ئەو شوقەیان بۆ ئەوەگێڕایەوە کە ڕۆنالدۆی تەمەن 34ساڵ دەیەوێت دوای وازهێنانی بگەڕێتەوەوە ئەو شوێنەی کە بەمندالی لێی گەورە بووە، بەڵام هەندێک پێیان وایە کە ئەو یاریزانە ماوەکە رکابەری دوو لە گەورە دەوڵەمەندەکانی پورتوگال دەکات و خەریکی کاری بازرگانییە.

دوای 40 ساڵ لە قەدەغەکردن

ئێران بەفەرمی ڕێگا بە ئافرەتان دەدات لە یارییەکانی خولی وڵاتەکەیان ئامادەبن

پێرێ هەوڵەکان بڵاویانکردەوە کە یەکێتی تۆپی پێی ئێران بەنوسراوی فەرمی بەڵێنی بە یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتیدا داوە کە ڕێگا بە ئافرەتان دەدات لە یارییەکانی خولی تۆپی پێی وڵاتەکەیان ئامادەبن.

دوای 40 ساڵ بۆ یەکەمینجار دەسەڵاتدارانی ئێران لە ئۆکتۆبەری ڕابردوو شوێنێکیان لەناو یاریگای ئازادی تایبەت کرد بۆ ئامادەبوونی ئافرەتان لە یارییەکەیان بەرامبەر هەڵبژاردەی کەمبۆدیا، کە لە دوای ساڵی 1979ەوە ڕێگە نەدەدرا ئافرەتانی ئێران لە چالاکییە وەرزشییەکاندا وەک هاندەر ئامادەبن، جگە لەهەندێ بۆنەی بچوک نەبێت ئەویش بەچاودێرییەکەی چڕەوە.

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتیش لە وەڵامی ئەمەدا خۆشحالی خۆی بۆ ئەم هەنگاوە نیشانداوە و ڕایگەیاندووە کە شاندێک دەنێرێتە ئێران تا لەنزیکەوە لە ئامادەبوونی ئافرەتان لە خولەکانی ئەو وڵاتە دڵنیابن.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگاداریەکان:
0750 588 1616


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon.23. Dec. 2019 No: (5898)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی
هەموو دووشەمەیەک دەینووسێت

ئەی نەوت
وا زستان میوانە، چاوم پێت نەکەوت
کوێراییم داهات
ئەژنۆم شل بوو، چاوەڕێم کردی
هەر رانەبردی

***

ئەی نەوت
خێرە وا تۆراوی
تۆش لەبەختی فەقیران
بەسەد نەوع گۆڕاوی

***

ئەی نەوت
دەبەبە و بەرمیل و جلکیان
هەموو بەریز راوەستان
هانایان بردە بەر ئاسمان

***

ئەی نەوت
وا زریان و کڕێوەیە
بەفرانبار بەڕێوەیە
جەستەم نوقمی شڵێوەیە

***

ئەی نەوت
خوا سەبەبکارت بگری
وەرامی چییە ڕۆژی قەبری

***

ئەی نەوت
(داخوا ئەو ڕۆژە دێتەوە)
(وەک جارانت لێ بێتەوە)
سۆبان دابگیرسێنین
بڕێشکەو بەڕووان ببڕژێنین

وەفا هیدایەت: پێشمەرگە مایەی شانازیمن بە بەهاترین هێزن کە هەموو جیهان شانازیان پێدەکات



دیمانە: وریشە عومەر

وەفا هیدایەت لەدایکبووی ساڵی 1982، دانیشتووی شاری هەولێر، هەر لەمنداڵیەوە خولیای میوزیکی هەبووە، وەک خۆی دەڵێت هەستمکردووە زۆر لەڕوحمەوە نزیکەو ئارامی پێبەخشیوم ئەم خاتوونە لەم دیمانەیەدا ئاوا بۆ(خەبات) دوا:

کەی وچۆن دەستتکرد بە ژەنین؟

دەستپێکم بۆ کۆتایی هەشتاکان دەگەڕێتەوە ئەوکات زۆر بچووک بووم نەچووبوومە بەرخوێندن زۆر بە ئەسپایی دەستم بە ژەنین ئەکرد سەرم دەکردە سەر کاسەکە، بۆ ئەوەی تەنها خۆم گوێم لێی بێت بەحوکمی ئەوەی ئەوکات ئاڵەت کەم هەبوو لای براکەشم زۆر خۆشەویست بوو نەیئەدایە دەستم.

بە کێ سەرسامیت لە ژەنیارەکان دەتەوێت بە ئاستی کێ بگەیت؟

لە ڕابردوودا یادیان بەخێر زۆر ژەنیاری باشمان هەبووەو ئێستاش هەمانە کاری باش ئەکەن بەڵێ کاریان تێکردووم ،بەڵام نەمویستووە خۆم بە کەسیانەوە گرێبدەمەوە حەزمکردووە ڕێچکەیەکی جیاوازم هەبێ.

دەتەوێت لەڕێی ژەنینی ساز چی پەیامێک بگەیەنیت؟

جوانی و ئاسوودەیی خزمەت بە ڕوحەکان، من پێموایە باشترین دواندن بووە بۆ بەرامبەرەکەم و سنووربەزێنە لە ئاست نەتەوەکان زمانێکی جەستەییە خێراترین پەیام دەگەیەنێ بۆ مرۆڤەکان.

زەحمەت نییە بڕێک ژەنیاری ساز بیت؟ یان لە بواری هونەری کار بکەیت؟

ئاستەنگی زۆرە هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە هەتا ئێستا چەندین دەرفەتم بۆ ڕەخساوە لە توانامدا نەبووە هونەرەکەم بەوەی دەمەوێت بگەیەنم، بەڵام هەر بەردەوامم بە ڕاستی ئومێدێکی پتەوم هەیە بۆ پێشکەوتن.

دەتەوێت چی جیاواز بکەیت،لە ئاهرەتانی پێش خۆت لە بواری هونەردا ؟

باشترین خزمەتیان پێمانگەیاندووە،خۆم نە بەگەورە و نە بچووکیان ئەزانم ئاواتم زۆرە بڕۆم هونەر هیچکات سنوورم دانەناوە هەتا بتوانم بەردەوام دەبم دەمەوێت هەم ژەنیار بم هەمیش ئاواز دانەر.

سازلای تۆچی دەگەیەنێت؟ جگە لە ئامێری دەف چی ئامێریکی دیکە دەژەنیت؟

هیواوپێشکەوتن وخزمەتکردن و هێوورکەردەوەی گیان و ئاسوودە بەخشە وەک منداڵێکی بێتاوان وایە لای من بێجگە لە ساز، تار، عود ، سایزەرو ڕتمیش ئەژەنم.

مەرجە عازف لە هەموو ئالیەتەکان شارەزابێت؟

نەخێر من پێموایە باشترە شارەزابیت چونکە هەر ئالەتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە مەرجەکەشی ئەوەیە ژەنیار هەقی تەواو بدات بە ئالەتەکە

وەکو لاوێک خەون بە چیپەوە دەبینیت؟

لە داهاتوودا بتوانم ئەو شارەزاییەی هەمە لە بوارەکەمدا بیکەم بە ئارستەیەکی جوان خزمەتی گەلەکەمی پێبکەم.

خۆت بە قەرزاری کێ دەزانیت؟

هاوسەرەکەم گەورەترین پاڵپشتم بووە لە دوای ئەویش هاوڕێیان و ئەزیزانم، خۆم بە قەرزاری هەموویان ئەزانم.

شەهیدان و پێشمەرگە لە کوێی خەونی داهاتووی تۆدان؟

لە دوای دیانەت پیرۆزترین شت لای من پێشمەرگەو شەهیدانن، ئومێدەوارم هەرگیز لە یاد نەکرێن و خزمەتی کەس وکارەکانیان بکرێت . پێشمەرگە لەڕابردوو لە ئێستاش و داهاتوودا مایەی شانازین بە بەهاترین هێزن کە نەک خۆمان بەڵکو هەموو جیهان

سەرسامن بە ئازیەتییان ئێمە هەتا سەرۆکیشمان پێشمەرگەیە ئاسان نییە هەموو گەلێک ئەو شانازیەی هەبێت.

حەز دەکەیت کاری هونەری بۆ کێ بکەیت؟

زۆر هونەرمەندی مەزنمان هەیە هەر یەک لەوانە بە ژەنینەکەم ڕازیبوونایە، مایەی خۆشبەختی منە بتوانم ئەگەر بۆ کەمێکیش بێ خزمەتیان بکەم، هیوادارم هەر کەسەو بەپێی توانای خۆی دریخی نەکات لەخزمەتکردن و ئاوڕێک لە هونەرمەندانی خانەنشین و بەردەوامەکانیش بدرێتەوە ڕێزو خۆشەویستیم بۆ هەموو کوردێک.



چای بێ شەکر بخۆنەوە

توانا زرار: چا خواردنەوە و خواردنەوەی چا لەدێر زەمانەوە بووە بەشێک لە کلتووری ژیانی زۆرێک لە گەلانی جیهان مێژوویەکی دێرینی هەیە.بەشێکی زۆر لەو کەسانەی چا دەخۆنەوە، چاکە شیرین و پڕ شەکر نەبێت ناتوانن بیخۆنەوە ئەگە چاکە تەواو شیرین نەبێت ناتوانن بیخۆنەوە.کە ئەمەش زیانێکی زۆری بۆ تەندروستی مرۆڤ هەیە.تۆێژینەوە زانستییەکان لەبارەی زیانەکانی شەکرەوە سەباردت بەبەشێک لەو کەسانەی چا دەخۆنەوە، ڕێژەی شەکر کردنە ناو چایان کەمکردووەتەوە. ئەوەیان دەرخستووە کە خواردنەوەی چا بە تاڵی چەندین سوودی تەندروستی بۆ مرۆڤ هەیە.چای تاڵ ڕێژەی شەکری ناو خوێن کەمدەکاتەوە هەروەها ڕێگری لە بەرزبوونەوەی کۆلسترۆڵی ناو خوێن دەکات و دژە ئۆکسانی جیاجیای تێدایە و چەندین مادەی تێدایە کە دەبنە هۆی لەناوبردنی بەکتریای زیانبەخش لە دەم و گەدەی مرۆڤدا.هەروەها پارێزگاری لە ئێسکی مرۆڤ دەکات و بەهێزیان دەکات. مرۆڤ لە تێکچوونی گەدە و قەبزی و ڕەوانی ڕزگار دەکات.پارێزگاری لە ترشەلۆکی گەدە دەکات و چالاکی و کاریگەری قایرۆسی ئەنفلۆنزا سنووردار دەکات.هەروەها چای بێ شەکر یارمەتی خوێنبەر و خوێنهێنەرەکان دەدات و جولەی خوێن ئاسان دەکات و کێشی لەشت دادەبەزێنێت و دەم و چاوت جوان دەکات.



عوسمان میرەویس گۆرانی بۆ «کچە جاف» دەڵێت



هەمزە سەرحان

هونەرمەندی لاو عوسمان میرەویس، نوێترین کلیپی بەرهەمە نوێیەکەی بلاو دەکاتەوە و ناوی بەرهەمەکەی "کچە جاف"ە. عوسمان میرەویس، هونەرمەندی دەڤەری گەرمیان لە هەژماری تایبەتی خۆی کورتەیەک لە کلیپە نوێیەکەی بلاوکردوەتەوە و دەڵێت "ئەم بەرهەمە نوێیە ئاوازو هونەری فۆلکۆرە، پێشتر هونەرمەند موراد سەکینە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەرهەمەکەی وتوە". ئاماژەی بەوەشکرد، کلیپە نوێیەکەی بەناوی "کچە جاف" لەگەڵ گروپی مۆسیقای لوڕ کارەکانی بۆ ئەنجامدراوە و کاری مۆسیقای لەلایەن نزار زێوییەوە کراوە، ئارام حەسەن-یش کاری دەرهێنانی بۆ کردوە.میرەویس راشیگەیاند "کلیپەکە لە گەرمیان و بناری بەمۆ و قەراداغ کاری وێنە گرتنی بۆ کراوە و شەوی یەڵدا 21ی ئەم مانگە کلیپەکە بلاو دەبێتەوە".ڕونیشیکردەوە "پێش ئەم بەرهەمە کلیپی سەلە-ی بلاو کردوەتەوە و لە ئێستادا " کچە جاف" دواین بەرهەمیەتی کە بڕیارە بلاوبیکاتەوە.عوسمان میرەویس، هونەرمەندێکی گەنجی خەڵکی گەرمیانە و نزیکە 15 ساڵە بە کاری هونەرییەوە سەرقاڵە

ئاسیاوی قازی لە شاری کفری

خەبات سەربەست برزۆ

کفری یەکێکە لە شارە دێرینەکانی کوردستان ، دەڵێن مێژووەکەی بۆ پێش زایین دەگەڕێتەوە و لە پێشدا شۆێنی ئەم شارە لە ئاسکی کفری بووە ، ئاسکی کفری وشەیەکی تورکمانیە بەواتای کفری کۆن دێت ، ئاسکی کفری حەوت کیلۆ مەتر دەکەوێتە خۆرئاوای کفری ئێستاوە .

بۆ ناوی شاری کفرییش چەندین ڕای جیاواز هەیە ، ئەوە بەڕاستتر دەزانرێت کە ناوی کفری لەوەوە هاتووە کە ناوچەکە و شوێنی ئێستای کفری جەنگەڵ بووە ، داری گەز (کفر) ی تیا ڕواوە .

کفری خاوەنی دەیان ئاسەوار و شوێنەوار و شوێنی فۆلکلۆرییە ، نمونەی ئاسایاوەکان کە هەندێکیان لەمبەر و ئەوبەری چەمی کفری دروستکرابون و هەندێک لەو ئاسیاوانە مێژووەکەیان بۆ زیاتر لە دوو سەدە دەگەڕێتەوە ، ئاسیاوەکانی دوێنێی کفری بریتی بون لە ئاسیاوی قازی ، ئاسیاوی نوری حەسەن ، ئاسیاوی براهیم وەستا محاو ، ئاسیاوی نووری موبارەک ... هتد ، کە بەداخەوە هەندێک لەو ئاسیاوانە لەناوچوون .حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوو هەندێک لەو ئاسیاوانەی کفریی نۆژەن کردەوە نمونەی ئاسیاوی قازی کە لە ساڵی **1863** لەسەردەمی دەسەلاتی عوسمانیدا دروست کراوە ، دەکەوێتە باکووری شارەکەوە نزیک گۆڕستانی باوە شاسوار .ئاسیاوی قازی مناریەکی تێدایە کە ڕەنگە بۆ دەرکردنی دووکەڵ و تەپوتۆز لە ئاسیاوەکە دروست کراوە ، هەروەها دوو ژووری تێدایە کە یەکێکیان بۆ هاریینی گەنم و جۆ و دانەوێڵەیە ، دووەمیشیان بۆ کۆگا و بەردەست . هتد